



# چەند لە بەرواری ئەنجامدانی ریفراندۆم نزیک بینەوە هەولێر زیاتر دەبێتە ناوەندی دیپلۆماتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی

**دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەک نابێتە هەڕەشە و پشتگوێخستنی شەڕی دژی داعش وەک ئەولەوییەتی کوردستان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەڵکو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە نەخشەی رێگا بۆ لە ریشە هەڵکێشانی فیکری توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی (سونە و شیعە) لەسەرتاسەری ناوچەکەو گێڕانەوەی هاوسەنگی و سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**سەردانی رۆژانەی شاندە باڵاکانی ئەمریکا و فەرەنسا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بۆ هەولێر، ئەو پەیامە بە راشکاوانە بەخەڵکی کوردستان دەدەن، کە بە ئازادی لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو بڕیاری یەکجارەکی خۆتان بدەن و هەموو جیهانیش رێز لە بڕیاری گەلی کوردستان دەگرێت و پشتیوانی لێ دەکات**

مامەڵەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، لە مامەڵەی هاوپەیمانیی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقی ٢٠٠٣ دەچێت لەگەڵ تورکیا و ئیسپانیا، ئەوکات پەرلەمانی تورکیا دژی ئەوە بوو کە دەوڵەتەکەی ببێتە ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە و بەرەی شەڕی باکوور لە تورکیا بۆ ئازادکردنی عێراق بکرێتەوە، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی ئیسپانیاشدا کە بە ماوەیەکی کەم دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ئەنجام درا، حزبی رکابەری حزبی دەسەڵات بەڵێنی بە ئیسپانییەکان دا، ئەگەر هەڵبژاردن بەرنەوە، هێزەکانی ئیسپانیا لە عێراق دەکێشێتەوە، هەر واش دەرچوو، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان و دەرچوونی حزبی رکابەر، ئەوە بوو هێزەکانی ئیسپانیا لە عێراق کشانەوە، بەرامبەر ئەو دوو هەڵوێستەی گەلی تورکیا و ئیسپانیا، ئەمریکا کە سەرۆکایەتی هاوپەیمانیی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراقی دەکرد، لەسەر زاری سەرۆك جۆرج دبلیو بوش-ەوە بەو جۆرە وەڵامدرانەوە کە ئەوان رێز لە بڕیاری گەلی تورکیاو ئیسپانیا دەگرن و ئەوەش هیچ کاریگەرییەك لەسەر پەیوەندییەکانی ئیسپانیا و تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆ دروست ناکات.

بێگومان دەنگدانی پەرلەمانی تورکیا دژی ئەوەی دەوڵەتەکەی ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق، نەك هەر بەدڵی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو هەڵوێستی ئەمریکای لەو ئۆپەراسیۆنەدا بە جۆرێك ئیحراج کرد کە پشت بە هاوپەیمانیی هەرێمی کوردستان ببەستێت و بەرەی شەڕی باکوور لە کوردستانەوە بکاتەوە، هەروەها کشانەوەی هێزەکانی ئیسپانیاش لە کاتێکدا بوو کە تازە تیرۆریستانی قاعیدە خۆیان رێکخستبووەوە و بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە بەغدا تەقاندبووەوە و محەمەد باقر حەکیم (سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق)دا تیرۆر کرابوو، بە مانایەکی دیکە ئەمریکا زۆر پێویستی بە هێزەکانی ئیسپانیا هەبوو بۆ ئەوەی لە عێراقدا بمێننەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی ئیسپانیا بڕیاری دابوو، ئەمریکا هیچ هەڵوێستێکی نەرێنی نە بەرامبەر تورکیا و نە بەرامبەر ئیسپانیا وەرنەگرت.

بۆ ئێستای کوردستانیش کە بڕیارە لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەگەر وەك چاودێرێکی بێلایەن سەیری زمانی دیپلۆماتیی ریکس تیلێرسۆن (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا) بکەین، کە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی کوردستان قسەی پێکردووە، هەست دەکەین زمانی دیپلۆماتیەتی ئەمریکا دیالۆگە لەگەڵ دەوڵەتێکی هاوپەیمان، نەك هاوپەیمانێکی لۆکاڵی لە ناو دەوڵەتێکدا کە خۆیان بە (Local Partner) ناوی دەبەن، هەر بۆیە کاتێك ریکس تیلێرسۆن بەو زمانە بە سەرۆکی کوردستان دەڵێت: «ئێمە پێمان باشە ریفراندۆم لەم کاتەدا ئەنجام نەدرێت.» ئەمە لە زمانی دیپلۆماتیەتی دەوڵەتانی دیموکراتی بەگشتی و دیپلۆماتیەتی ئەمریکا بەتایبەتی، ئەو مانایە دەگەیەنێت، هەتا ئەگەر ئێمەش وەك ئەمریکا ئەنجامدانی ریفراندۆممان لەم کاتە پێ باش نەبێت، ئەوا ئەگەر گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، ئێمە وەك گەل و حکومەتی ئەمریکا رێز لە بڕیاری گەلی کوردستان دەگرین. دیارە ئیدارەی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ و ئەو ستافەی ترامپ بۆ ئەم ئیدارەیە دەستنیشانی کردوون، جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئیدارەکانی پێش خۆی هەیە و لەو کاتەوەی ئەم ئیدارەیە دەست بەکار بووە، بێجگە لە سعودیە و ئیسرائیل، تەنیا لەگەڵ کوردستان (کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و دانپێدانراو نییە) بەو زمانە دیپلۆماتییە نەرمە قسەی کردووە.

کاردانەوەی زمانی دیپلۆماتیی تیلێرسۆن لەگەڵ سەرۆکی کوردستان، لە تێگەیشتنی نەتەوەیە یەکگرتووەکاندا لەسەر پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان زوو رەنگیدایەوە و هەر دوای ئەم گفتۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، ئەوان نەیانگوتووە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان یاسایی نییە، ئەم پەیامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رووی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە



کە دەوڵەتی ئەمری واقیع ئەو مافەی هەیە بڕیاری ریفراندۆم بدات و بڕیارەکەشی لە چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتیدا وەك بڕیارێکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

پێگە و شکۆی کوردستان راشکاوانەتر لە سەردانی جیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا و شاندە باڵاکەی یاوەری زیاتر رەنگی دایەوە، بەتایبەتی کە تەوەرێکی سەرەکیی کۆبوونەوەکانی وەزیری بەرگری ئەمریکا و سەرۆکی کوردستان، باسکردنی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان بووە لەکاتی خۆیدا، بۆ ئەمەش وەك سەربەست لەزگین جێگری وەزیری پێشمەرگە و یەکێك لە ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە لە دیمانەیەکدا بە گوڵانی راگەیاند، کە سەرۆك بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ جێگری سەرۆکی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی کوردستانیش، راشکاوانە بە وەزیری بەرگری ئەمریکا و شاندە یاوەرەکەیان راگەیاندووە، ریفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانەو لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت و تەنیا کاتێك قسە لەسەر دواخستنی ئەم پرۆسەیە دەکرێت کە گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی بدرێتە کوردستان و چەندین دەوڵەت ببنە ناوبژیوان لە نێوان عێراق و کوردستاندا، ئەو کات باس لەوە دەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پرسی ریفراندۆم دوابخرێت. لەبەرامبەردا جیمس ماتیس سەرۆکی شاندی ئەمریکا بۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی کوردستان، تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم بڕیارەی گەلی کوردستان پیشانداوە و داوای ئەوەی کردووە، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم کاریگەری لەسەر شەڕی دژی داعش نەبێت، کە ئێستا ئەولەوییەتی کوردستان و ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعشیشە.

دیارە هەڵوێستی تورکیا بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەتایبەتی، بایەخێکی زێدەگرنگی لای ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هەیە، بەتایبەتی کە تورکیا جیا لەوەی دەوڵەتێکی گرنگی گەورەی هاوپەیمانی ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەندامێکی دێرینی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسیشە، لە هەمانکاتدا ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشیشە، بۆیە کاتێك وەزیری دەرەوەی تورکیا لە بەغداوە سەردانی کوردستان دەکات

**دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ئامانجی سەرکەوتنی شەڕێکی جیهانی کە ٦٨ دەوڵەت ئەندامی ئەو هاوپەیمانییەن و ئەگەر پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەکەن، ئەوا جیا لەوەی شەڕی دژی داعش و رادیکاڵیزمی ئیسلامی دەدۆڕێنن، لە هەمانکاتدا مەیدانی سەرەکیی کارە تیرۆریستییەکانی داعش و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەش بەتەواوەتی دەگوازرێتەوە بۆ رۆژئاواو و رۆژ لەدوای رۆژیش ئەو فیکرە توندڕۆیی و تیرۆریستییە بە هاوشێوەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی گەشەدەکات و بەها و کەلتووری رۆژئاوا دەخاتە مەترسییەوە**

**ئەگەر هەڵوێستی تورکیا لەسەر پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی تەنیا بەوە دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکات کە بڵێت، بڕیارێکی دروست نییە، یان کاتی ئەم بڕیارە نییە، ئەمە مانای ئەوەیە تورکیا، ئەگەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەوڵەتە بە بڕیاری گەلی کوردستان دامەزرا، ئەوا تورکیا وەک ئەمری واقیع مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات**

و راستەوخۆ راشکاوانە گفتوگۆ لەسەر پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەگەڵ سەرۆکی کوردستان دەکات و پاشانیش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایدەگەیەنێت، ئەنجامدانی ریفراندۆم نابێتە هۆکاری ئەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ کوردستان بپچڕێت، یان سنوور دابخەین، ئەمە خوێندنەوەیەکی وردی دەوێت و دەبێت بزانین ئەگەر هەڵوێستی تورکیا لەسەر پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتبیتە ئەو ئاستەی تەنیا بەوە دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکات کە بڵێت، بریارێکی دروست نییە، یان کاتی ئەم بڕیارە نییە، ئەمە مانای ئەوەیە تورکیا، ئەگەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەوڵەتە بە بڕیاری گەلی کوردستان دامەزرا، ئەوا تورکیا وەك ئەمری واقیع مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات، لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە پێگەی پارتی دادو گەشەپێدان کە ئێستا لە دەسەڵاتدایە لە تورکیا، لەدوای کودەتاکەی ١٥ی تەمووزی ٢٠١٦ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو لە هەندێك پرسدا وەك لە ریفراندۆمەکەی هەموارکردنی دەستووری تورکیا لە نیسانی ٢٠١٧ بینیمان بە ریژەی ٥١٪ سەرکەتوو بوو، بەتەنیا مابووەوە، ئەوجا بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان کە جەهەپە وەك پارتێکی کەمالیستی و مەهەپە وەك پارتێکی ناسیۆنالیستی تورکی کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن، ئەوا پارتی داد و گەشەپێدان لەمە زیاتری بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستانی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

فەڕەنسا کە بە جیاوازیی سەرۆکەکانیەوە لە فرانسۆ میتران-ەوە تا دەگاتە ماکرۆن، وەك دەوڵەتێکی گەورەی جیهان پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە، لە سەردانی وەزیری بەرگری و دەرەوەی فەڕەنسا بۆ کوردستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی کوردستان، جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندەوە کە فەرەنسا نەك هەر لەچوارچێوەی پشتگیری هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش، پشتیوانیی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵکو لە رووی دیپلۆماتیشەوە پشتگیریی کوردستان دەکات و رێز لە بڕیاری خەڵکی کوردستان دەگرێت، دیارە سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی رووسیاش وەك لە دیمانەکەی لەگەڵ کەناڵی رووداو بینیمان، نەك هەر پشتگیری بۆ ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان دەربڕی، بەڵکو ئامادەباشی وڵاتەکەشی پیشاندا بۆ ئەوەی هاوکاری کوردستان و عێراق بکات تا بە دیالۆگ و رێگەچارەی ئاشتییانە بگەنە رێککەوتنێکی هاوسەنگ.

لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستی ئەمریکا رەنگدانەوەی دەوڵەتانی ئینگلیزی زمانە وەك (بەریتانیا و کەنداو ئوستراليا) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانییش راشکاوانە لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق باسکراوە، لەمەش زیاتر پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەگەڵ باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا و باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق کراوە، ئاکامی هەموو ئەم دیدار و چاوپێکەوتنانەش بەو جۆرە بووە کە لە چوارچێوەی نەریتی دیپلۆماتییەت و رێزگرتن لە ئیرادە و بڕیاری گەلی کوردستان قسەی جددی لەبارەوە کراوە و رێز لەو بڕیارەی گەلی کوردستان گیراوە کە لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو ریفراندۆم ئەنجامدەدات.

لێرەوە ئەگەر پێگەی کوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش وەك خۆی هەڵبسەنگێنین، یان لە چوارچێوەی ئامانجی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، گرنگی و بایەخی دەوڵەتی کوردستان هەڵبسەنگێنین، ئەوا جیا لەو گەواهییەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەیدەن، بەوەی ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبووایە، شەڕی دژی داعش بەمجۆرە سەرکەوتوو نەدەبوو، لە هەمانکاتدا ئەگەر کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوا ئەو ئامانجەی شەڕی دژی داعش نایەتەدی کە سەرۆك ترەمپ بە لە ریشە هەڵکێشانی توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی ناوی بردووە، ئەمەش راشکاوانە واتە توندڕۆیی ئیسلامی لە هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە پێکەوە .

لەوانەیە هەبن سەبارەت بە ئامانجی دووەمی شەڕی دژی داعش کە لە ریشە هەڵکێشانی توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامییە، ئەو پرسیارە

بکەن، ئەگەر هێزی پێشمەرگە لەسەر زەوی ئەو هێزە بوویێت کە ئەفسانەی داعش تێکبشکێنێت، ئایا نهێنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆ لە ریشە هەڵکێشانی توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی (سوننە و شیعە) لە چیدایە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: دیاردەی ئەنتی ئەمریکا و رۆژئاوا، دیاردەیەکی باو و توندی گەلانی عەرەبی و ئیسلامییە لە ناو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، ئەمریکا و رۆژئاوا وەك شەیتانی گەورە سەیر دەکرێت و تەنانەت ئەم دیاردەیە لەنێو گەلانی دەوڵەتانی وەك (میسر، ئەردەن، سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو و ئێران و عێراق و تورکیاش) لە لوتکەدایە. تورکیا کاتێك داوای رادەستکردنەوەی فەتحوڵا گولەن لە ئەمریکا دەکات، راشکاوانە ئەو پەیامە بە گوێی بەرپرسانی ئەمریکیدا دەدات کە خۆتان دەزانن ئاستی هەستی ئەنتی ئەمریکا لەناو رای گشتی تورکیا چەند بەرزە، بۆیە گولەن-مان رادەست بکەنەوە، بۆ ئەوەی کێرڤی ئەنتی ئەمریکا بێتەخوارەوە، هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بەهێزبوونی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە دەگەڕێتەوە بۆ ناردنی هێزی ئەمریکا بۆ سعودیە لە پرۆسەی ئازادکردنی کوەیت لەساڵی ١٩٩١، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا بەو ئاستە بەرزەش لەگەڵ حکومەتی سعودیە هاوپەیمان بێت، ئەوا هەستی ئەنتی ئەمریکا لە سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی بەو ئاستە بەرزە کە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لێبکەوێتەوە، ئەو کارەساتەش هێندە کاریگەر بوو کە بیرمەندانی ئەمریکا ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن (بۆچی رقتان لێمانە؟) ئەم پرسیارە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەمریکییەکان سەرسام بوون لەو رقەی کە لەناو چەند دەوڵەتێکەوە دروست دەبێت کە بە نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا لەقەڵەم دەدەرێن.

بۆ ئێستای دوای گەرمەی شەڕی دژی داعش و کۆتایی شەڕی دژی داعش، بێجگە لە کوردستان لەناو هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەمریکا و رۆژئاوا شوێنێك شك نابەن کە گەل و دەوڵەتەکەی خۆی بە هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا بزانێت، لەمەش زیاتر وەك لە راپۆرتی میونخی ٢٠١٧ بۆ ئاسایشی جیهان راشکاوانە ئاماژەی پێکراوە، ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو قۆناخی پۆست رۆژئاوا دەچێت و ئەمریکا و رۆژئاوا دەستەوەستان بوون لە ئاستی کێشەو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و هیچیان پێ ناکرێت، بۆیە لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەی کە دەرهاویشتەی فیکری توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی (شیعەو سوننە) دروستی کردووە، دەوڵەتی کوردستان تەنیا جوگرافیا و پێگەیە کە جارێکی دیکە رۆژئاواو ئەمریکا بتوانن، پێگەی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕنەوە، ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ئامانجی سەرکەوتنی شەڕێکی جیهانی کە ٦٨ دەوڵەت ئەندامی ئەو هاوپەیمانییەن و ئەگەر پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەکەن، ئەوا جیا لەوەی شەڕی دژی داعش و رادیکاڵیزمی ئیسلامی دەدۆڕێنن، لە هەمانکاتدا مەیدانی سەرەکیی کارە تیرۆریستییەکانی داعش و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەش بەتەواوەتی دەگوازرێتەوە بۆ رۆژئاواو و رۆژ لەدوای رۆژیش ئەو فیکرە توندڕۆیی و تیرۆریستییە بە هاوشێوەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی گەشەدەکات و بەها و کەلتووری رۆژئاوا دەخاتە مەترسییەوە.

ئەم واقیعە و سەردانی رۆژانەی شاندە باڵاکانی ئەمریکا و فەرەنسا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتیی دژی داعش بۆ هەولێر، ئەو پەیامە بە راشکاوانە بەخەڵکی کوردستان دەدەن، کە بە ئازادی لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو بڕیاری یەکجارەکی خۆتان بدەن و هەموو جیهانیش رێز لە بڕیاری گەلی کوردستان دەگرێت و پشتیوانی لێ دەکات، لەمەش زیاتر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەك نابێتە هەڕەشە و پشتگوێخستنی شەڕی دژی داعش وەك ئەولەوییەتی کوردستان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەڵکو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە نەخشەی رێگا بۆ لە ریشە هەڵکێشانی فیکری توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی (سونە و شیعە) لەسەرتاسەری ناوچەکەو گێڕانەوەی هاوسەنگی و سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**بۆ ئێستای دوای گەرمەی شەڕی دژی داعش و کۆتایی شەڕی دژی داعش، بێجگە لە کوردستان لەناو هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەمریکا و رۆژئاوا شوێنێک شک نابەن کە گەل و دەوڵەتەکەی خۆی بە هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا بزانێت**

**لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەی کە دەرهاویشتەی فیکری توندڕۆیی رادیکاڵیزمی ئیسلامی (شیعەو سوننە) دروستی کردووە، دەوڵەتی کوردستان تەنیا جوگرافیا و پێگەیە کە جارێکی دیکە رۆژئاواو ئەمریکا بتوانن، پێگەی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕنەوە**

**لە سەردانی وەزیری بەرگری و دەرەوەی فەڕەنسا بۆ کوردستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی کوردستان، جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندەوە کە فەرەنسا نەک هەر لەچوارچێوەی پشتگیری هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش، پشتیوانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵکو لە رووی دیپلۆماتیشەوە پشتگیریی کوردستان دەکات و رێز لە بڕیاری خەڵکی کوردستان دەگرێت**



سەربەست لەزگین بریکاری وەزیری پێشمەرگە بۆگوڵان:

# هاوکاری و هەماهەنگیی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی پرسێکەوە کە لە بنەڕەتدا پرسێکی دیموکراتییە

# سەرۆک بارزانی بە شاندی ئەمریکای ڕاگەیاند ریفراندۆم لەکاتی خۆی ئەنجام دەدەرێت یان دەبێت گەرەنتی نێودەوڵەتی بە کوردستان بدرێت

**ئاشکرایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لە شەڕی دژ بە داعشدا، ئەمەش وایکرد هەرێمی کوردستان ببێتە چەقی قورسایی لەم شەڕەداو بووە هۆی ئەوەش هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ئەم ڕۆڵەی پێشمەرگە بەرز بنرخێنن و بە چاوی ڕێزەوە لێی بڕوانن. ئێستاش دوای ئەوەی داعش لە لێواری تێکشکاندایە و دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بێ ئومێد بووە لەوەی حکومەتی عێراق خواست و ویستی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت، بڕیاری دا کە تاکە ڕێگاچارە بریتییە لە هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کە هەموو ئەم پەرەسەندنانە بوونە هۆی ئەوەی وڵاتانی گەورەی جیهان بایەخ بەم پرسە بدەن، دیارترینیان سەردانی وەزیری بەرگری ئەمریکا- ژەنەڕاڵ جەیمس ماتیس- بە یاوەری -برێت مەکگۆرك- نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بوو بۆ کوردستان. ئەمانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ سەربەست لەزگین بریکاری وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەردانی جیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا و بریت ماکگۆرك نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش و کۆبوونەویان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە ئەم سەردانە هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی؛ دەکرێت بزانین لەو کۆبوونەویە باسی چی کرا؟**

- لە راستیدا ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە زۆر زۆر گرنگ بوو، ئەوە یەکەمجارە وەزیری بەرگری ئەمریکا لە ئیدارەی نوێی ئەو وڵاتە سەردانی کوردستان دەکات، کە شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواتر لەلایەن خودی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی پێشوازییان لێکراو کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا کە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر درێژەی کێشا. جیمس ماتیس وەزیری بەرگری و بریت ماکگۆرك نوێنەری -نێردراوی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش- و شاندێکی دیکە کە پێکهاتبوون لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر و چەند ئەفسەرێکی باڵای سوپای ئەمریکا لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون کە لەماوەی ئەو دوو کاتژمێرەدا، بیروبۆچوونیان دەربارەی پرسە هەنووکەییەکانی کوردستان و عێراق و سووریاو ئەفغانستان و ناوچەکە بەگشتی ئاڵوویر کرد. لایەنی ئەمریکی سوپاس و پێزانینیان هەبوو بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ڕۆڵی پێشمەرگەو قوربانییەکانی پێشمەرگە، وا دیارە بەڕێز جیمس ماتیس لەساڵی نەوەتەکانەوە ئاگاداری بارودۆخی کورد و کوردستان بووە و زانیاریی زۆری هەیە لەسەر بارودۆخی کوردستان و ڕێزێکی زۆری هەیە بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان. هەر لە کۆبوونەوەکەدا باسی دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، بەتایبەتی پەرەسەندنە

**هەمیشە سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردۆتەوە، بەتایبەتی لە دامەزراندنی وەزارەتی پێشمەرگە و لە دوای ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، لەمبارەشەوە هەنگاوی زۆر باشیش هەڵگیراوە**

**باوەڕو ئیرادە شتێکی گرنگەو هەر ئەوەش دەبێتە مایەی سەرکەوتن و پێشمەرگەی کوردستانیش خاوەنی باوەڕو ئیرادەیەکی بەهێزە و باوەڕی بە خاک و نیشتمان و میللەت و بە کێشەی خۆی هەیە کە کێشەیەکی ڕەوایە، لەبەر ئەوە ئامادەیە هەموو کاتێک بەرگری بکات لە بەرامبەر هەر هێرش و هەر لایەنێک کە بیەوێت زیان بە خاکی کوردستان بگەیەنێت**

**هەر هەنگاوێک کە مایەی دەستێوەردان بێت لە کاروباری هەرێمی کوردستان، ئەوا مافی خۆمانە کە هەڵوێستی خۆمان و وەڵامی خۆمان هەبێت**

**بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ناوچەکە باش نییە، هەر بۆیە زۆر جار جەنابی سەرۆک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چاوەڕوانکردن لەم بارودۆخەدا مایەی کارەساتە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان بڕیاری خۆی بدات و خۆی لەم بارودۆخە ئاڵۆزە بە دوور بگرێت**

سەربازییەکان، وەکو پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ کە ئەنجامدرا و ئێستا پرۆسەی رزگارکردنی تەلەعەفەر بەردەوامە، هەروەها باسی پرسی ریفراندۆم کرا، کە ئاشکرایە ئەولەوییەتی سەرەکی و بەپەلەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا شەڕی داعشە. ئەمە سەبارەت بە ئێمە و هێزی پێشمەرگەش هەروایە، ئەوان وا پێشبینی دەکەن، ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ئێستادا رەنگە ببێتە مایەی ئاڵۆزی و کاریگەری لەسەر شەڕی داعش دروست بکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو دەیانویست لە کۆبوونەوەکەدا بیروبۆچوون و تێڕوانینەکان ئاڵوگۆڕ بکرێت و گفتوگۆ بکرێت لەسەر لایەنی سەربازی و بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی. جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر راشکاوانە و بە دوورودرێژی بیروبۆچوون و سیاسەتی هەرێمی کوردستانی بۆ روون کردنەوە، ئەوانیش بە سنگفراوانییەوە بیروبۆچوون و رای جەنابی سەرۆك بارزانی-یان وەردەگرت. هەمووشیان تەئکیدیان لەوە دەکردەوە کە ئەنجامدانی ریفراندۆم مافی هەموو گەلێکەو مافی گەلی کوردستانیشە، بەڵام تەنیا هەندێك بۆچوونی جیاوازیان هەبوو کە پەیوەست بوو بە کاتی ریفراندۆمەکەوە، ئەویشیان گرێ دەدایەوە بە شەڕی داعشەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز سەرۆك بارزانی، هەروەها بەڕێزان کۆسرەت رەسوڵ و قوباد تاڵەبانی بیروبۆچوونی باشیان خستەڕوو بۆ شاندەکەی ئەمریکا و باسیان لەوە کرد کە ریفراندۆم هیچ کاریگەرییەك لەسەر شەڕی داعش دروست ناکات لەم هەلومەرجەی ئێستادا. ئەوەش خرایەڕوو کە رەنگە بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبێت کە ئەوان تێی دەگەن. هاوکات جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە رێگای گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ بەغدا بەردەوام بێت و، ئەوە روون کرایەوە کە ئەنجامدانی ریفراندۆم بە مانای ئەوە نییە کە هەموو شتێك کۆتایی هاتووە و هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ بەغدا و لایەنەکانی دیکە دەپچڕێنرێت. بەڵکو پێش ریفراندۆم و پاش ریفراندۆمیش گفتوگۆ و دیالۆگ لەسەر هەموو کێشەکانی نێوان بەغدا و کوردستان دەکرێت. سەرۆك بارزانی زۆر تەئکیدی کردەوە کە پێویستە بە شێوازی لێکتێگەیشتن و دانوستاندن و دیالۆگی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا بگەینە ئەنجام. لەم چوارچێوەیەدا حزبەکانی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمیان داوەو رۆژی ٢٥ی ئەیلوولیان بۆ ئەنجامدانی دیاریکردووە و لەو رۆژەشدا ئەنجامی دەدەین، ئەم بەروارە گۆڕانکاری بەسەر نایەت، تەنیا لەیەك حاڵەتەدا نەبێت ئەویش ئەوەیە دەبێت گەرەنتی نێودەوڵەتی بە شاهیدی وڵاتان دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی لەماوەیەکی دیاریکراودا هەوڵبدرێت ئەو کێشە کەڵەبووانەی چەند ساڵی رابردوو لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن، هەرچەندە باوەڕیش ناکەین ئەو کێشانە بە ئاسانی چارەسەر بکرێن، بۆیە گەلی کوردستان بڕیاری ئەوەی داوە راپرسی بکرێت و گفتوگۆش لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە ئێمە ببینە دوو دراوسێی باش و هاوپەیمان بین بۆ یەکتری و پشتگیری لەیەکتر بکەین و ئەو پرسانەی کە هاوبەشە لەنێوانماندا رێککەوتنیان لەسەر بکەین. چونکە ئەمە باشترە لەوەی ئێمە بێین و ئەزموونێکی شکستخواردوو دووبارە بکەینەوە، کە ئۆباڵی ئەو شکستەش دەکەوێتە ئەستۆی عێراق، چونکە ئەوە ئەوان بوون کە دەستووریان پێشێل کردووەو، خۆیان گرێبەستی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیان جێبەجێ نەکردووە، کە بنەماکەی دەستووری عێراقە. بۆیە دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی کۆبوونەوەکە زۆر باش بوو و تێگەیشتنێکی باش لەنێوان شاندی ئەمریکاو کوردستان دروست بوو. هەروەها لەپاشان وەزیری دەرەوەی تورکیاش سەردانی کوردستان کرد. ئێمە ئەم دانوستاندن و دیالۆگانە بە کارێکی باش دەزانین بۆ ئەوەی ئەوان شتێکی هەڵەیان لا دروست نەبێت، سەبارەت بە ریفراندۆم و ئایندەی کوردستان. کە بۆچوونی ئێمە ئەوەیە ئەگەر کوردستان بەهێزو ئارام بێت، ئەوە بۆ تورکیا و ئیران و بۆ هەموو ناوچەکە و بۆ رۆژئاواو بۆ ئەمریکاش باشە.

*** دیارە حکومەتی عێراق پێشێلکارییەکی گەورەی دەستووری کردووە لەبەرامبەر هەرێمی کوردستاندا، وەك بڕینی بوودجەی پێشمەرگەو پرچەککردنی هێزی پێشمەرگە، ئایا لەو کۆبوونەوەیەدا باسی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە کرا؟**

- لە راستیدا ئەوان پێشمەرگە بە هاوپەیمانێکی سەرەکیی خۆیان دەزانن و ئەوەیان لەبەرچاوە کە پێشمەرگە چ رۆڵێکی هەبووە و، ئەم رۆڵەی

پێشمەرگەش بەرز دەنرخێنن. لەبەر ئەوە باوەڕ ناکەم ئەمریکا و هاوپەیمانان کە شەڕی دژی داعش دەکەن، کارتێکی بەهێزی وەکو کوردستان لەدەست خۆیان بدەن، بەڵکو باوەڕم وایە ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە بەردەوام دەبێت و هەستمان نەکردووە کە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەو هەماهەنگییە هەبێت، بەپێچەوانەوە و ئیش و کارەکان بەباشی بەڕێوەدەچن و بەردەوامن. کە ئێمە بینیمان پاش گەڕانەوەی وەزیری بەرگری ئەمریکاش، خودی پنتاگۆن بەیاننامەیەکی بڵاوکرەوە کە تێیدا زۆر ستایشی رۆڵی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو ئەمریکای کراوە.

*** واتە لایەنی ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی هاوکارییەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە؟**

- لە راستیدا ئەوان بەرنامەیان هەیە و بەرنامەکەشیان درێژخایەنە و دوو لیوای وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکا مەشق و راهێنانیان پێکراوە و پڕچەك کراون و میزانییەی گەورەشی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش بۆ هاوکاری هێزی پێشمەرگەو پێگەیاندنی ئەو دوو لیوایەی پێشمەرگەیە. ئێستا بەرنامەیان هەیە لە ساڵی داهاتوو دوو لیوای دیکە دروست بکەن، کە بۆی هەیە دوای ئەوەش بەرنامەی دیکەیان هەبێت و درێژە بەو سیاسەتە بدەن. بە بۆچوونی من هاوکاری و هەماهەنگیی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی پرسێك کە پرسێکی دیموکراتییە و مافی هەموو گەلێکە و باوەڕ ناکەم دژی ئەو مافە بوەستنەوە، نە ئەمریکاو نە وڵاتانی دیکە، واتە ئەو وڵاتانەی کە باسی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەکەن، هەموویان ئەم هەنگاوە و بڕیارەی گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بە شتێکی ئاسایی دەزانن.

*** لەگەڵ بەهێزبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی خەریکە رۆڵی سوپای عێراق کەم دەبێتەوە، لەمەش زیاتر هێزەکانی حەشدی شەعبی وەکو هێزێکی چەکداری مەزهەبی مامەڵە دەکەن و تا دێت هەژموونی وڵاتانی ناوچەکە بەسەر عێراقدا زیاتر دەبێت، ئایا سەبارەت بەم مەسەلەیە لەگەڵ شاندی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمریکا گفتوگۆ کرا؟**

- بەڵێ، ئەوەش باسکرا و باسی کاریگەری و هەژموونی وڵاتان لەسەر عێراق کرا. ئەوەش دیارە کە خەریکە حەشدی شەعبی دەبێتە خاوەن بڕیار و دەسەڵات لە عێراقدا و بگرە وردە وردە رۆڵی سوپا کەم دەبێتەوە و رۆڵی حەشدی شەعبی زیاد دەبێت. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە لە حوکمڕانیی عێراق بکەین کە بۆچی ئەو هەموو ئەزموون و رابردووە پڕ ئازایەتی و قارەمانیەتییەی پێشمەرگە لەلایەن ئەوانەوە لەبەرچاو نەگیراوە، کە تەنانەت فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە بونیادنانی ئەوەی پێی دەڵێن عێراقی نوێ؟ بەڵام حکومەتی عێراق ئەوە چەندین ساڵە هیچ حیسابێکی نە لە بوودجە، نە لە خەرجی سیادی بۆ هێزی پێشمەرگە نەکردووە. لە راستیدا حکومەتی عێراق هەر نایانەوێت باسی پێشمەرگەش بکەن، کەچی دەبینین لە ماوەیەکی کورتدا توانییان بوودجە بۆ حەشدی شەعبی تەرخان بکەن و لە پەرلەمانیش یاسای بۆ دەربکەن. بەمشێوەیە حەشدی شەعبی ئێستا لە عێراق بۆتە هێزێك و لەژێر هەژمونی خەڵکی دیکەدایە، واقیعەکەش ئەوەیە کە ئێستا لە ناو حکومەتی عێراقیشدا بیروباوەڕی جیاواز هەیە لەسەر حەشدی شەعبی، بۆ نموونە عەبادی قسەی باش دەکات و پەیوەندییان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی کوردستان زۆر باشە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند دەتوانێت بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و ئایا کاریگەری قسەو بڕیارەکانی عەبادی چەندە لەسەر سیاسەت و بارودۆخی عێراق، ئەگەرچی لە هەقیقەدا ئەمە بابەتێکی دیکەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ناوچەکە باش نییە، هەر بۆیە زۆر جار جەنابی سەرۆك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چاوەڕوانکردن لەم بارودۆخەدا مایەی کارەساتە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان بڕیاری خۆی بدات و خۆی لەم بارودۆخە ئاڵۆزە بە دوور بگرێت.

*** پێش ماوەیەك وەزیری بەرگری ئێران هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستان کردو وەزارەتی پێشمەرگەش وەڵامی دایەوە، ئایا چۆن ئەم هەڕەشانە لێکدەدەنەوە و ئایا ئەمە دەستتێوەردان**

**دەبێت ئەو پرسیارە لە حوکمڕانیی عێراق بکەین کە بۆچی ئەو هەموو ئەزموون و رابردووە پڕ ئازایەتی و قارەمانیەتییەی پێشمەرگە لەلایەن ئەوانەوە لەبەرچاو نەگیراوە، کە تەنانەت فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە بونیادنانی ئەوەی پێی دەڵێن عێراقی نوێ؟**

**خەریکە حەشدی شەعبی دەبێتە خاوەن بڕیار و دەسەڵات لە عێراقدا و بگرە وردە وردە رۆڵی سوپا کەم دەبێتەوە و رۆڵی حەشدی شەعبی زیاد دەبێت**

**ئەگەر کوردستان بەهێزو ئارام بێت، ئەوە بۆ تورکیا و ئێران و بۆ هەموو ناوچەکە و بۆ رۆژئاواو بۆ ئەمریکاش باشە**

**ئەو وڵاتانەی کە باسی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەکەن، هەموویان ئەم هەنگاوە و بڕیارەی گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بە شتێکی ئاسایی دەزانن**

**نییە لەناو کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی دراوسێ؟**

- لە راستیدا بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی ئەو قسانە درانەوەو زۆرجار ئەو حاڵەتانە دروست دەبن کە خەڵکێك بێن قسە بکەن، یان راگەیاندراوێك بڵاو بکرێتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمانە دەچنە خانەی دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان، بۆیە سروشتییە وەڵامیشیان بدرێتەوە، وەزارەتی پێشمەرگەش بەردەوام وەڵامی هەبووە. هەرچەندە ئێمە نازانین چی کراوە. بەڵام هەر هەنگاوێك کە مایەی دەستتێوەردان بێت لە کاروباری هەرێمی کوردستان، ئەوا مافی خۆمانە کە هەڵوێستی خۆمان و وەڵامی خۆمان هەبێت.

*** لەم رۆژانەدا ئۆپەراسیۆنی دەستپێکردنی رزگارکردنی تەلەعەفەر دەستی پێکردووە، ئێوە چۆن لەم ئۆپەراسیۆنە دەڕوانن و پێشبینییەکانتان لەبارەی ئاکام و کاریگەرییەکانی چین؟**

- بێگومان بارودۆخی تەلەعەفەر زۆر هەستیارە، خەڵکانێك هەن شارەکەیان بەجێهێشتووەو رایانکردووە، بەشێکیان هاتوونەتە کوردستان و هەندێکیان چوونەتە سووریا و وڵاتانی دیکە و هەندێکیشیان هەر لەوێ ماون. بە چەشنێك ئەگەر بەراوردی دانیشتووانی ئێستای تەلەعفەر بکەیت بە ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠، ئەوا ژمارەی خەڵکەکە زۆر کەم بۆتەوە. شیعەکان چوونەتە ناوچەکانی دیکەی شیعەنشین، یان بوونەتە بەشێك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی و گرووپی تایبەت بە خۆیان دروستکردووە لە ناو ئەم هێزەدا. سوننە هەندێکیان بوونەتە داعش و کردەوەی خراپیان ئەنجام داوەو، بەشێکیشیان لە تەلەعەفەر و ناوچەکە رایانکردووە و بەشێکی کەمیش لەوێ ماون. لەهەقیقەتیشدا چاوەڕوان دەکرێت کێشەی گەورە رووبدات، ئەوەی ئێمە لێی دەخوێنینەوە ئەوەیە کە زەحمەتە شیعە و سوننە لە یەك شوێنێکدا پێکەوە ئیدارە بکەن. پێش داعشیش ئێمە ئاگاداری بارودۆخی تەلەعەفەر بووین کە چۆن دەیان جار تەقینەوەی گەورە گەورە تێیدا روویدەدا. ئەو کاتە من بەرپرسی لقی یەك بووم لە دهۆك لە ساڵی ٢٠٠٧ تاکو ٢٠١٠، ئەوا هەندێ جار بە یەکجار زیاتر لە ١٠٠ برینداریان دەهێنایە نەخۆشخانەکانی دهۆك و زاخۆ چارەسەریان بۆیان دەکردن کە منداڵ و ئافرەتیشیان تێدابوو، واتە بە شێوەیەکی زۆ دڕندانە شیعە و سوننە کەوتبوونە گیانی یەکتر و کاری تەقینەوەو کوشتنیان لە دژی یەکتر ئەنجام دەدا. بۆیە باوەڕناکەم ئەو برینانە سارێژ ببن، چونکە هەروەك ئێوەش دەزانن ئەوە مەسەلەیەکی مێژووییە لە نێوان شیعە و سوننەدا و زۆر ناکۆکی قووڵ هەیە.

*** هەندێك لەوانەی دژی ئەنجامدانی ریفراندۆمن باس لەوە دەکەن ئەگەر هەرێمی کوردستان بەرەو ریفراندۆم و سەربەخۆیی بچێت، کوردستان رووبەڕووی هێرش و هەڕەشە دەبێتەوە، ئایا تا چەند ئێوە خۆتان بۆ ئەو ئەگەرە ئامادە کردووە؟**

- سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر زۆر بەهێزترە بە بەراورد بە سەرەتای شەڕی داعش، چونکە لە سەرەتادا و ئەو کاتەی کە داعش هێرشی هێنایەسەر کوردستان، هێزی پێشمەرگە ئەو تواناو ئیمکانیاتەی لەبەردەستدا نەبوو وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیەتی لە رووی چەك و تەقەمەنی و ئەوەی ئێستا لەبەردەستی پێشمەرگەیە زۆر باشترە. بێجگە لەمەش باوەڕو ئیرادەش شتێکی گرنگەو هەر ئەوەش دەبێتە مایەی سەرکەوتن و پێشمەرگەی کوردستانیش خاوەنی باوەڕو ئیرادەیەکی بەهێزە و باوەڕی بە خاك و نیشتمان و میللەت و بە کێشەی خۆی هەیە کە کێشەیەکی رەوایە، لەبەر ئەوە ئامادەیە هەموو کاتێك بەرگری بکات لە بەرامبەر هەر هێرش و هەر لایەنێك کە بیەوێت زیان بە خاکی کوردستان بگەیەنێت. هەروەها من باوەڕم وایە کە هەل و مەرجەکە گۆڕاوە و پێموانییە کە ئەگەر حەشدی شەعبی یان سوپای عێراقی یان دەوڵەتانی دراوسێمان کە قسەیەك دەکەن، یان هەڕەشەیەك بکەن، ئەوا لە ئەنجامدا دەستتێوەردان بکەن، یان شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا دروست بکەن، ئەگەرچی هەموو کاتێك ئێمە دەبێت لە ئامادەباشدا بین. ئێمەش هەموو کاتێك ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەباشیمان هەیە و لە هەر کاتێکدا مەترسی و هەڕەشەیەك لەسەر کوردستان بێت، ئەوە هێزی پێشمەرگە دەتوانن بەرگری لەکوردستان بکەن.

**پاش گەڕانەوەی وەزیری بەرگری ئەمریکاش، خودی پنتاگۆن بەیاننامەیەکی بڵاوکرەوە کە تێیدا زۆر ستایشی رۆڵی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو ئەمریکای کراوە**

**باوەڕ ناکەم ئەمریکا و هاوپەیمانان کە شەڕی دژی داعش دەکەن، کارتێکی بەهێزی وەکو کوردستان لەدەست خۆیان بدەن**

**گەلی کوردستان بڕیاری ئەوەی داوە راپرسی بکرێت و گفتوگۆش لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە ئێمە ببینە دوو دراوسێی باش و هاوپەیمان بین بۆ یەکتری و پشتگیری لەیەکتر بکەین و ئەو پرسانەی کە هاوبەشە لەنێوانماندا رێککەوتنیان لەسەر بکەین**



*** ڕۆڵـی سـەرۆك بارزانـی لـە ڕێكخسـتن و بەهێزكردنـی هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتان چـۆن هەڵدەسـەنگێنیت؟ ئایـا هەنگاوەكانـی چاكسـازی لەنـاو خـودی وەزارەتـی پێشـمەرگە بەكـوێ گەیشـتوون؟**

- سـەرۆك بارزانـی وەكـو سـەرۆكی هەرێمـی كوردسـتان و وەكـو پێشـمەرگەیەك لـە تەمەنـی خۆیـدا پێگـەو ڕۆڵـی دیـار بـووە، لەپێـش شـەڕی داعشـیش ئەگـەر هەڵوەسـتە لەسـەر ئـەو كۆبوونـەوە و بەدواداچوونانـە بكەیـن، هەمیشـە سـەرۆك بارزانـی جەختـی لەسـەر ڕێكخسـتن و یەكخسـتنی هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتان كردۆتـەوە، بەتایبەتـی لـە دامەزراندنـی وەزارەتـی پێشـمەرگە و لـە دوای ڕێككەوتنـی سـتراتیژی نێـوان پارتـی و یەكێتـی، لەمبارەشـەوە هەنـگاوی زۆر باشـیش هەڵگیـراوە. چونكـە ئەگـەر تەماشـا بكەیـن ئـەوە كارێكـی ئاسان نەبوو كە پێشمەرگەی یەكێتی و پارتـی لـە یـەك سـەنگەردا و لـە یـەك لیـوا و لـە یـەك فەوجدا پێكـەوە كاری پێشـمەرگایەتی بكـەن بەرگـری بكـەن و فەرمانـەكان جێبەجـێ بكـەن. ئێسـتاش ١٦ لیـوای پێشـمەرگە لەسـەر وەزارەتـن، كـە ئەویـش بەرهەمـی ئـەو هـەوڵ و كۆششـانەیە كـە سـەرۆك بارزانـی لـەو ساڵانەدا ئەنجامیـدان. بەرنامـەش هەبـوو هەمـووی تـەواو بكرێـت، بـەڵام بـە هـۆی بارودۆخـی شـەڕی دژی داعـش كـە ئەویـش كاریگـەری لەسـەری هەبـوو، هەروەهـا بەشداریكردنی و سەرپەرشتیكردنی ڕاسـتەوخۆی شـەڕی دژی داعـش لەلایـەن سـەرۆكەوە، دەنگدانەوەیەكـی زۆر گـەورەی هەبـوو. بـە قەناعەتـی مـن ئێسـتاش ئەولەویەتـی كارەكانـی سـەرۆك، ڕێكخسـتنی لەشـكری كوردسـتانە، كـە پێموایـە زۆر گرنگـە بـۆ ئاینـدەی كـوردو كوردسـتان كـە بایەخـی تـەواو بـە هێـزی پێشـمەرگە بدرێـت و ڕێكبخرێـت، بـە شـێوەیەك كـە بتوانیـن بـە باشـترین شـێواز خۆمـان ئامـادە بكەیـن بـۆ داهاتـوو بـۆ ئـەوەی هێزێكـی باشـمان هەبێـت بـۆ بەرگریكـردن لـە كوردسـتان.


Vote
Democracy
Free

# ناسەقامگیری

## ڤایرۆسی نەخۆشکەوتنی دیموکراتییە
## کاتێک دیموکراتی نەخۆش دەکەوێت
## ئایندەی ئازادی دەکەوێتە مەترسییەوە

ئەگەر شۆڕشی پیرۆزی بەریتانیا (Glori-ous revolution) لە ساڵی ١٦٨٨-١٦٨٩، بە سەرەتای دەستپێکی دامەزراندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دابنێین، واتە ئەو کاتەی شا ولیام ئۆرینجی بەریتانیا بەوە رازی بوو کە دەستوور لە سەر بنەمای (بەبێ نوێنەرایەتی باجدان بوونی نییە) هەموار بکاتەوەو کێشەی ناهاوسەنگیی نێوان شا و پەرلەمان چارەسەر بکات، ئەوا مێژووی دامەزراندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، وەك ئەوەی جۆن لۆکی بیرمەندی بەریتانی ناوی لێناوە (حکومەتی مەدەنی)، شتێك لە سەرووی ٣٠٠ ساڵەوەیە، خۆ ئەگەر دەستپێکی دامەزراندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی گرێ بدەینەوە بە هەردوو شۆڕشی ئەمریکا ١٧٧٦ و شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩، بەتایبەتی کە هیگل سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسای ناو لێنا (کۆتایی مێژوو) بەو مانایەی ئەو سیستمە لەدایك بوو کە مرۆڤ بە ئازادی شاد دەکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا مێژووی دامەزراندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، شتێك لەسەرووی ٢٠٠ساڵەوە دەبێت.

کەواتە ئەم مێژووە ئەوەمان پێدەڵێت، سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان نیشتمانی (Nation State)یە، کە ئەمیش بەرهەمی رێککەوتنی ویستفالیای ساڵی ١٦٤٨ـە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بیرمەندانی سیاسی و سیسیۆلۆژی چۆن پێناسەی دەوڵەتیان کردووە؟ یان ئایا پێویستە سیفەتەکانی دەوڵەت چۆن بن بۆ ئەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی تێیدا بونیاد بنرێت؟ سەبارەت بە پێناسەی دەوڵەت، بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی ماکس ڤێبەر دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لە شەرعییەتی خولقاندنی هێز و شەرعییەتی بەکارهێنانی هێز بۆ پاراستنی خاکەکەی و پاراستنی سەقامگیری لە هەڕەشەکانی ناوەوە و دەرەوە)، ئەم پێناسەیەی ماکس ڤێبەر بۆ دەوڵەت و زەمینە رەخساندن بۆ دامەزراندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، ئەوا دوو مەرجی گرنگمان وەك زەمینەی گونجاو بۆ دامەرزاندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بۆ ئاشکرا دەکات کە بریتین لە:

١. بەبێ دەوڵەت بەگشتی و دەوڵەتی نەتەوەیی نیشتمانی یان نەتەوەیی بەتایبەتی، سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بونیاد نانرێت و ئەگەر هەر هەوڵێکیش بۆ بونیادی ئەم سیستمە بخرێتە گەڕ بێجگە لە سیستمێکی دیموکراتی نەخۆش (Illiberal Democracy) کە دەکرێت پێی بگوترێت سیستمێکی دیموکراتی بەتاڵ، شتێکی دیکەی لێ بەرهەم نایەت.

٢. دەوڵەتیش دەبێت ئەو دەوڵەتە بێت کە توانای ئەوەی هەبێت لە چوارچێوەی رێزگرتن لە گەلەکەی، یان گەلانی ناو دەوڵەتەکەی ماف و ئازادییەکان بە یەکسانی وەك هاووڵاتی پلەیەك بۆ هاووڵاتیانی بەبێ جیاوازی دابین بکات، ئەوجا ئەو دەوڵەتە زەمینەیەك فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی بتوانرێت سیستمی دیموکراتی تێدا بونیاد بنرێت.

ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم سیستمە بە سەرکەوتوویی بمێنێتەوە و بتوانێت چالاکانە هەڵبسووڕێت و دوچاری لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسی (Political Decay) نەبێتەوە، ئەوا فرانیسس فۆکۆیاما لە کتێبی (لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سیاسی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ریگرتن لە بەریەکهەڵوەشانی سیاسی، پێویستی بە بەرەوپێشەوەچوون، یان پەرەپێدانی سیاسی هەیە، ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە نییە و پێش ئەوەی کیانێکی سیاسی ببێتە دیموکراتی پێویستە سیستمێکی سیاسی هەبێت.

فۆکۆیاما لەم دەستنیشانکردنە وردەی بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی و جیاکردنەوەی لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، مەبەستی ئەوەیە ئەو ڤایرۆسەی دەبێتە هۆکاری لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سیاسی، یان سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەکاتە سیستمی دیموکراتیی نەخۆش و بەتاڵ، لەهەموو سیستمە لیبراڵ دیموکراتییەکاندا بوونی هەیە، ئەگەر ئەم ڤایرۆسە لە رووسیا بریتی بێت لە بێ بایەخکردنی هەڵبژاردنەکان و قۆرخکردنی دەسەڵات، ئەوا لە ئەمریکا ئەم ڤایرۆسە بریتییە لەوەی کە دەستەبژێرێك کۆنترۆڵی حوکمڕانییان کردووە و یاساکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەردەکەن، بەهەمان شێوە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش، ڤایرۆسی لەبەر یەکهەڵوەشانی

**گرنگە بازنەی گوتاری میللی لە فەزای عامی کوردستاندا بە رادەیەک فراوان بکرێت کە ئەو دەستەبژێرەی هەندێک حزب کە دەیانەوێت ناسەقامگیری دروست بکەن، نەتوانن لە ژێر پەردەی ئامانجێکی شاراوەدا ناسەقامگیری دروست بکەن**

**ئەگەر فەزایەکی عامی فراوان دروست بکرێت و خەڵک ئازادانە لەسەر ئامانجی شاراوەی دروستکردنی ناسەقامگیریی سیاسی لە کوردستاندا قسە بکەن، ئەوا لەبری ئەوەی گوتاری دەستەبژێرێک ئاراستەی رای گشتی بکات، ئەوا گوتارێکی میللی دروست دەبێت کە گوتاری ئەو دەستەبژێرە ریسوا بکات و بیانخاتە پەراوێزەوە**

**لە ئێستادا کە بەرەو پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوول هەنگاو هەڵدەگرین، تا رادەیەکی زۆر فرەحزبیی بەرپرسیارانە لە فرەحزبی نابەرپرسیارانە جیابۆتەوە، بەڵام هێشتا متمانەی نێوان ئەو فرەحزبیی بەرپرسیارانە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە گوتارێکی بوێرانە سنوورێک بۆ فرەحزبیی نابەرپرسیارانە دابنرێت**

سیستمی سیاسی نەبوونی ئەو دەوڵەتەیە کە بتوانێت سەقامگیری و مافی هاوولاتیبوون بۆ خەڵکەکەی دابین بکات.

لاری دایمۆند کە ئەویش یەکێکە لەو بیرمەندانەی کار لەسەر دەوڵەت و دیموکراتی دەکات، لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە نەبوونی ژینگەی دامەزراندنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە گشتی و دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەو پرسیارە دەکات، بۆچی لە سێ شەپۆلی گرنگی بڵاوبوونەوەی دیموکراتیدا، ئەم باهۆزە هەموو دەوڵەتانی جیهانی گرتەوە، بەڵام دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی و ئیسلامی بەگشتی نەگرتەوە؟ دایمۆند لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت: کاتێک سەیری هەندێک لەدەوڵەتانی ئیسلامی دەکەین بۆ نموونە ( تورکیا و مالیزیا ) دەگەینە ئەو قەناعەتەی تا رادەیەك ئیسلام ڕێگر نییە لە بونیادی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، بەڵام کاتێك سەیری دەوڵەتانی عەرەبی دەکەین، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کەلتووری عەرەبی هاودژی لەگەڵ ئەم سیستمە دروست بکات و نەتوانرێت لە ژینگەی کەلتووری عەرەبیدا سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بونیاد بنرێت.

ئەوەی پشتگیری لەم دەرەنجامەی دایمۆند دەکات، راپەڕینەکانی دەوڵەتانی عەرەبییە لەساڵی ٢٠١١ کە لە سەرەتادا ناویان لێنا بەهاری عەرەبی، بەو مانایەی شەپۆلی تازەی دیموکراتی، ئەمجارەیان دەوڵەتانی عەرەبی دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە ماوەی شەش ساڵ بەسەر ئەو راپەڕینانەدا تێدەپەڕێت، نەك هەر ئەو دەوڵەتانە نەبوونە دەوڵەتێکی دیموکراتی، بەڵکو شکستی بە کۆمەڵی تەواوی ئەو دەوڵەتانە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای کردۆتە ناوچەیەکی فاشیل و ئێستا هەموو جیهان بەدوای ئەوەدا وێڵن، چۆن سەقامگیری و تەناهی بۆ ئەو ناوچەیە بگێڕنەوە، بەڵام پێدەچێت هەوڵەکان بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری و تەناهی بۆ ئەم ناوچە شکستخواردووە، پێویستی بە ڕێککەوتنێکی دیکەی ویستفالیای ساڵی ١٦٤٨ی ئەورووپا هەبێت کە بە دامەزراندنەوەی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ کۆتاییان بەشەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی هێنا و سەقامگیری بۆ ئەورووپا گەڕایەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، زۆر غروورانە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێت بە رێگەی کۆپیکردنەوەی دامەزراوەکانی رۆژئاواو پشتگیریکردن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەتوانێت سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا پیادە بکات، لە ساڵی ١٩٩٦ و لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی ناوچەی بەلکان و یوگسلافیای پێشوو، فەرید زەکەریا (سەرنووسەری ئەوکاتی گۆڤاری نیوزویك) وەك رۆژنامەنووسێك رووماڵی ئەو هەڵبژاردنانەی کردووە و لە توێژینەوەیەکدا کە لەساڵی ١٩٩٧ بە ناونیشانی (لیبراڵ دیموکراتی و لیبراڵ دیموکراتیی نەخۆش) لە گۆڤاری فرین ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، تێیدا نووسیویەتی: «کاتێك ئاکامی سندوقەکانی دەنگدانمان بینی، من و ریچارد هۆلبرۆك (نێردراوی ئەمریکای ئەوکات بۆ ناوچەی بەلکان) پێکەوە بووین کە سەیری ئاکامی سندوقەکانی دەنگدانمان کرد، بینیمان ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان لە بری ئەوەی یەکبوون و یەکێتی لەنێوان گەلانی ئەو ناوچەیە دروست بکات، کەچی لێکدوورکەوتنەوەی پیشان دەدایـن، بۆیە هەر ئەوکات بە سەرسوڕمانەوە پرسیمان، ئایا بۆ دەبێت ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان بەم شێوەیە بێت؟ بۆیە لەم ئاکامەوە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەگەر هەڵبژاردن لە زەمینەیەکی لەباردا نەکرێت، کە تیایدا دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی پێکهاتەکانی سەقامگیری و تەناهی دابین نەکردبێت، ئەوا لەبری ئەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەرهەم بێت، سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی نەخۆش یان بەتاڵی لێ دروست دەبێت.

لەکۆی ئەم دێڕانە ئەوە بەرجەستە دەبێت کە بونیادی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی پێش هەموو شت پێویستی بە دەڵەوتە، ئەو دەوڵەتەش دەبێت توانای دابینکردنی سەقامگیری هەبێت، کاتێك سەقامگیر بگۆڕێت بۆ ناسەقامگیری، یان لایەنە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بێت ناسەقامگیریی سیاسی دروست بکەن، ئەوا لەو حاڵەتە

**بەرژەوەندیی ئەو حزبانەی سوود له فرەحزبیی نابەرپرسیارانه وەردەگرن، بە ئاستێکە کە (گورگە تەنیاکانی دژی سەقامگیری) زۆر بە ئاسانی سوود لەو ژینگەیە وەربگرن کە میتۆدی فرەحزبیی نابەرپرسیارانەی ئەو حزبانه درووستی دەکەن**

**دەبێت ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو فرەحزبییە نابەرپرسیارە بگۆڕێت بۆ فرەحزبییەکی بەرپرسیار، ئەم پرۆسەیەش بە دیالۆگی نێوان حزبەکان دروست نابێت، بەڵکو دەبێت فەزایەکی عامی ئەوتۆ بۆ درووست بکرێت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تەواوی تاکەکانی گەلدا بۆچوونەکان لەسەر سەقامگیری و پاشاگەردانی تاوتوێ بکرێت**

**ئەو نەتەوانەی بە پەتای ناسەقامگیریی فرەحزبیی نابەرپرسیاردا تێپەڕیون، باش دەزانن، خۆ پابەندکردن بەو فرەحزبییە نابەرپرسیارەوە کێشەکان هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکات و تەنانەت شکۆی نەتەوە و دەوڵەتە دەخاتە مەترسییەوە**

سیستمی دیموکراتی دەبێتە سیستمێکی نەخۆش و سیستمەکە شەرعیەت و ئەهلییەتی نامێنێت و بۆ راستکردنەوەی سیستەمە سیاسییەکەش بێجگە لە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری سیاسی و بڕوابوونی حزبەکانی ناو پرۆسەی سیاسی بە گرنگی و بایەخی سەقامگیری بۆ بونیادی دیموکراتی، ئەوا سیستمی دیموکراتی دەبێتە پاشاگەردانی و بۆ ئەم حاڵەتەش لەوانەیە نموونەی حەماس لە فەلەستین نموونەیەك بێت لە جێگەی خۆیدا بێت.

### ● کوردستان و ڤایرۆسەکانی نەخۆش کەوتنی دیموکراتی

کاتێك دەڵێن بونیادنانی سیستمی دیموکراتی بەبێ بوونی دەوڵەت بێجگە لە خەیاڵ شتێکی دیکە نییە، زۆر کەس ئەو پرسیارە دەورووژێنن و دەڵێن، کوردستانی باشوور دەوڵەتیش نییە و هەنگاوی بۆ ئەزموونێکی دیموکراتی هەڵگرتووەو، ئەگەر ئەم ئەزموونە کەموکورتیشی هەبێت، بەڵام بۆچی هەروەك هەنگاوێك بۆ بونیادی سیستمی دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: ئەگەر دوای کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، رژێمی بەعس دامەزراوە دەوڵەتییەکانی لە کوردستان نەکێشابایەتەوە، کورد نەیدەتوانی بڕیاری هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بدات، ئەمەش بەو مانایەی دوای ئەوەی رژێمی بەعس وەك دروستکردنی گوشارێك بۆ سەر کوردستان، دامەزراوە دەوڵەتییەکانی کشاندەوە، راشکاوانە پێی گوتین: فەرموون ئێوە ببن بە دەوڵەت و خۆتان خۆتان بەڕێوە بەرن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، بناخەی سەرەکی بۆ بونیادی سیستمی دیموکراتی، یان ئەزموونی دیموکراتی لە ژینگەی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان دەستی پێکردووە، ئەگەر کوردستان بە ئەمری واقیع نەبوایەتە دەوڵەت، ئەم ئەزموونە دەستی پێنەدەکرد.

بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، هەموو هەوڵ و توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەوە رازی بکات، باشترین میکانیزم بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییەی رژێمی بەعس لە کوردستان دروستی کردووە، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان هەڵبژاردن ئەنجام بدات و گەلی کوردستان خۆیان ببنە سەرچاوەی دەسەڵات و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت، رازیبوونی بەرەی کوردستانی بەم بژارەیە هەنگاوێکی مێژوویی و گەورە بوو، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە کامڵنەبوونی سیاسی لە حزبە سیاسیەکاندا وایکرد کە ئەم پرۆسەیە وەك ئەوەی نەخشەی بۆ کێشرابوو بەسەلامەتی لەدایك نەبێت، هەربۆیە لەبری ئەوەی هەڵبژاردنی کوردستان ئەزموونی سیستمێکی لیبراڵ دیموکراتی سەقامگیر بەرهەم بهێنێت، شتێکی سەیری لێ بەرهەم هات کە ناویان لێنا حوکمرانیی (فیفتی – فیفتی).

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بێجگە لە پەسەندکردنی بژارەی (فیفتی- فیفتی)، بژارەی بەدیلی دیکە نەبوو کە پەنای بۆ ببرێت و نیشانەی پرسیار نەکەوێتە سەر بونیادی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە؟ بێگومان ئەوانەی چاودێریی بارودۆخی ئەو کاتە بوون و لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا کاراکتەری چالاك بوون، وەڵامی ئەم پرسیارە بەو جۆرە دەدەنەوە، کە بژارەی رازیبوون بە (فیفتی – فیفتی) لەبەرامبەر هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و تێکدانی سەقامگیری کوردستان و لەباربردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بووە، بۆیە لەنێوان ئەم دوو بژارەیە سەرکردەی خاوەن لۆژیك و بەرپرسیار بەرامبەر ئایندەی نەتەوەکەی (فیفتی – فیفتی) هەڵدەبژێرێت، هەربۆیەش لەسەر ئەم بنەمایە بەڕێز مسعود بارزانی بەوە رازی بوو کە ئاکامی هەڵبژاردن وەك خۆی رابگەیەندرێت، بەڵام پەرلەمان و حکومەت لەسەر بنەمای (فیفتی – فیفتی) پێکبهێنرێت.

ئاماژەکردن بۆ دەستپێکی بونیادنانی ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستاندا، کای کۆن بە باکردن نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی هەڕەشەی تێکدانی سەقامگیریی کوردستان، کە لەماوەی ٢٥ ساڵی ئەزموونی حوکمڕانیدا، بواری ئەوەی نەداوە دیموکراتییەکی ساغلەم لە کوردستاندا بێتەئاراوە. ئەوجا لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە مەرجی درێژەپێدان بە ئەزموونی دیموکراتی

■

**حکومەتی لاواز لە سیستمی دیموکراتیدا ئەو حکومەتەیە کە خۆی پابەند دەکات بە فرەحزبییەکی سەپاوی نابەرپرسیارەوە، ئەم خۆپابەندکردنە بەم فرەحزبییەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانێت هیچ بڕیارێک بدات، لەمەش زیاتر نەتوانێت راستگۆیانە کێشەوگرفتی حکومەتەکەی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی باس بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە**

■

**بانگەشەکردن بۆ نەخێر ناکەوێتە بازنەی ئازادیی رادەربڕینی بژارەی (بەڵێ و نەخێر)ی ئەزموونی پرۆسەی ریفراندۆمی گەلانی جیهانەوە، بەڵکو دەکەوێتە بازنەی هەوڵێکی نەزۆکەوە بۆ ئەوەی سەقامگیریی کوردستان بشێوێنێت**

■

**کاتێک حکومەتی بەغدا بە تەنیا یەک ماددەی دەستووری دەوڵەتی فیدرالی عێراقەوە پابەند نەبێت و کوردستان وەک بەشێک لە عێراق سەیر نەکات، ئایا بەچ هەقێک خەڵکانێک بانگەشە بۆ نەخێر بکەن و پاشانیش بە پێوەری ئەزموونی کەنەداو بەریتانیاو ئیسپانیا، بە ئازادیی رادەربڕین لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتیدا بۆیان لە قەڵەم بدرێت؟!**

لە کوردستان بەوە گرێدرایەوە کە نابێت هیچ کام لە دوو حزبە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) لە هەڵبژاردن براوە و دۆڕاو بێت، ئەوا کاتێك هەوڵی ئەوە درا کە سندوقی دەنگدان ببێتە میکانیزمی یەکلاکردنەوەی دەسەڵات، ئەوا لەبری ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، چەند جەولەیەکی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان هەڵگیرساو سەرەنجامیش لەگەڵ ئەوەی هەوڵە ناوخۆییەکان نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٨ و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی واشنتۆن پارتی و یەکێتی کۆکردەوەو بۆ ئەوەی پێش هەموو شت سەقامگیری لە هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) بەردەوام بێت و پاشان هەنگاو بۆ ئەوە هەڵبگیرێت کە پارتی و یەکێتی پێکەوە بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە هەڵبگرن و پێکەوە بە یەك لیست دابەزن و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەم هەنگاوانە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ و نووسینەوەی دەستووری عێراق و پاشانیش بەشداری کورد لە حکومەتی فیدرالی عێراق، هەنگاوی بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی هەڵگرت.

ئامانج لە ڕێککەوتنی ستراتیژی و دابەشکردنی دەسەڵات و پشکەکانی کوردستان لە حکومەتی فیدرالی عێراق لە نێوان پارتی و یەکێتی، پێش ئەوەی ئامانج لێی پەرەپێدانی دیموکراتی بێت، ئامانجی سەرەکیی پاراستنی سەقامگیریی کوردستان بووە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر سەقامگیری بوونی نەبوو، دیموکراتییش بوونی نابێت، هەروەها دەکرێت لەسەر زەمینەیەکی سەقامگیر هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی هەڵبگیرێت، بەڵام بە دیموکراتی ناتوانرێت پاشاگەردانی و بێ نیزامی بگۆڕێت بۆ سیستمێکی دیموکراتی.

ئەم هەموو هەوڵە خرانەگەڕ بۆ ئەوەی زەمینەیەك دروست بێت، هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە چوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك بگرنەوە، لەگەڵ ئەوەی توانرا بە کابینەیەکی ٤٢ وەزارەتی پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە ئەنجام بدرێت، بەڵام مخابن لەو ڕۆژەوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بوو، خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابۆوە و لێکترازانێکی گەورەی لەناو ماڵی یەکێتی دروست کردو سەقامگیری سیاسیی ناو یەکێتی گۆڕی بۆ ناسەقامگیرییەکی تەواو، هەروەها هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی هەڵبوەشێنێتەوە.

بێگومان هەتا ئەو کاتەی جەنابی مام جەلال نەخۆش نەکەوتبوو، خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا نەیتوانی درز و کەلێن بخاتە ڕێککەوتنی ستراتیژی و مام جەلال زۆر بە دەنگی بەرز جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی موقەدەسە و دەبێت وەك بیلبیلەی چاو بپارێزرێت، بەڵام مخابن کاتێك جەنابی مام جەلال نەخۆش کەوت، یەکێتی نیشتمانی لەژێر گوشاری بزووتنەوەی گۆڕان و گوشاری شەخسی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا لە ٢٠١٣ بەکردەیی لەیەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژی هاتەدەرەوە کە ئەویش دابەزینی پارتی و یەکێتی بوو بە لیستێکی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقدا، بەڵام وێڕای ئەوەی یەکێتی کەلێنێکی گەورەی خستە ناو ڕێککەوتنی ستراتیژی، کەچی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی سەرۆك بارزانی و تێگەیشتنی لە گرنگیی ئەم ڕێککەوتنە بۆ سەقامگیری کوردستان، لای خۆیەوە پێوەی پابەندبوو، جەختیشی لە سەرکردایەتی یەکێتی دەکردەوە بەم ڕێککەوتنەوە پابەند بن.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣، بزووتنەوەی گۆڕان و خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، دروشمی چوارساڵ ئارامییان بەرزکردەوەو لە چوارچێوەی ئەم دروشمەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداریکردن لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوت، بەپێی ئەم ڕێککەوتنەش بزووتنەوەی گۆران هەر مەرجێکی هەبوو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەسەند کرا و لەسەر ئاستی بەشداریی کوردیش لە حکومەتی بەغدا، دیسان پارتی سازشی

**بانگەشەی بەڵێ یان نەخێر، گوتارێک نییە ئاراستەی حکومەت، یان پەرلەمانی ئەو هەرێمە بکرێت کە دەیەوێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات، بەڵکو بژارەی (بەڵێ و نەخێر) موخاتەبەی حکومەتی نەتەوەی سەردەستە بەوەی تاچەند ئەو هەرێمە لە چوارچێوەی مانەوەی لەو دەوڵەتەدا سوودمەند دەبێت، وەک لەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدات**

**بانگەشەی (بەڵێ و نەخێر)ی پرۆسەی ریفراندۆم لە ئەزموونی هەموو ئەو گەلانەی ئەم پرۆسەیان بۆ سەربەخۆیی ئەنجام داوە، بریتی نییە لەوەی گرووپێک بەرببێتە گیانی گەل و حکومەتی خۆی و بە یەک وشەش باس لە بەرژەوەندی و مافەکانی نەتەوەکەی نەکات کە لەلایەن حکومەتی نەتەوەی سەردەستەوە پێشێل کراون**

**ئەگەر ناسەقامگیری سیاسی بوونی نەبووبێت، ئەوا کوردستان ڕووبەڕووی هەر کێشە و کارەساتێک بوویێتەوە، ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە هەموو کێشەو کارەساتەکان گەورەتر بووە**



**بۆ ئەوەی ڕاشكاوانە قسە لەسەر ئەو خەڵكانە بكەین كە بەناوی گروپەوە بانگەشە بۆ دەنگی (نەخێر بۆ سەربەخۆیی كوردستان) دەكەن، ئەوا دەبێت زۆر ڕاستگۆیانە باس لەوە بكەین كە بانگەشەی ئەو گرووپە ناكەوێتە چوارچێوەی ئازادیی ڕادەربڕین لەناو سیستمێكی دیموكراتیدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بانگەشەی ئەو گرووپە سەرلێشێواوە ناكەوێتە بانگەشەی (بەڵێ و نەخێر) لە پرۆسەی ریفراندۆمی تەواوی ئەو گەلانەی هەتا ئێستا ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی ئەنجام داوە**

**پارتی دیموكراتی كوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداریكردن لە كابینەی هەشتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێككەوت، بەپێی ئەم ڕێككەوتنەش بزووتنەوەی گۆڕان هەر مەرجێكی هەبوو لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە پەسەند كرا و لەسەر ئاستی بەشداریی كوردیش لە حكومەتی بەغدا، دیسان پارتی سازشی لەسەر جێگری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق كرد كە بەركەوتەی هەڵبژاردنی خۆی بوو، تەنیا لەپێناوی ئەوەی سەقامگیری بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی و كوردستان بتوانێت ڕووبەڕووی هەڕەشە و تەحەدداكان ببێتەوە**

لەسەر جێگری سەرۆكی پەرلەمانی عێراق كرد كە بەركەوتەی هەڵبژاردنی خۆی بوو، تەنیا لەپێناوی ئەوەی سەقامگیری بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی و كوردستان بتوانێت ڕووبەڕووی هەڕەشە و تەحەدداكان ببێتەوە.

ئەگەر تەنیا سەرنجی ماوەی یەك ساڵی سەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی كوردستان بدەین لە ئایاری ٢٠١٤ – ئایاری ٢٠١٥، بە ڕاشكاوی دەبینین كە كوردستان لەماوەی ئەم ساڵەدا ڕووبەڕووی ئەو هەموو كارەسات و نەهامەتییە بووەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی فاكتەری ناسەقامگیری بوونی نەمابوو، لەهەموویاندا بە سەركەوتوویی دەرچووین لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠١٤ حكومەتی نوری مالیكی بوودجە و مووچەی خەڵكی كوردستانی بڕی.
- لە حوزەیرانی ٢٠١٤ ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش موسڵی داگیركرد و كوردستان ڕووبەڕووی شەڕێكی گەورە بووەوە و پاشانیش لە ئابی ٢٠١٤ داعش هێرشی كردە سەر كوردستان و شنگال و چەندین ناوچەی دیكەی كوردستانی داگیركرد.
- بەهۆی هاتنی نزیكەی ١،٨ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و كوردانی سووریا بۆ كوردستان، دیموگرافیای كوردستان زۆر بە كتوپڕی بە ڕێژەی ٣٠٪ زیادی كرد.
- هێزی پێشمەرگەی كوردستان وێڕای ئەوەی پاشەكشەی بە تیرۆریستانی داعش لە باشووری كوردستان كرد، لە هەمانكاتدا پەرلەمان بڕیاری دا كە هێزی پێشمەرگە بنێرێت بۆ هاوكاری ڕۆژئاوا و كۆبانێ لە كەوتن ڕزگاری بوو.
- شاندی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە سەرۆكایەتی بارزانی سەردانی كۆشكی سپی كردو زۆر بە ڕاشكاوانە باسی پرۆسەی سەربەخۆیی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما كراو ئەمریكا ڕاشكاوانە بە شاندەكەی ڕاگەیاندبوو كە ئەوان دژی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان نین.
- خەڵكی كوردستان وێڕای بێ مووچەیی و شەڕێكی نەخوازراوی گەورە، بەڵام دەستە دەستە ڕوویان لە بەرەكانی شەڕ دەكردو بەرگرییان لە كوردستان دەكرد، بە شێوەیەكی گشتی سەقامگیری پرۆسەی سیاسی ببووە هۆكاری ئەوەی ئیرادەی خەڵكی كوردستان بارتەقای هەموو ئەو هەڕەشە و تەحەددییانە بوەستێتەوە، بەسەر هەموشیاندا زاڵ بێت.

بەڵام مخابن، لەپڕ و بەبێ ئەوەی هیچ هۆكارێكی موقنیع و پێویست بوونی هەبێت، لەژێر پەردەی هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، جارێكی دیكە شەخسی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان، باری سەقامگیریی سیاسیی كوردستانیان تێكداو جارێكی دیكە خەریك بوو كوردستان بگەڕێتەوە بۆ ناو بازنەی پاشاگەردانی و شەڕی ناوخۆ، بەڵام ئەمجارەیان پارتی دیموكراتی كوردستان بڕیاری دا بەهەر نرخێك بێت، ڕێگە لە ناسەقامگیری و پاشاگەردانی بگرێت، بۆیە ڕێككەوتنەكەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوەشاندەوە.

ئەگەر بێ لایانەنانە سەیری پرۆسەی ئەزموونی دیموكراتی هەرێمی كوردستان بكەین لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، دەبینین ڤایرۆسی



ترسناك لە جەستەی ئەم ئەزموونە دیموكراتییە، ئەو هەوڵانەیە كە بۆ ناسەقامگیری سیاسی دراون، بەپێچەوانەوە ئەگەر ناسەقامگیری سیاسی بوونی نەبوویێت، ئەوا كوردستان رووبەڕووی هەر كێشە و كارەساتێك بوویێتەوە، ئیرادەی خەڵكی كوردستان لە هەموو كێشەو كارەساتەكان گەورەتر بووە .

## ● پرۆسەی ریفراندۆم و هەندێك هەوڵی نەزۆك بۆ تێكدانی سەقامگیریی كوردستان

بۆ ئەوەی راشكاوانە قسە لەسەر ئەو خەڵكانە بكەین كە بەناوی گروپەوە بانگەشە بۆ دەنگی (نەخێر بۆ سەربەخۆیی كوردستان) دەكەن، ئەوا دەبێت زۆر راستگۆیانە باس لەوە بكەین كە بانگەشەی ئەو گرووپە ناكەوێتە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕین لەناو سیستمێكی دیموكراتیدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بانگەشەی ئەو گرووپە سەرلێشێواوە ناكەوێتە بانگەشەی (بەڵێ و نەخێر) لە پرۆسەی ریفراندۆمی تەواوی ئەو گەلانەی هەتا ئێستا ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی ئەنجام داوە.

بانگەشەی (بەڵێ و نەخێر)ی پرۆسەی ریفراندۆم لە ئەزموونی هەموو ئەو گەلانەی ئەم پرۆسەیان بۆ سەربەخۆیی ئەنجام داوە، بریتی نییە لەوەی گرووپێك بەربیێتە گیانی گەل و حكومەتی خۆی و بە یەك وشەش باس لە بەرژەوەندی و مافەكانی نەتەوەكەی نەكات كە لەلایەن حكومەتی نەتەوەی سەردەستەوە پێشێل كراون.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ئەو پرسیارە كە ئایا بژارەی (بەڵێ و نەخێر) لە پرۆسەی ریفراندۆم و ئەزموونی نەتەوەكان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ لە وەڵامدا دەبێت بڵێین: بێگومان بانگەشەی بەڵێ یان نەخێر، گوتارێك نییە ئاراستەی حكومەت، یان پەرلەمانی ئەو هەرێمە بكرێت كە دەیەوێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات، بەڵكو بژارەی (بەڵێ و نەخێر) موخاتەبەی حكومەتی نەتەوەی سەردەستە بەوەی تاچەند ئەو هەرێمە لە چوارچێوەی مانەوەی لەو دەوڵەتەدا سوودمەند دەبێت، وەك لەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدات. بەڵام كاتێك حكومەتی عێراق

**لەو رۆژەوەی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستبەكار بوو، خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا لە یەكێتی نیشتمانی كوردستان جیابۆوەوە و لێكترازنێكی گەورەی لەناو ماڵی یەكێتی دروست كردو سەقامگیری سیاسیی ناو یەكێتی گۆڕی بۆ ناسەقامگیرییەكی تەواو، هەروەها هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی رێككەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەكێتی هەڵبوەشێنێتەوە**

**لە ڕێککەوتنی ستراتیژی و دابەشکردنی دەسەڵات و پشکەکانی کوردستان لە حکومەتی فیدرالی عێراق لە نێوان پارتی و یەکێتی، پێش ئەوەی ئامانج لێی پەرەپێدانی دیموکراتی بێت، ئامانجی سەرەکی پاراستنی سەقامگیریی کوردستان بووە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر سەقامگیری بوونی نەبوو، دیموکراتییش بوونی نابێت**

**دەکرێت لەسەر زەمینەیەکی سەقامگیر هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی هەڵبگیرێت، بەڵام بە دیموکراتی ناتوانرێت پاشاگەردانی و بێ نیزامی بگۆڕێت بۆ سیستمێکی دیموکراتی**

**ئاماژەکردن بۆ دەستپێکی بونیادنانی ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستاندا، کای کۆن بە باکردن نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دەسنیشانکردنی ڤایرۆسی هەڕەشەی تێکدانی سەقامگیریی کوردستان، کە لەماوەی ٢٥ساڵی ئەزموونی حوکمڕانیدا، بواری ئەوەی نەداوە دیموکراتییەکی ساغلەم لە کوردستاندا بێتەئاراوە**

خۆی پیلانی بۆ نەمانی هەرێمی کوردستان دارِشتبێت و لە شەڕی دژی داعشدا سەروەریی خاکی کوردستانی بە سەروەریی عێراق نەزانیبێت و بێباك بوویێت لەوەی ئەم هەرێمە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیربکرێت و لەسەرووی هەمووشیانەوە بودجە و مووچەی کوردستانی وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا بڕیبێت، ئیدی چۆن و بە چ لۆژیکێك، کەسانێك هەبن کە بانگەشە بە (نەخێر بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بکەن و پشت لەهەموو پێشێلکارییەکانی حکومەتی عێراق دژ بە خەڵکی کوردستان بکەن و هەموو هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لە حکومەتی خۆیان بەربن.

بارودۆخی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق، لە بارودۆخی پەیوەندیی نێوان هیچ دەوڵەتێکی فیدرالی و هەرێمێك لەناو دەوڵەتە فیدرالییەکە ناچێت، هەر بۆیە بەراوردکردنی ریفراندۆمی کوردستان بە ریفراندۆمی جیابوونەوەی کیوبیك لە کەنەدا، یاخود جیابوونەوەی سکۆتلەندا لە ئینگلتەرا، تەنانەت لە ریفراندۆمی جیابوونەوەی کەتەلۆنیاش لە ئیسپانیا ناچێت، هۆکاری سەرەکی بۆ جیاوازی نێوان پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان و هەریەك لە پرۆسەکانی ریفراندۆمی کویبیك و سکۆتلەنداو کەتەلۆنیا ئەوەیە، لەژێر هیچ بارودۆخێکدا پەیوەدنی نێوان سکۆتلەنداو بەریتانیا، کیوبیك و کەندا، کەتەلۆنیاو ئیسپانیا، چوارچێوەی دەستووری فیدرالیی ئەو دەوڵەتانەی نەبەزاندووە و حکومەتی فیدرالی ئەو دەوڵەتانە خۆی لە پابەندبوونەکانی هەرێمە فیدرالییەکەی دانەماڵیوە، بۆیە ئەگەر بەشێك لە هاووڵاتیانی کیوبیك، یان کەتەلۆنیا، یان ئۆسکۆتلەندا، داکۆکی لەو مافانە بکەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتانی فیدرالی کەندا و بەریتانیا و ئیسپانیا بۆ گەلەکانیان دابین کراوە، ئەوە مافی خۆیانە لە روانگەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانییەوە بڵێن نەخێر جیانابینەوە و بەشێك دەبین لەو دەوڵەتانە، بەڵام کاتێك حکومەتی بەغدا بە تەنیا یەك ماددەی دەستووری دەوڵەتی فیدرالی عێراقەوە پابەند نەبێت و کوردستان وەك بەشێك لە عێراق سەیر نەکات، ئایا بەچ هەقێك خەڵکانێك بانگەشە بۆ نەخێر بکەن و پاشانیش بە پێوەری ئەزموونی کەنەداو بەریتانیاو ئیسپانیا، بە ئازادیی رادەربڕین لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتیدا بۆیان لە قەڵەم بدرێت؟!

کەواتە بانگەشەکردن بۆ نەخێر ناکەوێتە بازنەی ئازادیی رادەربڕینی بژارەی (بەڵی و نەخێر)ی ئەزموونی پرۆسەی ریفراندۆمی گەلانی جیهانەوە، بەڵکو دەکەوێتە بازنەی هەوڵێکی نەزۆکەوە بۆ ئەوەی سەقامگیریی کوردستان بشێوێنێت.

بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر هۆکارەکانی لاوازیی حکومەت و هەڵنەسووڕانی دامەزراوەکان وەك ئەوەی پێویستە کراون، حکومەتی لاواز لە سیستمی دیموکراتیدا ئەو حکومەتەیە کە خۆی پاپەند دەکات بە فرەحزبییەکی سەپاوی نابەرپرسیارەوە، ئەم خۆپابەندکردنە بەم فرەحزبییەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانێت هیچ بڕیارێك بدات، لەمەش زیاتر نەتوانێت راستگۆیانە کێشەوگرفتی حکومەتەکەی لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی باس بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە ئەمە وادەکات لەسەر ئاستەکانی حوکمڕانی، سیاسەتی ئابووری، پرۆسەی سیاسی، ناسەقامگیرییەکی فرەڕەهەند بێتەئاراوەو لەمەش خراپتر ئەوەیە کاتێك ئەم ناسەقامگیرییە فرەڕەهەندە دروست دەبێت، ئەوا ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، کارێکی ئاسان نابێت کە حکومەت بتوانێت بە ئاسانی ئەم ناسەقامگیربیە فرەڕەهەندییە بگێڕێتەوە بۆ سەقامگیرییەکی تەواو.

ئەو نەتەوانەی بە پەتای ناسەقامگیریی فرەحزبیی نابەرپرسیاردا تێپەڕیون، باش دەزانن، خۆ پابەندکردن بەو فرەحزبییە نابەرپرسیارەوە کێشەکان هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکات و تەنانەت شکۆی نەتەوە و دەوڵەتە دەخاتە مەترسیەوە، هەر وەك چۆن فەڕەنسا لە ماوەی کۆماری چوارەم (١٩٤٦-١٩٥٨) گەیشتە ئەو ئاستەی کە بکەوێتە دووڕیانی مان و نەمانەوە، هەر بۆیە لەمجۆرە حاڵەتەدا دەبێت رێگایەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو فرەحزبییە نابەرپرسیارە بگۆڕێت بۆ فرەحزبییەکی بەرپرسیار، ئەم پرۆسەیەش بە دیالۆگی نێوان حزبەکان دروست نابێت، بەڵکو دەبێت فەزایەکی عامی ئەوتۆی بۆ دروست بکرێت کە راستەوخۆ لەگەڵ

تەواوی تاکەکانی گەلدا بۆچوونەکان لەسەر سەقامگیری و پاشاگەردانی تاوتوێ بکرێت. دیگۆل بۆ ئەوەی فەڕەنسا لە گێژاوی فرەحزبیی نابەرپرسیار رزگاربکات، ماوەی ١٢ساڵ هەوڵیدا بۆ ئەوەی گەلی فەڕەنسا بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم فرەحزبییە نابەرپرسیارە، فەڕەنسا بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات، بۆیە کاتێك فرەحزبیی نابەرپرسیار کۆتایی هات و دیگۆل کۆماری پێنجەمی راگەیاند، نەك هەر تەنیا کۆماری پێنجەم شکۆی بۆ گەل و دەوڵەتی فەڕەنسا گێڕایەوە، بەڵکو فەڕەنسا بەردی بناخەی یەکێتی ئەوروپای داناو بووە ئەو دەوڵەتەی کە بتوانێت هەموو ئەوروپای رۆژئاوا ئاراستە بکات.

بۆ ئێستای کوردستانی باشوور، کە دیاردەی فرەحزبیی نابەرپرسیار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەریەکەو بە جۆرێك باسی کێشەکانی کوردستان بکات، بەڵام پرۆسەی سیاسی و سیستمی سیاسیی کوردستانی باشوور، بێجگە لە مەترسی و هەڕەشەی فرەحزبیی نابەرپرسیار و دروستکردنی ناسەقامگیریی سیاسی، هیچ کێشەیەکی دیکەی نییە، ئەوجا ئەم دیاردەی دروستکردنی ناسەقامگیری سیاسییە بە جۆرێك رەگ و ریشەی لەو بەشەی کوردستانی باشوور داکوتاوە، کە ماناو چەمکی سیاسەتکردنی لە (سیاسەت وەك هونەری مومکینات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان)ی گۆڕیوە بۆ (تەرخانکردنی هەموو هەوڵەکان بۆ دروستکردنی کێشە و ناسەقامگیری سیاسی)، لەمەش خراپتر ئەم دیاردەیە لە پیشەی حزبە نابەرپرسیارەکان دەرچووەو گواستراوەتەوە بۆ ئەو خەڵکانەی کە دەیانەوێت لاسایی حزبەکان بکەنەوە، دروست وەك ئەو دیاردەیە ئێستا لە رۆژئاوا دروست بووە و پێیان دەڵێن ( گورگە تەنیاکان- Lone Wolf)، ئەمەش بەو خەڵکانە دەگوترێت کە هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش و ئەلقاعیدە کاری تیرۆریستی و خۆکوژی ئەنجام دەدەن، بەڵام هیچ کام لەو خەڵکانە نە ئەندامی داعش و قاعیدەن، نە ئەندامی هیچ رێکخراوێکی تیرۆریستین، بەهەمان شێوە لە ئێستای بارودۆخی سیاسیی کوردستانیشدا، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری و شێواندنی بارودۆخی کوردستان لەلایەن خەڵکانێکەوە برەوی پێدەرێت کە خۆیان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسی نین، بەڵام هەوڵدەدەن لاسایی ئەو حزبە سیاسییانە بکەنەوە کە ئامانجیان دروستکردنی ناسەقامگیرییە لەکوردستاندا.

لە ئێستادا کە بەرەو پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوول هەنگاو هەڵدەگرین، تا رادەیەکی زۆر فرەحزبیی بەرپرسیارانە لە فرەحزبی نابەرپرسیارانە جیابۆتەوە، بەڵام هێشتا متمانەی نێوان ئەو فرەحزبیی بەرپرسیارانە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە گوتارێکی بوێرانە سنوورێك بۆ فرەحزبیی نابەرپرسیارانە دابنرێت، لە هەمانکاتدا بەرژەوەندیی ئەو حزبانەی سوود لە فرەحزبیی نابەرپرسیارانە وەردەگرن، بە ئاستێکە کە (گورگە تەنیاکانی دژی سەقامگیری) زۆر بە ئاسانی سوود لەو ژینگەیە وەربگرن کە میتۆدی فرەحزبیی نابەرپرسیارانەی ئەو حزبانە دروستی دەکەن.

لەم جۆرە ژینگە سیاسییەی کە فرەحزبیی نابەرپرسیار دروستی دەکات، ئەو حزبانە بچووك دەبنەوە بۆ دەستەبژێرێك لە چوارچێوەی ئامانجێکی شاراوەدا و دەیانەوێت لە رێگەی ئەو دەستەبژێرەوە رای گشتی ئاراستە بکەن، بۆیە ئەگەر فەزایەکی عامی فراوان دروست بکرێت و خەڵك ئازادانە لەسەر ئامانجی شاراوەی دروستکردنی ناسەقامگیریی سیاسی لە کوردستاندا قسە بکەن، ئەوا لەبری ئەوەی گوتاری دەستەبژێرێك ئاراستەی رای گشتی بکات، ئەوا گوتارێکی میللی دروست دەبێت کە گوتاری ئەو دەستەبژێرە ریسوا بکات و بیناخاتە پەراوێزەوە، هەر بۆیە لە ئێستا کە بەرەو ریفراندۆم دەچین و ریفراندۆمیش پرۆسەیەکی نیشتمانیی هەر تاکێکی کوردستانە، گرنگە بازنەی گوتاری میللی لە فەزای عامی کوردستاندا بە رادەیەك فراوان بکرێت کە ئەو دەستەبژێرەی هەندێك حزب کە دەیانەوێت ناسەقامگیری دروست بکەن، نەتوانن لەژێر پەردەی ئامانجێکی شاراوەدا ناسەقامگیری دروست بکەن، یان بە بیانووی ئەوەی ئەم وڵات سنوورمان لێ دادەخات و ئەو وڵات هەڕەشەمان لێ دەکات، ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکیدا بڵاو بکەنەوە.

**بونیادی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی پێش هەموو شت پێویستی بە دەڵەوتە، ئەو دەوڵەتەش دەبێت توانای دابینکردنی سەقامگیری هەبێت، کاتێک سەقامگیر بگۆڕێت بۆ ناسەقامگیری، یان لایەنە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بێت ناسەقامگیری سیاسی دروست بکەن، ئەوا لەو حاڵەتە سیستمی دیموکراتی دەبێتە سیستمێکی نەخۆش و سیستمەکە شەرعیەت و ئەهلییەتی نامێنێت**

**پێدەچێت هەوڵەکان بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری و تەناهی بۆ ئەم ناوچە شکستخواردووە، پێویستی بە رێککەوتنێکی دیکەی ویستفالیای ساڵی ١٦٤٨ی ئەوروپا هەبێت کە بە دامەزراندنەوەی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ کۆتاییان بەشەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی هێنا و سەقامگیری بۆ ئەوروپا گەڕایەوە**

**بەبێ دەوڵەت بەگشتی و دەوڵەتی نەتەوەیی نیشتمانی یان نەتەوەیی بەتایبەتی، سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بونیاد نانرێت و ئەگەر هەر هەوڵێکیش بۆ بونیادی ئەم سیستمە بخرێتە گەڕ بێجگە لە سیستمێکی دیموکراتی نەخۆش (Illiberal Democracy) کە دەکرێت پێی بگوترێت سیستمێکی دیموکراتی بەتاڵ، شتێکی دیکەی لێ بەرهەم نایەت**

# دەوڵەتی کوردستان
# لانکەی ئازادییە ئایینییەکان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕاپۆرتی ئەمساڵی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تایبەت بە مافەکانی پێکهاتە ئایینییەکان لەهەرێمی کوردستاندا ئاماژە بۆ پێشکەوتنێکی گەورەو بەرچاو دەکات لە بواری ئازادییە ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

دیارە ئەم پێشکەوتنەو بەردەوامیی کوردستان لەسەر تۆلێرانس و چەمکی پێکەوەژیان و قبوولکردنی ئەوی دی، دەرئەنجامی تێگەیشتنی کوردانەیە لە ئایین و بەرهەمی سەدان ساڵەی تێگەیشتنی مرۆڤدۆستانەی عاریف و زاناو داناو حوکمڕانی کوردە لە بواری ئازادیی ئایینیدا بۆ گشت ئایین و ئایینزاکانی کوردستان.

ئازادیی ئایینی وەك هەر جۆرێکی دی لە ئازادییەکان مافێکی ڕەوای هەموو تاك و کۆمەڵێکە، لێرەوە جێگەی خۆیەتی کۆمەڵگە و دەوڵەت پێکەوە لە خەمی دەستەبەرکردنی ئەم مافە گرنگەی مرۆڤەکان بن، لە پێناوی ڕێکخستنی پەیوەندیی ئاشتییانەی نێوان تاك و گروپەکانی نێو کۆمەڵگە.

ئازادی بەگشتی و ئازادیی ئایینی بەتایبەتی، یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئازایەتی هەر دەسەڵاتێك دەخاتەڕوو لە بواری ئازادییە گشتییەکاندا، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئازایە کە ئازادیی لە کەس زەوت ناکات.

لە ڕووی دەرەوەشدا یەکێك لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەچاك ناسینی هەر حکومەت و دەسەڵاتێك مەسەلەی ئازادی و ئازادیی ئایینییە.

لەبەر ئەم هۆیە و هۆی دیکەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە وەزارەتی دەرەوەدا، نووسینگەیەکی تایبەتی بە ئازادییە ئایینییەکان هەیە بەناوی (نووسینگەی نێودەوڵەتیی بۆ ئازادی ئایینی) کە باڵیۆزێکی تایبەت سەرۆکایەتی دەکات و ساڵانەش ڕاپۆرتێك دەردەکات و ڕەوشی ئازادیی ئایینی لە وڵاتانی جیهان دەخاتەڕوو، پاشان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وێنەیەك لەو ڕاپۆرتە دەداتە هەریەك لە سەرۆکی ئەمریکاو کۆنگرێس، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتەشدا زۆرجار یارمەتییە داراییەکانی لە هەندێك لەو دەوڵەتانەدا دەبڕێت کە دژ بەئازادییە ئایینییەکان کاریان کردووە.

مێژووی ئەم نووسینگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەمپینەی کە لە ساڵی (١٩٩٥) (مایکل هۆرۆفیتز) ڕێکیخست و، دواتر لە ساڵی (١٩٩٧) (بیل کلینتۆن) ڕەزامەندیی لەسەر دا، پاشان لە ساڵی (١٩٩٨) کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر یاسای ئازادییە ئایینییەکان پیشان دا.

ئەم نووسینگەیە، کە یەکەم ڕاپۆرتی لە ساڵی (١٩٩٨)دا بڵاوکردەوە، بەپێی پێوەرەکانی ئەم نووسینگەیە ئەم کارانەی لای خوارەوە لە حاڵەتی ئەنجامدانیاندا بە پێشێلکاریی ئازادیی ئایینی دادەنرێن، بۆیە پێویستە کۆمەڵگە و دەسەڵات خۆیانی لێ بەدوور بگرن:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەلایەن دەسەڵاتەوە دژ بە کۆمەڵە ئایینییە ئاشتیخواز و بێ زیانەکان، بە جۆرێك کە لە ترساندا نەوێرن بە ئاشکرا بچنە پەرستگاکانیانەوە.

دووەم: توندوتیژی دژی کەمینەکان و ناسنامەی ئایینی و نەتەوەییان.

سێیەم: توندوتیژیی کۆمەڵگە دژ بە کۆمەڵە ئایینییەکان و دەستەوەستان و بێباکیی دەسەڵاتیش لەم بارەیەوە.

چوارەم: داڕشتنی یاساو پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی ئایینی بۆ زاڵکردنی زۆرینە لەسەر کەمینەدا.

پێنجەم: پۆلێنکردنی گروپێکی ئایینی لە خانەی تایفەیەکی ترسناك، یان ئایینێکی ترسناکدا.

دیارە هەموو ئەمانەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەم پرسیارە دەست پێدەکات: کامیان لەپێش ئەوی تردایە: ئایین یان ئازادی؟

دیارە لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەدا کە زۆرلێکردن لە ئایینیدا نییە، دەردەکەوێت کە ئازادی لەپێش ئایینداید، چونکە مرۆڤەکان بە ئازادی ئایین هەڵدەبژێرن و بە ئازادییش سرووتەکانی ئایین و پێداویستییەکانی جێبەجێ دەکەن.

ئازادی مافێکی سەرەکی و خواپێدراوی گشت مرۆڤەکانە، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، بە ئازادی و لە ئازادیدا مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەشدا، قورئان ڕووبەرێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ لێدوان لەسەر ئازادی و مرۆڤی ئازاد و ئازادکردنی گەردنی مرۆڤەکان لە کۆیلەبوون، بەچەندین ڕێگەی جیاجیا، وەك بڵێی ئازادیی مرۆڤێك یەکسان بێت بە ژیانکردنەوە بە بەری مردوویەکدا، چونکە لە قورئاندا ئاماژەکان دەڵێن: ئیمانی ڕاستەقینە لە سایەی ئازادی و لە ئامێزی ڕۆشناییدا دادەمەزرێت و، ژیانی ڕاستەقینەش لە سێبەری ئازادیدا گەشە دەکات.

# سەربەخۆیی دوابژاردە

گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژووی سەپاندن و لکاندنی بە عێراقەوە، هەموو جۆرە هەوڵێکی داوە تاوەکو بتوانێت برایانەو ئاشتییانە لەناو عێراقدا خۆی بگونجێنێت و بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگات، بەڵام هەمیشە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، لە پاشایەتییەوە بگرە تا شۆڕشگێڕی و کۆماری و حکومەتە کۆمارییە پەرلەمانییە دیموکراتییە کارتۆنییەکانی دوای پرۆسەی رووخانی رژێمی سەدامیشەوە، ئەوەی پێیانکرابێت و توانیبێتیان لە مافەکانی ئێمەیان زەوت کردووە، بگرە هەر کاتێکیش بەهەێزبووبن، هەوڵی پاکتاوکردنی میللەتی ئێمەیان داوە، بۆیە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە سایەی خوێنی شەهیدان و ئەزموونی حکومڕانیی کوردستانەوە بەدیهاتووە، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٦/٧/٢٠١٧ بڕیاریان دا، چیدیکە ئەم سەودا سووتاوە لەگەڵ عێراقدا دووبارە نەکەنەوە و چارەنووس و داهاتووی ئەم میللەتە لە رێگای ریفراندۆم و بژاردەی مانەوە و نەمانەوە لەگەڵ عێراقدا بخەنە بەردەم گەلی کوردستان و خەڵك سەرپشك بکەن بۆ بڕیاردان لە داهاتوویان، ئەمەش دیموکراتیترین و یاساییترین رێگایە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس لە جیهاندا، هەر وەك چۆن گەلی ئەلبانی کۆسۆڤۆ و کەمە نەتەوەییەکانی تری، دوای ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە حکومەتەکانی سربیا دەرحەقیان دەیکرد، بڕیاریان دا ریفراندۆم بکەن، زۆرینەی زۆری گەلی کۆسۆڤۆ کە ژمارەی دانیشتووانەکەی نیوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە، بژاردەی سەربەخۆییان هەڵبژارد و بڕیاری جیابوونەوەیان لە سربیا دا، ئەوە بوو دواتر و لە ساڵی (٢٠٠٨) بە یەکجاری جاڕی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی خۆیان لە دەوڵەتی سربیا دا، هەر رۆژێ دوای جاڕدانەکەش ئەمەریکا و فەڕەنسا و چەندین وڵاتی تری جیهان دانیان بە سەربەخۆییەکەیدا نا، هەرچەندە سربیا بە پاڵپشتی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو رووسیا گوشارێکی زۆری کرد و باڵیۆزی خۆی لە زۆرێك لەو وڵاتانە کشاندەوە، بەڵام هیچ کام لەو گوشارانە سەری نەگرت، ئێستا زۆرێك لە وڵاتانی جیهان پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆدا هەیە. بۆیە هەرچەندە رێگرییەکان گەورە بن، ناتوانن بە بەردەوامی دژی خواستی گەلێك بنەوە کە سووربێت لە سەر مافی چارەی خۆنووسین.

ئێستا بە هەموو پێوەرەکان لەبارترین کاتە بۆ دەنگدان و جیابوونەوەی گەل و خاکی کوردستان لە عێراق، لەبەرئەوەی ئێستا حکومەتی کوردستان ئیعتبارێکی گەورەی نێودەوڵەتی هەیە و ناوچە دابڕێندراوەکانیش بە دەست و بازووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەڕاونەتەوە سەر خاکی کوردستان، دەوڵەتانی جیهانی و تا رادەیەك ناوچەییش، هیچ کات وەك ئێستا لە رەوایی داواکانی ئێمە نەگەیشتوون، بۆیە هەموو ئەو گوشارانەی کە دەیشیکەن زیاتر گوشاری ساردن و لەبەر گەلی خۆیان و بەرژەوەندییە سیاسی و سیادییەکانن، ئەویش ئەگەر ئێمە یەکگرتوو بین و سووربین لەسەر داواکانمان، دواجار هیچ وڵاتێك ئەو مافەی نییە ببێتە رێگر بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ماوەیەکی زۆرە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ناوەندە نهێنی و ستراتیژییەکانی جیهاندا گفتوگۆ و گەنگەشە دەکرێت و هەموان دەزانن بەم زووانە ناوچەکە ژانی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی تازە دەیگرێت و دەوڵەتی کوردستان دەبێتە دیفاکتۆ.

بۆیە من وەك ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەری خەڵکی کوردستان داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بە هەموو رەنگ و دەنگە جیاوازەکانەوە، بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە و داهاتووی نەوەکانمان، ناکۆکییە سیاسییەکانی خۆتان بەلاوەبنێن، وەك چۆن دوژمنانی میللەتەکەمان، هەمیشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێمە وایان کردووە، با ئەمجارە ئێمەش هەموومان بۆ ئەم بەرژەوەندییە نیشتمانییە گەورەیە ببین بە یەك و لەپێش چاوی هەموو جیهان بەشداری لە ریفراندۆم بکەین و بە سەرکەوتنی گەورەی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) ئیرادەی بەهێز و گەورەی گەلی کورد پیشانی هەموو جیهان بدەین و بگەین بەو دەوڵەتەی کە شایستەی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمانە.



**شیلان جەعفەر شێخ عەلی**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**
بۆ گوڵان نووسیویەتی



رۆبەرت پیەرسۆن باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا بۆ گوڵان:

# ئێران سوودمەند بووە لە ناسەقامگیریی ناوچەکە و بۆ برەودان بە دەسترۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا بەکارهێناوە

**رۆبەرت پیەرسۆن توێژەرە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بارەگاکەی لە واشنتۆنە، بایەخێکی تایبەتی دەدات بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا. هەروەها بەدواداچوون دەکات بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، رووسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای رۆژهەڵاتی و، ئەمریکا. رۆبەرت پیەرسۆن لە ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە تورکیا، هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتگوزاریی دەرەکی بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٦، کاری لەسەر دووبارە رێکخستنەوەی خزمەتگوزاریی دەرەوەی ئەمریکا کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئاستی تەحەددییەکانی سەدەی ٢١دا بێت و لە بەرامبەر هەوڵ و کۆششەکانیدا دوو خەڵاتی نەتەوەیی بەدەستهێناوە. لە ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٤ سەرۆکی رێکخراوی (International Research & Exchanges Board) بووە کە رێخراوێکی پەرەپێدانی ناحکومییە و بارەگاکەی لە واشنتۆنە و لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا بوار و مەودای کارکردنی ئەم رێکخراوە ١٢٥ دەوڵەتی گرتەوە. چەندین وتاری هەیە لەبارەی دیپلۆماسییەت، سیاسەتی دەرەکی، تورکیا، رێکخراوە ناحکومییەکان و پەرەپێدانەوە، بەردەوامیش شرۆڤە و لێکدانەوە دەکات بۆ پرسەکانی پەیوەست بە تورکیا، پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و رۆڵی دیپلۆماسییەتی ئەمریکا لە بواری دەرەکیدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی گرنگی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە تایبەت بوون بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا و رۆڵ و کاریگەری تورکیا لە ناوچەکە و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پرسی شەڕی داعش لە عێراق و چەند پرس و بابەتێکی گرنگی دیکە، کە لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** هەروەك ئاشكرایە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەسەندن و پێشهاتی بێ پێشینە بە خۆیەوە دەبینێت، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و پێتانوایە ئەولەوییاتی ئیدارەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا چین؟**

- لە راستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە رووبەڕووی کۆمەڵێك تەحەددی بۆتەوە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە هەوڵی سەقامگیرکردنی دۆخی ناوچەکەو تێکشکاندنی داعش بدات، کەواتە ئەمانە دوو ئەولەوییەتی ئەمریکان. دواتر دەبێت مامەڵە لەگەڵ دژوارییەکانی دۆخی عێراق، هەروەها سووریا و تورکیا و بە هەمان شێوە رەوشی کورددا بکات، بە کورتی کۆمەڵێك دژواری لەئارادان کە ئەمریکا هەوڵی ئیدارەدانیان دەدات.

*** بەڵام تا چەند لە توانای ئیدارەی ئەمریکادایە کە ئیدارەی ئەو هەموو تەحەددی و قەیرانە قورس و قووڵانەی ناوچەکە بکات؟**

- بەڵێ، دەقاودەق ئەمە پرسیارەکەیە، کە من پێموایە پێویستە ئەمریکا کەم تا زۆر درێژە بەو هەوڵانە بدات کە لە ئێستادا ئەنجامیان دەدات، هەروەك دەزانن کە ژەنەڕاڵ ماتیس- وەزیری بەرگری- و ژەنەڕاڵ دەنڤەر —سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمریکا- چەند جارێك سەردانی ناوچەکەیان کردووە. چونکە ئەمریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تورکیا هاوپەیمانە لە ناوچەکەداو کوردیش دۆستە و ئەوەی لە سووریاش دەگوزەرێت دۆخێکی دژوارەو ئێرانیش مایەی هەڕەشەیە، کە دەبێت کاریان لەسەر بکرێت.

*** باشە ئێوە ئاماژەتان بە تورکیا کرد وەك هاوپەیمانێك، بەڵام لە ئێستادا پەیوەندییەکانی**

**بوون و ئامادەبوونێکی سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا کارێکی پێویستە لە مەودای دووردا، پێشموانییە ئەمریکا دەستەبەرداری عێراق بێت و لە هەمان کاتیشدا دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا لاواز بکات**

**ئەگەر ئێران بیەوێت سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێت و هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، ئەوا ئاستی بارگرژی لە ناوچەکەدا هەڵدەکێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زووە ئەمە یەکلا بکەینەوە، ئەگەرچی دەبێت بە بەردەوامی چاودێری بارودۆخەکە بکەین**

**دەبێت کۆتایی بە بوون و بە خەلافەتەکەی داعش بهێنرێت لە عێراق و سووریا، پێش ئەوەی باسی ئاشتی بکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمریکا ئەمەی کردووە بە ئەولەوییەتی یەکەمی خۆی. چونکە هەر کاتێک ئەو کارە ئەنجام درا، ئەوا بە بۆچوونی من ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە کە زەمینەخۆش بێت بۆ ئەوەی بەرەوپێشچوون لە نێوان لایەنەکاندا بێتەدی**

**هەردوو وڵاتی ئەمریکا و تورکیا داوایان لە بەڕێز بارزانی کردووە کە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دوابخات، واتە ئەوان مەترسیی ئەوەیان هەیە، ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئاستی گرژییەکانی ناوچەکە زیاتر دەبێت**

**نێوان ئەمریکا و تورکیا بە قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕێت، ئایا ئێوە وەك باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا و وەك کەسێك کە بە دواداچوون دەکەن بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا، چۆن وەسفی ئەو پەیوەندییانە دەکەن؟ ئایا گرفتئامێزە، یان بارگاوی بە بارگرژی، یان لە تەنگژەیەکی قووڵدایە؟**

- نەخێر، من پێم وانییە لە تەنگژەیەکی قووڵدا بێت، بەڵکو پەیوەندییەکان لە ئێستادا گرفت ئامێزن، کە جیاوازی قووڵ هەن لەبارەی ئەوەی دەبێت ئەولەوییەتی یەکەم چی بێت، ئەولەوییەتی یەکەمی ئەمریکا تێکشکاندنی داعشەو هەنگاوهەڵگرتن و بەرەوپێشچوونە لە بەدیهێنانی چارەسەرێکی ئاشتییانە لە سووریا، بەڵام ئەولەوییەتی تورکیا کوردی ئەو وڵاتەیە. لەبەر ئەوە، دەتوانم بڵێم ئێمە جیاوازی جددیمان هەیە لەگەڵ تورکیا، بەڵام ئێمە بەردەوامین لە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا.

*** بەڵام هەندێ لە شرۆڤەکان باس لەوە دەکەن لەبەر ئەوەی ئەمریکا بەرهەڵستی و نارەزایەتییەکانی تورکیای لەبەرچاو نەگرت لە پەیوەندی بە پێدانی چەك بە کوردی سووریاوە، ئەوا ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بکەوێتە رەوتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکدا، ئایا لەگەڵ ئەمەدا هاوڕایت؟**

- نەخێر، من هاوڕام نیم. ئەمریکا لە چەندین بۆنەدا ئەوەی بۆ تورکیا روون کردۆتەوە کە پێویستە داعش تێکبشکێنێت، لەم رووەوە داوای هاوکاری لە تورکیاش کردووە، بەڵام تورکیا تێکشکاندنی داعش بە ئەولەوییەتی یەکەمی خۆی نازانێت و بەردەوام گلەیی و گازەندەی کردووە لە بەرامبەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە کوردی سووریاوە. منیش دەمەوێت ئەوە بە بیر خوێنەرانتان بێنمەوە کە مەسەلەکە ئەوە بوو لە سەرەوەختی هەڵکشانی داعشدا تورکیا بڕیاریدا هاوکار نەبێت لە شەڕی دژ بە داعشدا، لە کاتێکدا کورد بڕیاری هاوکاریکردنی دا، لەبەر ئەوەش بوو کە ئەمریکا پشتیوانی کردن.

*** ئەگەر باسی پەیوەندییەکانی تورکیا بکەین بە دەوڵەتە دراوسێکانەوە، ئەوا لە ماوەی ساڵانی پێشوودا تورکیا باسی لەوە دەکرد کە دەیەوێت هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا نەمێنێت، بەڵام لە ئێستادا واقیعەکە ئەوەیە کە دەوڵەتێکی دراوسێ نەماوە، رەنگە بتوانین بڵێین -جگە لە هەرێمی کوردستان- کە تورکیا کێشەی لەگەڵدا نەبێت، بە تێڕوانینی ئێوە ئەمە چۆن و بۆچی روویدا؟**

- لە راستیدا رەنگە تورکیا چەند تمووحێکی هەبێت لە ناوچەکەدا کە دەوڵەتە دراوسێکانی هاوڕا نەبن لەگەڵیدا. لە ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا تورکیا هەوڵی ناوبژیوانی دا، کاتێك ناکۆکی لە سووریا هاتەئاراوە، بەڵام ئەم هەوڵەی شکستی هێنا. هەروەها رەوشەکە بە دڵی تورکیا بەرەوپێش نەچوو، کاتێك ژمارەیەکی زۆری شەڕکەری داعش چوونە سووریا و لە سووریاشدا —هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد- هێرشیان کردە سەر کورد و ئەمریکاش بڕیاری پشتگیریکردنی کوردی دا، ئەمەش دۆخێکی دژواری بۆ تورکیا دروست کرد. لەبەر ئەوەیە کە پێموایە بەڕێز ئەردۆغان نارازییە لە ئەمریکا و لەم روانگەیەشەوەیە روو لە وڵاتانی دیکە دەکات و هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانە و لاوازکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دەدات.

*** ئەگەر باسی پەیوەندییەکانی تورکیا بە هەرێمی کوردستانەوە بکەین، ئەوا ئاشکرایە کە نزیکەی ١٠ ساڵ پێش ئێستا تورکیا بە تێڕوانینێکی دوژمنکارانەوە لەم هەرێمەی دەڕوانی، بەڵام دواتر ئەو دژایەتیکردنە نەك هەر خاو بووەوە، بەڵکو گۆڕا بە پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووریی گەشەکردوو، بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، چ لێکدانەوەیەکتان هەیە؟**

- پێموایە تورکیا بە رادەیەکی گەورە سوودمەند بووە لە بوونی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ کورددا، بەتایبەتی لە پرسی نەوت و بابەتی بنیادنانەوە و بوارەکانی دیکەدا، بەڵام لەوە دڵنیا نیم کە تا چەند ئەو پەیوەندییانە لە ئێستادا سوود بە تورکیا دەگەیەنن.

*** بەڵام لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی داوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کاردانەوە و هەڵوێستی هەر یەکە لە ئەمریکا و تورکیا چی دەبن لە ئاست ئەم ریفراندۆمەدا؟**

- ئەوەندەی من تێیگەیشتبم، هەردوو وڵاتی ئەمریکا و تورکیا داوایان لە بەڕێز بارزانی کردووە کە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دوابخات، واتە ئەوان مەترسیی ئەوەیان هەیە، ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئاستی گرژییەکانی ناوچەکە زیاتر دەبێت.

*** ئایا بە دیاریکراوی هەڵوێستی تورکیا چی دەبێت؟ ئایا پێتوایە دەکەوێتە دژایەتیکردنی کوردستان ئەگەر هاتوو ئەم ریفراندۆمە ئەنجام درا؟**

- تورکیا گوزارشتی لە هەڵوێستی خۆی کردووە سەبارەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە، بەڵام من نازانم تورکیا چ هەڵوێستێکی دەبێت ئەگەر هاتوو ریفراندۆمەکە ئەنجام درا. ئەوەش ئاشکرایە کە پەیوەندییەکی باش لە نێوان بەڕێز ئەردۆغان و بەڕێز بارزانی هەیە، هەروەها پەیوەندیی باشی ئابووری هەیە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لە راستیدا مەحاڵە بتوانین پێشبینی بکەین.

*** ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس لە شەڕی دژ بە داعش بکەین، ئەوا روونە کە داعش لە چەند شوێندا دووچاری تێکشکان بووەتەوە و لە لێواری لە ناوچووندایە، بەلای کەمەوە لە رووی سەربازییەوە، بەڵام هێشتا زۆر کەس نیگەرانە لەوەی کە ئەگەرچی هاوپەیمانان بتوانن سەرکەوتوو بن لە شەڕی دژ بە داعش، بەڵام نەتوانن پارێزگاری لە ئاشتی بکەن، راوبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا من پێموایە دەبێت کۆتایی بە بوون و بە خەلافەتەکەی داعش بهێنرێت لە عێراق و سووریا، پێش ئەوەی باسی ئاشتی بکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمریکا ئەمەی کردووە بە ئەولەوییەتی یەکەمی خۆی. چونکە هەر کاتێك ئەو کارە ئەنجام درا، ئەوا بە بۆچوونی من ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە کە زەمینەخۆش بێت بۆ ئەوەی بەرەوپێشچوون لە نێوان لایەنەکاندا بێتەدی. روودانی ئەمەش بەندە بەوەی لایەنەکان چۆن هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ رەوشەکەدا. بۆ نموونە، ئەگەر ئێران بیەوێت سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێت و هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، ئەوا ئاستی بارگرژی لە ناوچەکەدا هەڵدەکشێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زووە ئەمە یەکلا بکەینەوە، ئەگەرچی دەبێت بە بەردەوامی چاودێریی بارودۆخەکە بکەین.

*** ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەیێت، ئایا سەقامگیرکردنەوەی رەوشەکە پێویستی بەوە نییە کە دەستڕۆیشتوویی ئێران سنووردار بکرێت، لەگەڵ جێگیرکردنی هێزێکی سەربازی ئەمریکا لەم وڵاتەدا؟**

- بەڵێ، من هاورام لەگەڵ ئەوەدا کە بوون و ئامادەبوونێکی سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا کارێکی پێویستە لە ماوەدای دووردا، پێشموانییە ئەمریکا دەستەبەرداری عێراق بێت و لە هەمان کاتیشدا دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا لاواز بکات. بە هەمان شێوە خوازیاری ئەوەیە عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە و پێیوایە پێویستە ئایندەی ئەو وڵاتە وابێت.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئێران بە تەواوەتی دەستڕۆیشتووە لە عێراقدا، ئایا ئەم لێکدانەوەیە زیادەڕەوی تێدایەو لە جێی خۆیدا نییە، یان واقیعەکە ئەوەیە بە راستی ئێران رۆچۆتە نێو رەوشی عێراق و بە سەریدا باڵادەست بووە؟**

- لە راستیدا ئەوە دەبێتە تەحەددییەکی گەورە لە بەردەم ئەمریکادا. من پێموایە نابێت ئەوە بە کەم بگرین کە چۆن ئێران سوودمەند بووە لەو ناسەقامگیرییەی لە ناوچەکەدا لەئارادایە و ئەمەشی بەکارهێناوە بۆ بەرەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا و بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەستڕۆیشتووییەش یەکێکە لە ئامانجە دوورمەوداکانی ئەمریکا.

*** یەکێك لە بەرجەستەبوونەکانی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا ئەو میلیشیا شیعانەیە کە لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری و پاڵپشتی دەکرێن، تا چ رادەیەك ئەم میلیشیایانە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان شیعە و سوننەدا؟**

- لە راستیدا بۆی هەیە ببنە بەربەست و ئەمەش بەشێکی گەورەی ئەو تەحەددییەیە کە رووبەڕووی ئەمریکا و عێراق بۆتەوە، کە دەبێت عێراق بەکرێی نیشتیمانی خۆی بپارێزێت و کۆنترۆڵی هێزەکانی خۆی بکات.

**بەڕێز ئەردۆغان ناڕازییە لە ئەمریکا و لەم روانگەیەشەوەیە روو لە وڵاتانی دیکە دەکات و هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانە و لاوازکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دەدات**

**ئەمریکا لە چەندین بۆنەدا ئەوەی بۆ تورکیا روون کردۆتەوە کە پێویستە داعش تێکبشکێنێت، لەم رووەوە داوای هاوکاری لە تورکیاش کردووە، بەڵام تورکیا تێکشکاندنی داعش بە ئەولەوییەتی یەکەمی خۆی نازانێت و بەردەوام گلەیی و گازەندەی کردووە لە بەرامبەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە کوردی سووریاوە**

**ئەمریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تورکیا هاوپەیمانە لە ناوچەکەداو کوردیش دۆستە و ئەوەی لە سووریاش دەگوزەرێت دۆخێکی دژوارەو ئێرانیش مایەی هەڕەشەیە، کە دەبێت کاریان لەسەر بکرێت**

# ئازادی وەک خواستێکی ئایینی

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و فەراهەمکردنی ئازادی و سەربەستی وەك چۆن خواستێکی مرۆڤانەیە، بە هەمان شێوە خواستێکی ئایینیشە، چونکە ژێردەستی و ژیانی بن کۆت و بەندی، چۆن هەڕەشەیە لەسەر گیان و ماڵ و خاك، هەڕەشەیە لەسەر ئایینیش، ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی رابردوومان دابخشێنین دەبینین لەبەر ئەوەی خاوەنی کیان و ئازادی و سەربەخۆیی نەبووینە، شان بە شانی وێرانبوونی ماڵ و حاڵمان، زیندەبەچاڵبوونی رۆڵەکانمان، مزگەوت و قورئانیش خاپوور کراون و سووتێندراون، دوای هاتنی تیرۆریستان، مزگەوت و کلێساو پەرستگەی ئێزیدیان وێکڕا خاپوورو سەرەوژێر کران.

دینداری لە روانگەی ئیسلامەوە تەنیا بریتی نییە لە نوێژو رۆژی و زیکرو ئەوراد، دینداری سەرەکی گێڕانەوەی کەڕامەتی مرۆڤەکانە، وەك عومەری کوڕی خەتاب دەیفەرموو: «تاکەی خەڵکی دەکەنە کۆیلە لە کاتێکدا بە ئازادی لە دایکبوونە»، روبعی کوڕی عامر بە هەمان تێگەیشتنەوە رووی کردە رۆستەم و گووتی: «هاتووین تا خەڵکی لە بەندایەتی بەندەکان رزگار بکەین بۆ بەندایەتی خوای بەندەکان»، ئەوە بناغەی تێگەیشتنی دروستی دیندارییە، ئەم تێگەیشتنە هەڵقوڵاوی پەیامی قورئانە، کە خۆی لە (شکۆی مرۆڤ، پێکەوەژیان، دادگەری، ئازادی و سەربەستی) دەبینێتەوە، دەفەرمووێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ) واتە: «بە راستی ئێمە رێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە».

(يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، واتە: «ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروستکردووەو کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە.. بە راستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانن کە زۆرتر لە خواترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە هەمووان».

هەر کاتێك کەڕامەتی مرۆڤ شکێندرا، هەر کاتێك جیاوازییەکان لە بری یەکترناسین و پێکەوەژیان بوونە پردی کوشتن و تۆقاندن و داگیرکردن و چەوساندنەوە، هیچ مانایەك بۆ دینداری نامێنێتەوە، ئاخر دینداریێکی زەبوونی ژێردەستەی ملشۆڕ چ چێژو خۆشییەك لە نوێژو رۆژییەکانی وەردەگرێت ئەگەر هەناسەی برسێتی و نادادگەری و مەزڵومیەت و گریانی دایکە جەرگ سووتاوەکان گڕی تێبەر نەدات؟! خەباتی پێغەمبەرانیش هەر بۆ ئەمە بووە، ئەگینا کێشەی نوێژو رۆژیان قەت نەبووە، نەیارەکانی ئامادەبوون بیکەنە سەرۆکی وڵات، لە ناو پارەی خەنی بکەن، جوانترین و خانەدانترین ژنی پێشکەش بکەن، بیکەنە گەورەی هەموو عەرەب، بە کەیفی خۆی بسوورێتەوە، بەڵام دەرگایەك نەکاتەوە کەڕامەت بۆ مرۆڤەکان بگێڕێتەوە، کارێك نەکات کەسانی وەك بیلالی حەبەشی و



د. جەعفەر گوانی
پێشنوێژو وتارخوێن و مامۆستای زانکۆ

بۆ گولان نووسیویەتی

سەلمانی فارسی لە کۆتی بەندایەتی دەربێنێت.

کێشەی سەرەکی دادگەری و شکۆمەندی بوو، ئەوان دەیانەویست بە کەیفی خۆیان دەست بەسەر سامان و ماڵی خەڵکدا بگرن، نادادگەری بگاتە لوتکە، چینایەتی لە برەودا بێت، هەژارو بێکەسەکان هەمیشە بندەست و بێدەرەتان بن، رۆژێك تێر و دە رۆژ برسی بن، بەرماوی ئاژەڵانیان بۆ بمێنێتەوە، خاوەنی نامووس و کەرامەتی خۆیان نەبن، هەمیشە وەك دەسکەلا ئەملاو ئەولایان پێ بکەن. بە کورتییەکەی دەیانەویست خەڵك بۆ نوێژکردن بەندەی خودا بێت، بەڵام لە ژیانی رۆژانەیان کۆیلەو بەندەی زاڵم و ستەمکارەکان بن، بە ئاشکرا دەیانگوت چۆن دەکرێ ئێمەی بنەماڵەی فلان و فیسار لەگەڵ ئەو هەژارانە لە یەك تای تەرازوودا بین.

ئەگەر بۆ مێژووی کوردستانیش بگەڕێینەوە، هەمان شت رەنگی داوەتەوە، هەمیشە مەلای کورد سەری رمی شۆڕشەکانی کورد بوون، خۆ ئەوان هاواریان بۆ نوێژکردنێکی سادە نەبووە، ئەگەر ملیان دابایە، بێگومان حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق پارەو پوولی بێ شوماریان بەسەردا دەڕشتن، بە دڵنیاییەوە خانووی خۆش و ماڵی رازاوەو هەموو شتێکیان پێشکەش دەکرا، لە نوێژو رۆژیگرتنیش ئازاد دەبوون، لەوانەیە دەوڵەت ساڵانە چەندین سەفەری حەج و عەمرەشی بۆ رێکخستبان، لێ دینداری لە هزری ئەوان گێڕانەوەی شکۆمەندیی تاکی کورد بوو، پاراستنی نامووس و کەرامەتی بوو، خاوەنداریێتی ماڵ و سامانی بوو، هەناسەی ئازادی و رۆحی ژیانی بوو، ئازادبوونی بوو لەسەر خاك و زێدی خۆی، راگرتنی دەستی زوڵم و ستەمکاری بوو، ئەو دینداریەش قەت لەژێر دەستەیی جێگەی نابێتەوە، بۆیە شاخیان دەکردە ماڵ، خاکیان دەکردە سەریرو بەردیان دەکردە سەرین و ئاسمانیان دەکردە لێفەی سەریان، بە کورتی تەواوی هەوڵ و تەقەلاکانیان بۆ ئازادی بوو، لە دنیای ئەمڕۆشدا نەخاسمە لە رۆژهەڵاتی ناوین، سەربەخۆیی کلیلی ئازادییە، مێژووی عێراق سەلماندوویەتی کورد قەت ئازاد نابێت تا سەربەخۆ نەبێت، چوراوێك لە ئاوەکەی خۆشی پێ ڕەوا نابینرێت، وەکو گیسکی هەیاس ئەگەر رۆژێك تێر بخوات، سەدان فەرخە گورگی پیشان دەدرێن، مێژوومان پڕاوپڕە لەو بەزمانە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەیڵێم هەر هەنگاوێك بەرەو سەربەخۆیی دەبێ سەدان هەنگاوی پشتیوانی لە دواوە بێت، بەو هیوایەی ناکۆکییە سیاسییەکان کۆتاییان پێ بێت بۆ ئەوەی هەموومان بێ سڵەمینەوە بەرەو یەک ئامانج بڕۆین، دواجار لەژێر چەتری سەربەخۆیی هەوای ئازادی و دادگەری و یەکسانی و یاساسەروەری هەڵمژین و هەموو ئایین و ئایینزاکان و نەتەوەو گەلە جیاوازەکان جوانترین نموونەی پێکەوەیی پێشکەش بکەن و، ئەو میللەتە خێر لەخۆ نەدیوەش لە بن باری گرانی دارایی رزگاری بێت.



پێشمەرگەی دێرین مام هێرش بۆ گوڵان:

# ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول ئەو خەڵکانە بە کۆڵ دەبەمە سەر سندوقی دەنگدان کە توانای ئەوەیان نییە بەپێی خۆیان بچن دەنگ بدەن

گومان لەوەدا نییە سەربەخۆیی خواست و ئاواتی هەر تاکێکی کوردستانییە، بەڵام پێشمەرگە بۆ گەیشتن بەو ئەمانجە، خۆی پێش مەرگ کەوتووە بۆ ئەوەی نەتەوەکەی لە ژێردەستەیی و کۆیلەیەتی رزگار بکات و هاوشانی هەموو نەتەوەو گەلانی جیهان خاوەنی دەوڵەت و سەروەریی خۆی بێت.

لاوەکانی کوردستان کاتێک بڕیاریان داوە ببنە پێشمەرگە و چەکی مقاوەمەت و بەرخۆدان بکەنە شانیان، ئەوا هەر لەو ساتەوە ئەوەیان رەتکردۆتەوە کە نەتەوەکەیان ژێردەستە بێت و ئامادەن لەو پێناوەدا شەهید بن، بەڵام دوای خۆیان نەتەوەکەیان سەربەست و ئازاد بژی.

مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، قۆناخ و تایبەتمەندیی هەمەجۆر لەخۆی دەگرێت، بەڵام ئامانجی تەواوی شۆڕشەکانی کوردستان یەك ئامانج بووە و لە پێناوی ئەوە بووە کە کوردستان سەربەخۆ و سەرفراز بێت، بۆیە کاتێك لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ناو سەنگەر سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەت قسە دەکەین، ئەو پێش ئەوەی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پرسی دەوڵەت و سەربەخۆیی دەرببڕێت، ئەو سەنگەرانەی دێتە بەرچاو کە بە درێژایی ساڵانی خەبات خوێنی پێشمەرگەی تێدا رژاوە و، دیمەنی ئەو وڵاتەی دێتەوە بەرچاو کە گەلەکەی بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردو کوردستانی بوون، خاکەکەی سووتماك کراوەو گەلەکەی ئەنفال و کیمیاباران و ژینۆساید کراوەو مزگەوت و کەنیسەو پەرستگاکانی وەك یەك کاول کراون و لەگەڵ زەوی تەخت کراون، لەسەر وێنای ئەم دیمەنە تراژیدییانەوە بە دەنگێکی بەرز ئێمە رووبەڕووی پرسیارێکی ناخهەژێن دەکاتەوە و پێمان دەڵێت: ئەوە تەنیا پێشمەرگە نییە کە بۆتە قوربانی ئەم خاك و نیشتمانە، بەڵکو هەر تاکێك لەسەر ئەم خاکە ژیابێت، ئایین و نەتەوەکەی کورد بووبێت، یان نەتەوەیەکی دیکە بووبێت وەك تورکمان و کلدوئاشووری، یان موسڵمان بووبێت ئەوجا سوننە بووبێت، یان شیعە، کریستیان بووبێت، یان ئێزیدی، یان هەر ئایینێکی دیکە، ئەوا لە چاوی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقدا وەك تاوانبار سەیر کراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کورد و کوردستانی بووە، بۆیە هەتا ئێمە بەزۆر بەشێك بین لەو دەوڵەتەی پێی دەگوترێت (عێراق) ئەوا هەمیشە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ناسنامەی تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان هەر دەمێنێت، لەم چوارچێوەیەدا گرنگە، کوردستانییان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە یەکدەست و یەکڕیز و یەکهەڵوێست، ئەم چەوسانەوەو زوڵم و غەدرە بە دەنگدانی بەڵێ و هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی پێ بهێنن.

بۆ قسەکردن لەسەر دیدوتێڕوانینی پێشمەرگە بۆ پرسی سەربەخۆیی، ئەمجارەیان سەردانی پێشمەرگەی دێرین (هێرش فاتیح رەشید جەباری)مان کرد، کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بە (مام هێرش) ناسراوە. ئەم پێشمەرگەیە کە نزیکەی چوار دەیە چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شانی و یەکێکە لە شاهیدەکانی تاوانە دڕندەکانی رژێمی بەعس دژ بە گەلەکەمان و لە هەموو قۆناخەکانی ئەنفالی بارزانییەکان و پاشان کیمیابارانکردنی کوردستان و پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالی ١٩٨٨ و مقاوەمەت و قوربانیدانی پێشمەرگە دوای ئەنفال و داستانی دوژمنشکێنی خواکورك، سەبارەت بە پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و گوتی: «لەساڵی ١٩٨٠وە کە بوومە پێشمەرگەی کوردستان لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆك بارزانی، فێری ئەوە بووین کە هیچ هێزێك نییە لەم جیهانەدا بتوانێت ئیرادەی گەلی کوردستان بە هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانییەوە بۆ پرسی سەربەخۆیی خەفە بکات، ئەوجا دوژمن چەند بەهێز بووبێت، یان چەند تاوانی دڕندانە و نامرۆڤانەی دژی گەلەکەمان ئەنجامدابێت، هێندەی دیکە و زیاتریش، ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و رزگاربوون لە زوڵم و ستەم زیاتر بووە، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کە بەدرێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان قوربانی داوەو دەستە دەستە رۆڵەکانمان خۆیان گەیاندۆتە کاروانی شەهیدانی سەروەریی، ئیلهامی ئەم خەبات و قوربانیدانەی لە میللەتەوە وەرگرتووە کە بڕوای بە ئازادی و سەربەخۆیی بووە، لێرەوە ئەگەر تەنیا بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو و ئەو دیمەنە کارەساتاوییانە بێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆک بارزانی، هەموو جۆرە نەرمییەکی نواندووە، ئامادەباشیشی پیشان داوە کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەگەر هەندێک کێشەش مانەوە، ئەوا با پرۆسەی ریفراندۆم بە سەرکەوتوویی تەواو بێت، ئەوکات زەمینەیەکی لەبارتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دێتەئاراوە**

**ئومێدی ئەوە دەکەین کە ئەو دوو لایەنەی هەتا ئێستا نەهاتوونەتە ناو پرۆسەی ریفراندۆم ئەوانیش بێنە ناو پرۆسەکەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی لایەنێک، یان گرووپێک بانگەشە بۆ نەخێر بکات و بڵێت ئێمە سەربەخۆیی کوردستانمان ناوێت، بە راستی ئەمە جێگەی گاڵتەجارییە و خەڵکی کوردستان لێیان قبووڵ ناکات**

رژێمی بەعس و سەدام حوسێن لە چوارچێوەی پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان ئەنجامیداون، با لە خۆمان بپرسین بۆچی رژێمی بەعس و پێش ئەویش رژێمەکانی دیکەی عێراقیش، پەنایان بۆ کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی ئەم گەلە قارەمانە بردووە؟ بێگومان وەڵامی دروست ئەوەیە، ئەم گەلە بە جیاوازیی نەتەوەو ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە، ئەوەی رەتکردۆتەوە کە پاشکۆی رژێمە یەك لەدوای یەکەکان و هاووڵاتی پلە دووی عێراق بێت. هەربۆیە کاتێك باس لە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت و چاوەڕێی ئەوەین لە ٢٥ی ئەیلولی داهاتوو دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەین، بۆچوونی من بەو جۆرەیە کە گەلی ئێمە زۆر پێش ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧، لەناو پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، دەنگی بەڵێی ئەوان وەك ئەو دەنگە (بەڵێ)یەی ئێمە نییە کە لە ٢٥ی ئەیلوول لەسەر سندوقی دەنگدان دەدەین، دەنگی بەڵێی قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیاباران بەو جۆرە بووە رۆحی خۆیان بە زیندوویی خستۆتە ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان و لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا لە بیابانەکانی عێراقدا خراونەتە ژێر خۆڵەوە، هەر بۆیە گەلێك لە پێناوی سەربەخۆیی گیانی خۆی پێشکەشی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کردبێت، ئەوا گومانی تێدا نییە لەسەر سندوقی دەنگدانیش هەر بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدات، ئەگەر خەڵکانێکیش هەبن بڵێن پرسەکە دیموکراتییە و ئێمە دەنگ بە نەخێر دەدەین، ئەوا ئێمە پێیان دەڵێین، راستە سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکێکی دیموکراتخواز رایگەیاندووە، دەنگدان بە نەخێر، کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی دەنگی نەخێر قبوول ناکات وەك خیانەتێکی نیشتمانی لە قەڵەمی دەدات، دەنگ و ناڵەی ئەو هەموو قوربانییانەی کوردستانە کە بەپێوە لە سەنگەرەکانی بەرگری بۆ سەربەخۆیی کوردستان شەهید بوون، دەنگی ئەو خەڵکانە، دەنگی (نەخێر) بە خیانەت دەزانێ، کە بە زیندوویی لە بیابانەکانی عێراق خرانە ژێر خۆڵەوە.»

لەسەروبەندی نزیکبوونەوەی رۆژی ریفراندۆم، هەندێك کە بڕوبیانوو بۆ سەربەخۆیی دەهێننەوە و دژی خواست و ئیرادەی میللەتەکەی خۆیان رادەوەستنەوە، باس لەوە دەکەن پرسی سەربەخۆیی دەبێتە هۆکاری ئەوەی مەترسی لەسەر کوردستان دروست بێت، یان باس لەوە دەکەن لەوانەیە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر کوردستان دروست بکەن، سەبارەت بەم دەنگۆیانە، پرسەکە ئەوە نییە کە مەترسی لەسەر کوردستان دروست دەبێت یان نا، بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی نەدەین، هیچ مەترسییەك لەسەر کوردستان نامێنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، مام هێرش ئاماژەی بەوە دەکات کە «دوای ئەوەی شەڕی عێراق و ئێران کۆتایی هات و رژێمی بەعس و سەدام، هەموو کوردستانیان کاولکرد، ئایا رژێمی بەعس بەمەش وازی لە کوردستان هێنا؟ بێگومان نەخێر، دوای ئەوەی شەڕەکە کۆتایی هات، رژێمی بەعس هەرچی هێزی هەبوو کۆی کردەوە و پەلاماری خواکورکی دا بۆ ئەوەی رەگ و ریشەی ئیرادەی گەلی کوردستان و پێشمەرگە هەڵبکێشێت، لەم شەڕەدا کە راستەوخۆ سەرۆك مسعود بارزانی سەرپەرشتیی دەکرد، توانرا سوپاکەی بەعس تێکبشکێندرێت و نەهێڵین ئامانجەکەی سەربگرێت، بۆ من جێگەی شانازییە لەو داستانەدا پێشمەرگەیەك بووم و لەژێر رێنمایی و پلانە سەربازییەکانی سەرۆك بارزانی بەشدار بووم، راستە لەو شەڕەدا شەهیدیکی زۆرمان داوە و ژمارەیەکی زۆریش پێشمەرگە بریندار بوون، بەڵام وەك جەنابی سەرۆك دوای شەڕەکە بە ئێمەش و بە هەموو جیهانی راگەیاند، ئەم بارودۆخە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئاسۆیەك بۆ شۆڕشی کوردستان دەکرێتەوە، بە کردەوەش هەر وا بوو، دوای ماوەیەکی کورت رژێمی بەعس کوەیتی داگیرکرد و گۆڕانکاریی گەورە هاتەئاراوە، لە گێڕانەوەی داستانی خواکورك دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئێمە وەك گەلی کوردستان هەتا ئەو رۆژەی دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان هەر لەژێر هەڕەشە و دڵەڕاوکێی حکومەت و رژێمەکانی عێراق دەمێنینەوە، بۆیە ئەم فرسەتەی کە ئێستا لە سایەی قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە و رێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی

**لەساڵی ١٩٨٠ وە کە بوومە پێشمەرگەی کوردستان لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆك بارزانی فێری ئەوە بووین کە هیچ هێزێك نییە لەم جیهانەدا بتوانێت ئیرادەی گەلی کوردستان بەهەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانییەوە بۆ پرسی سەربەخۆیی خەفە بکات**

**بە حوکمی جوگرافیای ناوچەی گەرمیان و کەرکووک، ئەو ناوچانە هەر هەموویان لەگەڵ حکومەتی عێراق ناوچەی تەماسن، هەر بۆیە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ کەرکووک و گەرمیان مانایەکی گرنگتری هەیە، ئەویش ئەوەیە پێش هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان، کەرکووک و گەرمیان رزگاریان دەبێت و لەناو دەوڵەتی کوردستاندا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشەکانی کوردستانیش دەبینین هەمووکات لەگەڵ بڵێسەی شۆڕشدا ئەو ناوچانە یەکەم ناوچە بوون کە کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماردان**

لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش هاتۆتەئاراوە، نابێت لە دەستی بدەین و دەبێت بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵبگرین. رۆژی دەنگدانی ریفراندۆم، رۆژێکی مێژوویی و یەکلاکەرەوەیە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بۆیە بڕیارمان داوە لە رۆژی دەنگدان ببینە خزمەتکاری دەنگدەران و کارئاسانییان بۆ بکەین بۆ ئەوەی بچن دەنگی خۆیان بدەن، تەنانەت ئەو هاووڵاتیانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە و ناتوانن بەپێی خۆیان بچنە سەر سندوقی دەنگدان، من ئامادەم بە کۆڵی خۆم بیانبەم بۆ سەر سندوقی دەنگدان بۆ ئەوەی ژێردەستەیی و پاشکۆیەتی بۆ عێراق کۆتایی بێت و ئێمەش وەك هەموو گەلانی جیهان ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان.»

سەبارەت بە جۆش و خرۆشی خەڵکی ناوچەی گەرمیان و کەرکووك بۆ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئاشکرایە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستان بووەو مستەفا بارزانی کەرکووکی وەك دڵی کوردستان وەسف کردووەو هەر لە پێناوی کەرکووك و تەواوی ئەو ناوچە کوردستانییانەی ئەمڕۆ پێیان دەڵێن (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان) شۆڕشی ئەیلوولی کردە قوربانی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەوەمان کرد، ئایا جۆش و خرۆشی خەڵکی گەرمیان و کەرکووك بۆ ریفراندۆم لە چ ئاستێکدایە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەداشدا پێی گوتین: «بە حوکمی جوگرافیای ناوچەی گەرمیان و کەرکووك، ئەو ناوچانە هەر هەموویان لەگەڵ حکومەتی عێراق ناوچەی تەماسن، هەر بۆیە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ کەرکووك و گەرمیان مانایەکی گرنگتری هەیە، ئەویش ئەوەیە پێش هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان، کەرکووك و گەرمیان رزگاریان دەبێت و لەناو دەوڵەتی کوردستاندا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، بێگومان هەموو کات لەگەڵ بڵێسەی شۆڕشدا ئەو ناوچانە یەکەم ناوچە بوون کە کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماردان، لەئێستاشدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دڕندەترین دەوڵەتی تیرۆریستی تێکشاندووەو مەترسیی داعش لە رووی سەربازییەوە کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێستا ئەو ناوچانە لە مەترسی و دڵەڕاوکێیەکی دیکەدان و بۆ نموونە لە ناوچەی دووز بە تەواوەتی حەشدی شەعبی مەترسی دروست کردووە، لە ناو کەرکووکدا دەستیان بە جووڵە و دروستکردنی هێزی دیکە کردووە، بۆیە هەستیاریی ئەم ناوچانە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان زیاترە، هەر بۆیەشە خەڵکی ئەم ناوچەیە جۆش و خرۆشێکی تایبەتیان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم هەیە و هەموویان چاوەڕێی ئەوەن لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوودا بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ کۆتایی بە نەهامەتی سەدان ساڵە بهێنن و دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن.»

لە دوماهی ئەم چاوپێکەوتنەو سەبارەت سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم و دەنگدانی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ، هەروەها ئەو گروپەشی کە دەڵێن نەخێر، مام هێرش راشکاوانە گوتی: «بۆ ئەمڕۆی کوردستان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی زۆر گرنگە پرۆسەی ریفراندۆم جوانتر دەکات و وێنەیەکی جوانیش پیشانی جیهان دەدەین، بۆ ئەوەی ئەم یەکڕیزییە بێتەئاراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆك بارزانی، هەموو جۆرە نەرمییەکی نواندووە، ئامادەباشیشی پیشان داوە کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەگەر هەندێك کێشەش مانەوە، ئەوا با پرۆسەی ریفراندۆم بە سەرکەوتوویی تەواو بێت، ئەوکات زەمینەیەکی لەبارتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دێتەئاراوە، لەم راستەوە ئومێدی ئەوە دەکەین کە ئەو دوو لایەنەی هەتا ئێستا نەهاتوونەتە ناو پرۆسەی ریفراندۆم ئەوانیش بێنە ناو پرۆسەکەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی لایەنێك، یان گروپێك بانگەشە بۆ نەخێر بکات و بڵێت ئێمە سەربەخۆیی کوردستانمان ناوێت، بە راستی ئەمە جێگەی گاڵتەجاڕییە و خەڵکی کوردستان لێیان قبووڵ ناکات. ئەمە وەك ئەوەیە هەر دوو دەست و قاچت کەلەپچە کرابێت و پێت بڵێن: ئایا دەتەوێت ئەو کەلەپچانە بکەینەوە و ئازاد بیت، ئەو بڵێت نەخێر. بۆیە جارێکی دیکە بە بڕوابوونمان بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، هەموو خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوول بە بەڵێ دەنگ دەدەن و ئەگەر چەند سەد دەنگێکیش بڵێن نەخێر، ئەوا بایەخێکی ئەوتۆیان نابێت و خۆیان شەرمەزاری مێژوو دەکەن.

**دوژمن چەند بەهێز بووبێت، یان چەند تاوانی دڕندانە و نامرۆڤانەی دژی گەلەکەمان ئەنجام دابێت، هێندەی دیکە و زیاتریش، ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و رزگاربوون لە زوڵم و ستەم زیاتر بووە**

**لەئێستادا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دڕندەترین دەوڵەتی تیرۆریستی تێکشاندووەو مەترسیی داعش لە رووی سەربازییەوە کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێستا کەرکووك و گەرمیان لە مەترسی و دڵەڕاوکێیەکی دیکەدان، بۆ نموونە لە ناوچەی دووز بە تەواوەتی حەشدی شەعبی مەترسی دروست کردووە، لە ناو کەرکووکدا دەستیان بە جووڵە و دروستکردنی هێزی دیکە کردووە، بۆیە هەستیاریی ئەم ناوچانە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان زیاترە**



**بەشار کێکی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری نەینەوا بۆ گوڵان:**

# ناوچە کوردستانییەکانی دەشتی نەینەوا کە لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگە دان بە ناوچەکانی ١٤٠ دادەنرێن ریفراندۆم دەیانگرێتەوە

# هەڵسوکەوت و ڕەفتارە خراپەکانی هەندێک لە بەرپرسانی حەشد بەرامبەر خەڵکی دەشتی نەینەوا دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە

**شاری موسڵ دوچاری وێرانییەکی گەورە بووەتەوەو لەبەردەم تەحەددایەکی گەورەدایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی عێراق هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شارەو پاراستنی ئارامی و سەقامگیری تێدا نییە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەندین گرووپی چەکداری جیاجیای حەشدی شەعبی و جێبەجێکردنی ئەجیندەی مەزهەبی لە دژی پێکهاتەکانی پارێزگای نەینەوا؛ بۆ قسەکردن لەسەر موسڵی دوای داعش و چەند پرسێکی هەنوکەیی ئەم دیدارەمان لەگەڵ بەشار کێکی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری نەینەوا سازکردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولانی دایەوە.**

*** پرۆسەی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ کە بە ڕێککەوتنی سەربازی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەستی پێکرد، وەرچەرخانێك بوو لە پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق، وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، پێتوایە ئەم پرۆسەیە چ گۆڕانکارییەکی لە کۆی پەیوەندییەکانی عێراق و کوردستان دروست کردووە؟**

- موسڵ وەکو گەورەترین شاری عەرەبی سوننەی عێراق هەر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە سەرچاوەی نارەزایەتی بووە بەرامبەر حوکمڕانیی ناوەند لە بەغدا، هەر بۆیە ئەم شارە ژینگەیەکی باش بوو بۆ دەرکەوتنی چەندین گرووپی تیرۆریست کە لە هەموویان مەترسیدارتر لەم دواییەدا ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو، هەر لەوێشەوە گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش بەرەو پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەڕێکەوتن و تەنانەت هەر لەم پارێزگایەوە هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە لەناوبردنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بۆ هەریەك لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق گرنگییەکی زۆری هەبوو، تەنانەت ئەوەشی دەخواست پەلە بکرێت بۆ ئازادکردنەوەی تەواوی ئەو ناوچانەی داعش داگیریان کردبوو، چونکە بە مانەوەی زیاتری داعش لەناو موسڵ و دەوروبەری مەینەتییەکانی خەڵکی ئەم شارەو پارێزگاکە زیاتر دەبوون و خەڵکێکی زۆریش ناچار دەبوون ملکەچی ئەو گرووپە تیرۆریستییە بن، لەلایەکی ترەوە پەو پێیەی هەردوولا (کوردستان و عێراق) پێکەوە چوونە ناو بەرەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە دژی داعش، هەربۆیە پێشمەرگەو سوپای عێراق بۆ یەکەمینجار پێکەوە لەیەك سەنگەردا هێرشیان کردە سەر داعش و پێکەوە شەڕی دوژمنێکی هاوبەشیان کرد، کاتێکیش ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ دەستی پێکرد، بێ هاوکاری و ڕێککەوتنی نێوان کوردستان و عێراق زۆر زەحمەت بوو بتوانرایە ئەو شارە ئازاد بکرێت، هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگەو بەشداربوونیان لەتێکشکاندنی داعش یارمەتییەکی گەورە بوو بۆ سوپای عێراق تاوەکو بەرەو سەنتەری شاری موسڵ پێشڕەوی بکەن، ئەم پەیوەندی و هاوکارییانە دەرگای بۆ ئەوە کردەوە کە دەکرێت کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق بە گفتوگۆ و لە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن، بێ ئەوەی بیر لەچارەسەری سەربازی بکەینەوە.

*** لەدوای پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، ئێوە وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کۆبوونەوەی خۆتان کردووە، ئایا پرۆگرامتان بۆ موسڵی دوای داعش چییە؟ ئایا بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی موسڵ، حکومەتی عێراق چ ئامادەباشییەکی پیشان داوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ جێگای داخیشە کە حکومەتی فیدرالی ئامادەباشی خۆی نەکردووە بۆ دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و ئاوەدانکردنەوەی موسڵ، تەنانەت عێراق نەیتوانیوە سەرچاوە

**تەلەعەفەر پێش ئەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش داگیری بکەن لە ساڵی ٢٠٠٣وە شوێنی حەوانەوەی تیرۆریستان بووەو تەنانەت یەکەمین شەڕەکانی مەزهەبی لە نێوان سوننەو شیعە لەم قەزایە سەری هەڵدا**

**ئەمڕۆ حاڵەتێکی دژ بەکورد دەستی پێکردووە لەم ناوچانەو هێزو دوژمنانی دەرەکیش دەستیان تێدایە، بەتایبەتی وڵاتی ئێران کە هەموو دنیا دەزانێت ئەو وڵاتە وەکو وڵاتێکی گەورەو خاوەن دەسەڵاتەو بە ئاشکراو نهێنی دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و کوردستان دەکات**

**پێشمەرگە بێ جیاوازی ڕێز لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکان دەگرێت، لەکاتێکدا حەشدی شەعبی لەناو شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا نابەرپرسیارانە مامەڵ لەگەڵ خەڵک دەکەن**

**خەڵکی دەشتی نەینەوا زیاتر لەخەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان بە پەرۆشن کە ریفراندۆم لەناوچەکانیان بکرێت**

**سەرجەم ناوچەکانی دەشتی نەینەواو شنگال و سنوونێ و ڕەبیعەو زومار و فایدەو ئەلقوش تا دەگاتە باشیک و بەرتلەو حەمدانییەو مەخموور هەر هەموویان بەشێوەیەکی فەرمی بە واژووی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکانیان بە نوێنەرانی کوردو عەرەب و مەسیحی و ئێزیدییەوە داوایان لە ئێمە کردووە کە ریفراندۆم بیانگرێتەوە**

داراییەکانی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە تەرخان کراوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕێك و یەك بخات، تا ئێستاش ئەو هاوکارییە داراییەی بۆ موسڵ دێت، ڕێك نەخراوەو لەیەك سەرچاوە کۆنەکراوەتەوە، تەنانەت ڕەچاوی ئەو پلان و بەرنامەیەیان نەکردووە کە ئێمە وەکو حکومەتی خۆجێی پارێزگای نەینەوا ئامادەمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو وێرانییەی ژێرخانی شارەکە و تەواوی پارێزگای موسڵ تووشی بووە، بە زووترین کات ئاوەدان بکرێتەوە، هەر لە وێرانکردنی شەقام و ڕێگاوبان و تێکدانی پرد، تاکو تەقاندنەوەی وێستگەی ناوەندی کارەبا و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکە، بەتایبەتی ئەو وێرانییەی کە٨٠٪ی دیوی ئەوبەری لای ڕاستی شارەکەی گرتووەتەوە. ئێمە بە ڕێگای فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆمان ریزبەندی جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان داناوەو ڕاپۆرتی گشتیمان لەسەر هەر کەرت و سێکتەرێك هەیە و پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و سندوقی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لەسەر ئاستی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کردووە. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە وەکو حکومەتی خۆجێی نەینەواو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پێمان باشە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی موسڵ خێرا بکرێت و شوێنەوارەکانی داعش لەناو ببەین، کە لە ڕووی هزرییەوە کاریگەری خراپیان لەسەر خەڵکەکە بەتایبەتی گەنجان هەبووە، جێگای نیگەرانیشە تەنانەت خودی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی وەکو پێویست و لە ئاست وێرانییەکە نەبوون، ئێستا زیاتر جەخت لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازی و ئەمنییەکان دەکەنەوە، نەك گرنگیدان بە هۆشیاری و سڕینەوەی هزری توندڕۆیی ئیسلامی.

*** ئێوە وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، پێشتر پەیوەندییەکی زۆر باشتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبووە، ئایا دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- نەك هەر لەبەر ئەوەی من وەکو کوردێك سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوام پەیوەندیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان باش بووە، بەڵکو هەر کەسێکی تریش لەم پارێزگایە هەر بەرپرسیارێتییەك وەربگرێت، دەبێت پەیوەندی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، بۆ نموونە خودی ئەسیل نوجەیفی کە پەیوەندی زۆر خراپی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو، هەر خۆی ناچار بووە سەردانی هەرێمی کوردستانی بکات و بەوەش پەیوەندییەکانی ئاسایی کردەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شاری موسڵ و پارێزگای نەینەوا لە ڕووی ئیداری و جوگرافیاو سیاسی و ئابوورییەوە بەستراوەتەوە بە هەرێمی کوردستانەوەو خەڵکەکەشی مامەڵەیەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەبووە، ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ئێستا لەجاران زیاتر پەیوەندیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزە.

*** پارێزگای نەینەوا بەشێکی زۆری لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازادکراوە، لەو ناوچانەش کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، ئایا ئێوە وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، چۆن مامەڵە لەگەڵ ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای نەینەوا دەکەن؟ ئایا کاتێك ئەو ناوچانە بەشداری ریفراندۆمی کوردستان دەکەن، ئێوە هەڵوێستان چۆن دەبێت؟**

- هەرچی ئەو ناوچانەیە کە لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازاد کراون، هەمووی دەبێت ریفراندۆمی تێدا بکرێت، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە لەکۆی ٣٠ ئەندام ١٢ ئەندامیان سەر بەلیستی هاوپەیمانی کوردستانن ئەوە بوو لەگەڵ ئەنجومەنی ئەو قەزاو ناحیانە کۆبووینەوەو گفتوگۆمان لەگەڵیان کرد، کە سەرجەم ناوچەکانی دەشتی نەینەواو شنگال و سنوونێ و ڕەبیعەو زومار و فایدەو ئەلقوش تا دەگاتە باشیك و بەرتلەو حەمدانییەو مەخموور هەر هەموویان بەشێوەیەکی فەرمی بە واژۆی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکانیان بە نوێنەرانی کوردو عەرەب و مەسیحی و ئێزیدییەوە داوایان لە ئێمە کردووە کە ریفراندۆم بیانگرێتەوە، ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا ئەمە مەسەلەیەکی ڕەسمییەو دەیخەینە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر باسیان کرد، بۆچی ئەم ناوچانە ریفراندۆمی تێدا دەکرێت، هەر بۆیە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نەینەوا ڕازی بووین لەسەر ئەو داواکارییانە، چونکە داواکارییەکی ڕەوایە، بەڵام داواکارییەکەیان لەناو ئەنجومەندا ناخەینە دەنگدانەوەو بڕیاری بۆ بدەین، چونکە بە هاوشێوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك زۆرینە نین و ئێمە وەکو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کەمینەین، هەربۆیە داواکارییەکەی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان لەبەرچاو دەگرین و وەکو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ڕازی بووین کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەو ناوچانەش بگرێتەوەو بەفەرمی ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی کوردستانی دەکەین، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا سەردانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستانمان کردو لەسەر

ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو ناوچانەی دەشتی نەینەوا کە دەکەونە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە گفتوگۆمان کرد، خەڵکی دەشتی نەینەوا زیاتر لە خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان بە پەرۆشن کە ریفراندۆم لەناوچەکانیان بکرێت.

*** ئێستا لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی شاری موسڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی بوونێکی بەرچاویان لە شاری موسڵ و دەوروبەری هەیە، ئایا تاچەند بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی جۆرێك لە نیگەرانی لای هاووڵاتیانی موسڵ دروست کردووە؟**

- ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە رەفتاری هەندێك بەرپرس و چەکدارانی ناو حەشدی شەعبی نارازین، بەتایبەتی لەدەشتی نەینەوا و لەناوچەکانی حەمدانییەو بەرتڵەو تلکێف، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی ناشیرین و ناتەندروست مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دەکەن، هاوکات لەسەر نەتەوەو مەزهەب رەفتاری خراپ دەکەن، تەنانەت لەهەندێك شوێن دەپرسن: (تۆ کوردیت؟ پێشمەرگەیت؟) ئەمە بەپێچەوانەی رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی هێزی پێشمەرگەیە کە تا ئێستا خەڵکی ئەو ناوچانە لە پێشمەرگە هیچ گلەیی و رەخنەیەکیان نەبووە، چونکە پێشمەرگە بێ جیاوازی رێز لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکان دەگرێت، لەکاتێکدا حەشدی شەعبی لەناو شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا نابەرپرسیارانە مامەلە لەگەڵ خەڵك دەکەن، ئێمە پێمانوایە ئەو هەڵسوکەوتە ناشیرین و رەفتارە خراپانە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوەو خزمەت بە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە ناکات، هیچ حیسابێك بۆ ئەوە ناکەن لە دوارۆژدا ئەمە رق و کینی لێدەکەوێتەوە و تەشەنە دەکات بەرەو کرداری تۆڵەسەندنەوەو کەوتنەوەی نائارامی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە خەڵکی دەشتی نەینەواو کوردستانییەکان بەهەموو پێکهاتەکانیەوە زیاتر لە خەڵکی سلێمانی و هەولێرو دهۆك دەخوازن ریفراندۆم لە ناوچەکانیاندا ئەنجام بدرێت، تەنانەت داوا دەکەن بەهیچ شێوەیەك ریفراندۆم دوانەخرێت، چونکە دواخستنی ریفراندۆم نائومێدی لەناو خەڵکەکەماندا دروست دەکات. لای ئێمە هەموو خەڵك نەك تەنیا هۆشیارن، بەڵکو لە نزیکەوە درك دەکەن بە مەترسییەکانی هەڕەشەو لەناوبردن و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کوردو کوردستانییەکان، ئەمڕۆ حاڵەتێکی دژ بەکورد دەستی پێکردووە لەم ناوچانەو هێزو دوژمنانی دەرەکیش دەستیان تێدایە، بەتایبەتی وڵاتی ئێران کە هەموو دنیا دەزانێت ئەو وڵاتە وەکو وڵاتێکی گەورەو خاوەن دەسەڵاتەو بە ئاشکراو نهێنی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و کوردستان دەکات، ئەمڕۆ هیچ کوردێك ناتوانێت لەژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کوردە و سوننەشە.

*** چەند رۆژێکە شەڕی ئازادکردنەوەی تەلەعفەر دەستی پێکردووە، لەم شەڕەشدا هێزەکانی حەشدی شەعبی بەشدارییان کردووە، دیارە هاووڵاتییەکی زۆری ئەو قەزایەش لەلایەن هێزەکانی داعشەوە کراونەتە بارمتە، ئایا چۆن سەیری شەڕی ئازادکردنەوەی تەلەعفەر دەکەن؟ ئایا پێتانوایە خەڵکی تەلەعفەر بەتایبەتی تورکمان و عەرەبی سوننە دوچاری دەربەدەری و ئاوارەیی و تۆڵەسەندنەوە دەبنەوە؟**

- لەگەڵ هاتنی داعش خەڵکێکی زۆری تورکمان و کورد لە تەلعفەرو گوندەکانی دەوروبەری ئاوارەبوون و لەو ناوچەیە نەماون و تەنیا ٢٠ هەزار هاووڵاتی تێدایە، ئەوەی لە تەلەعەفەر ماوە، نزیکەی ١٠٠٠ چەکداری داعشە، تەلەعەفەر پێش ئەوەی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش داگیری بکەن لە ساڵی ٢٠٠٣وە شوێنی حەوانەوەی تیرۆریستان بووەو تەنانەت یەکەمین شەڕەکانی مەزهەبی لە نێوان سوننەو شیعە لەم قەزایە سەری هەڵدا، هەربۆیە یەکلاکردنەوەی تەلەعەفەر گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەو پێیەی لەلایەك ئەم قەزایە چەندین ناوچە پێکەوە دەبەستێتەوە، لەهەمان کاتیشدا پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن پێکەوەژیانی نێوان تورکمانی (سوننە و شیعە) بونیاد بنرێتەوە، چونکە لە تەلەعەفەر چەندین شەڕی خوێناوی لەنێوان سوننەو شیعە روویانداوەو قوربانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە. تەلەعەفەر ئەنجومەن و قایمقامی خۆی هەیەو ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە نزیکەوە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە و چاودێری بارودۆخەکە دەکەین، کە وا بڕیارە هەر لەگەڵ ئازادکردنی یەکە ئیدارییەکان دەست بەکار بکەنەوەو لیژنەکانی ئاوەدانکردنەوە رووبکەنە ئەم قەزایە، پێشتریش لیژنەیەکی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوەی تەلەعەفەر هەبووە کە راستەوخۆ سەر بەبەغدا بووە بە ناوی (لیژنەی پشتیوانیکردنی تەلەعەفەر). ئەوەی جێگای نیگەرانییە، بەشداریکردنی حەشدی شەعبییە، ئەگەرچی خەڵکی مەدەنی لەم شارەدا دەرچوون، بەڵام ئەگەری گەڕانەوەی شەڕی مەزهەبیی نێوان سوننەو شیعە لەئارادایە، ئەگەر بە وردی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا نەکرێت، ئێمە لەو بڕوایەداین داعش توانای بەرگرییان نەماوە و بەکەمتر لە مانگێك شەڕی تەلەعەفەر کۆتایی دێت.

**هەرچی ئەو ناوچانەیە کە لەسەر دەستی پێشمەرگە ئازاد کراون، هەمووی دەبێت ریفراندۆمی تێدا بکرێت**

**شاری موسڵ و پارێزگای نەینەوا لە رووی ئیداری و جوگرافیاو سیاسی و ئابوورییەوە بەستراوەتەوە بە هەرێمی کوردستانەوەو خەڵکەکەشی مامەڵەیەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەبووە**

**نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی وەکو پێویست و لە ئاست وێرانییەکە نەبوون، ئێستا زیاتر جەخت لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازی و ئەمنییەکان دەکەنەوە، نەک گرنگیدان بە هۆشیاری و سڕینەوەی هزری توندڕۆیی ئیسلامی**

**هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگەو بەشداربوونیان لەتێکشکاندنی داعش یارمەتییەکی گەورە بوو بۆ سوپای عێراق تاوەکو بەرەو سەنتەری شاری موسڵ پێشڕەوی بکەن، ئەم پەیوەندی و هاوکارییانە دەرگای بۆ ئەوە کردەوە کە دەکرێت کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق بە گفتوگۆ و لە رێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن، بێ ئەوەی بیر لەچارەسەری سەربازی بکەینەوە**

# بۆ ئەوەی بەهەڵە لە فەلسەفەی ناسیۆنالیزم نەگەین..

**ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا بووە ئامرازێکی سەرکووتکردنی گەل، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕوشۆڕ، کارین ئارمسترۆنگ باس لە شۆڕشی فەرەنسا دەکات و دەڵێت: بە بەهایەکی بەرز دەستی پێکرد، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند ڕۆچووە ناو ئاژاوەو خوێنڕشتن و دڕندایەتی. کاتێ تەنیا مەیلی ناسیۆنالیزم ڕەگ لەناو خەڵکدا دادەکوتێ، ڕەنگە لە بەهای گیان و مرۆییان کەمبکاتەوە، لەوەی کە بەرزی بکاتەوە، شەڕی یەکەمی جیهانیش کۆئەنجامی تاڵی ئەم فەلسەفە ڕەگەزپەرستییەیە**

ناسیۆنالیزم Nationalism ئینتیمایەکی شارستانی و نەتەوەیی گەلێکی دیاریکراوە لەگەڵ توخمەکانی وەك نیشتمان و مێژوو و ڕەگەزو زمان و کلتووردا، ناسیۆنالیزم دوو جۆرە، یەکەمیان ناسیۆنالیزمی سرووشتی: ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سرووشتییە لە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤدا، ئەمەش لە خۆشەویستیی نیشتمان و زمان و ڕەگەزو مێژوودا ڕەنگدەداتەوە، ئەم خەسڵەتانەش لای هەموو مرۆڤایەتییەکدا هەیە، لەکۆندا هیندییەکان گوتوویانە: حورمەتی وڵاتەکەت وەك حورمەتی دایك و باوکتە، چونکە خۆراکی تۆو دایك و باوکت لەو وڵاتەوەیە، تەنانەت سوکراتیش داوای کردبوو کە نەخۆش بە دەرمانی وڵاتەکەی چارەسەربکرێت، ئەم بابەتە لە ئیسلامدا زیاتر لە ڕەفتارەکانی پێغەمبەر(دخ) دەردەکەوێت، کاتێ لە مەککەی پیرۆز دەرکرا کە شوێنی لەدایکبوونی بوو، گوتی: بەخوای تۆ پیرۆزترین خاکیت، خۆشەویستترین خاکی خوایت بۆ من، ئەگەر من لێت دەرنەکرابام دەرنەدەچووم.

دووەم: ناسیۆنالیزمی ناسروشتی: بریتییە لە ناسیۆنالیزمی ئایدیۆلۆجیی سیاسی، کاتێ دەبێتە ئامرازێکی سیاسیی کلتووری بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ناشەرعی و ناپەسندەکان، ئەو ناسیۆنالیزمیەی کە ئەم جۆرە سیمایانەی تێدا بێت ڕەتدەکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە سێ حاڵەت: یەکەمیان کاتێ ناسیۆنالیزم دەبێتە ئامرازێکی کلتووری و سیاسی بۆ خۆسەپاندن بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، جیاوازیی و فرەڕەنگی و جیاوازیی ڕەنگ و زمان نیشانە گەورەکانی خوان، ڕەنگ بە لێکدانەوەی قورئان بەواتای فرەڕەنگیی لە نەتەوەو گەلاندا، جیاوازیی لە زمانەکاندا واتا جیاوازی لە زمان و دیالێکتەکاندا، هیچ ڕەگەزو زمانێك لەوی دیکە باشتر نییە، «.{وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ}، بەڵام مەترسیدارترو دوا حاڵەت ئەوەیە کاتێ ناسیۆنالیزم ببێتە ئایین لای کەسانێکی دیکە، ئەمە لە ئەوروپا دوای شۆڕشی فەرەنسی French Revolution (١٧٩٨) دەستی پێکرد، دوای ئەوەی کە شۆڕش گەیشتە لوتکە لە ڕێی بزووتنەوە ڕۆشنگەرییەکان Enlightenment Movements و پێشەنگەکانیان وەك ڤۆلتێر، بەڵام برتراند رسل ئاماژەی بۆ بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی Romanticism داوە، کە وەك پەرچەکردارێك بوو بۆ بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی، ئەم هەستە نەتەوەییە تازەیە کۆنترۆڵی هەموو ئەو هێزانەی کردبوو کە شۆڕشی ١٩٧٩یان بەرپاکرد، ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا بووە ئامرازێکی سەرکووتکردنی گەل، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕوشۆڕ، کارین ئارمسترۆنگ باس لە شۆڕشی فەرەنسا دەکات و دەڵێت: بە بەهایەکی بەرز دەستی پێکرد، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند ڕۆچووە ناو ئاژاوەو خوێنڕشتن و دڕندایەتی. کاتێ تەنیا مەیلی ناسیۆنالیزم ڕەگ لەناو خەڵکدا دادەکوتێ، ڕەنگە لە بەهای گیان و مرۆییان کەمبکاتەوە، لەوەی کە بەرزی بکاتەوە، شەڕی یەکەمی جیهانیش کۆئەنجامی تاڵی ئەم فەلسەفە ڕەگەزپەرستییەیەو لەوانەیە بزووتنەوەی نازییەت بە سەرۆکایەتیی ئەدۆلف هیتلەری ئەڵمانی و بزووتنەوەی فاشی بە سەرۆکایەتیی مۆسۆلینی ئیتاڵی باشترین نموونە بن کە ئەم ڕاستییە بەرجەستەدەکەن، هەردوو بزووتنەوەکە پەرگیربوون لە بانگەوازکردن بۆ بەچاکزانینی هەردوو ڕەگەزی ئەڵمانی و ئیتاڵی بەسەر ڕەگەزەکانی دیکەدا، هیتلەر قەناعەتی وا بوو کە جوو لەناوبەرێت، چونکە ڕەگەزی ئاری تیتۆنی لە ڕەگەزی سامی چاکترە، ساندرسۆن لە گوتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: تەنیا ڕەگەزی ئاریی مەزن توانای هەیە سەرکردایەتیی مرۆڤایەتیی بکات بەرەو ڕێگای ئازادیی ئایینی و سیاسی و ئازادیی فیکر، دیارە هیتلەر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی هیگل و Friedrich Hegel و فیچتە Johann Gottlieb Fichte، فیچتە



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە بانگەوازەکانیدا بۆ نەتەوەی ئەڵمانی دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر بە ڕەوشت بوو یان ئەڵمانی بوو یەك شتە، هیگل زیاتر پەڕگیریی دەکات و دەڵێت: تەنیا ئەڵمانییەکانن لە هەموو چوارچێوەکانی ئازادی گەیشتوون، ئەوەی ئەم فەلسەفە ڕەگەزپەرستییەی پێش ئەوانە چەسپاند ئەرستۆ بوو، کاتێ باس لە دەوڵەتی نموونەیی کرد: پێویستە هاووڵاتییەکانی هەر گریك بن، چونکە هەر ئەوانن کە زیندوێتیی گەلانی باکوورو زیرەکیی گەلانی ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێدەدەن، پاشان ئەرستۆ بەراورد دەکات لەنێوان یۆنانییەکان و گەلانی دیکەدا، ئەم بیرۆکە ڕەگەزپەرستییە لای فارسیش هەبوو، کاتێ ئەنوشیروانی شای فارس یارمەتیی سەیف بن زی یەزنی شای یەمەنی دا و لە دەست حەبەشە ڕزگاریکردن، شای فارس گوتی: فارس دەتوانن ژن لە عەرەب بهێنن، بەڵام نەك بە پێچەوانەوە، مایەی سەرنجە کە ئەم فیقهە نادروستە لای هەندێ زانایانی ئیسلام دیارە، کە نەیانهێشووە ژنخوازیی لەنێوان عەرەب و نەتەوەی دیکەدا بکرێت، چونکە ئافرەتی غەیرە عەرەب ئاستی وەك عەرەبی نییە.

دواتر ئەم بیرۆکە ڕەگەزپەرستییە هاتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە بەتایبەتیش لای فارس و تورك و عەرەبی کریستیان و هەندێ ڕۆشنبیرانی کورد، لە ئێرانیش ناسیۆنالیستەکانی فارس داوای گێڕانەوەی شارستانێتیی فارسی و ئایینی زەردەشتییان کرد، لەوانەش ئاخۆمەندزادەو میرزائاغاخان کرمیانی، لە تورکیاش لەسەردەمی عوسمانییەکان ناسیۆنالیستەکانی تورك داوای ڕەتکردنەوەی نموونەی ئاینییان کرد، هەروەها لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا لە هەموو شتێکدا، کۆمەڵەی فەتات(١٨٨٩) و ئیتحادو تەرەقی(١٨٩٩) پەیدابوون، ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستانەی دژ بە ئایین توانیان دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩٢٤ لەناوبەرن، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیاتر لە پێنج سەدە حوکمی کرد، کە نوێنەرایەتیی تاکە دەسەڵاتی ئایینی دەکرد لە جیهانی ئیسلامیدا لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەوروپادا، ئەم دەوڵەتە وەك دەوڵەتانی دیکەی نەتەوەیی ڕەگەزپەرست هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەگەر سەردانی کۆشکی سوڵتانەکان بکەیت دەبینیت شوێنی تایبەتی بۆ مەشقکردنی سوڵتانە بچووکەکان دەبینی کە بۆ فێربوونی ئەوە بوو کە چۆن حوکمی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بکەن، لە ڕاستیدا ئەو سوڵتانە بچووکانە لەجیاتی میرانی کورد لە کوردستان دادەمەزران، چونکە مرۆڤی کورد ناتوانێت ببێتە میر یان پاشا بەپێچەوانەی مرۆڤی تورك، ئەوە بوو هەر ١٨ میرنشینی کوردی لەناوبران و تورك لەجیانی میرانی کورد دانران.

شتێکی گرنگتر لە ڕووی سیاسییەوە، مامۆستا سەڵاح خالیدی داوای کرد کتێبێکی ڕێزمانی کوردی دابنێت، بەڵام ڕەتکرایەوە، گرنگترین بەندی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ئەوە بوو کە زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی لە کوردستان، بەتایبەتیش لە خوێندندا، بەڵام عوسمانییەکان ڕەتیانکردەوە و شێخ عەبدولسەلامیان لە ساڵی ١٩١٤ لەسێدارە دا، بۆیە ئەو دەوڵەتەی کە چەند سەدەیەك بە ناوی ئایینەوە حوکمیان دەکرد ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرست بوو، لەسەرەوە ئاینیان بۆ چەوساندنەوەی گەلان دەقۆستەوە، لە ناوەوەش بۆ بەتورککردن و بە عوسمانیکردن بوو لەپێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیاندا، محەمەد شەوافی نووسەری تورك دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتەکەمان چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و ڕێچکەی ئیتاڵیاو بڕووسیا بگرێت کە بوونەتە دوو دەوڵەتی نەتەوەیی، دەوڵەتمان دەبێت موسڵمانان یەکبخات لە چوارچێوەی نەتەوەی سەرتاسەریی عوسمانی، چوونە ناو عورف و شتی ناوچەیی دەوڵەتمان لەناودەبات، یەکێتیی دەوڵەت و نەتەوە لەسەر بنەمای یەکێتیی ئایینە، نەك لەسەر یەکێتیی ئیتنی، ئەو نووسەرە کەوتۆتە پارادۆکسەوە،

**فیچتە لە بانگەوازەکانیدا بۆ نەتەوەی ئەڵمانی دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر بە ڕەوشت بوو یان ئەڵمانی بوو یەك شتە، هیگل زیاتر پەڕگیریی دەکات و دەڵێت: تەنیا ئەڵمانییەکانن لە هەموو چوارچێوەکانی ئازادی گەیشتوون، ئەوەی ئەم فەلسەفە ڕەگەزپەرستییەی پێش ئەوانە چەسپاند ئەرستۆ بوو، کاتێ باس لە دەوڵەتی نموونەیی کرد: پێویستە هاووڵاتییەکانی هەر گریك بن، چونکە هەر ئەوانن کە زیندوێتیی گەلانی باکوورو زیرەکیی گەلانی ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێدەدەن**

**ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی مێژوو ئامرازێکی سرووشتی بووە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی و سیاسیی کە کورد لە ستەم و چەوسانەوە بپارێزێت، ئەوەی کە شاعیرانی کورد نووسیویانە ئەم راستییە دەسەلمێنێت، نموونەی ئەمانەش ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زیندا کە لە ١٥٩١ نووسیویەتی بەر لە شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، واتا نزیکەی سێ سەد ساڵ زووتر، دیارە شۆڕشی فەرنسا بە دیدی توێژەران سەرەتای دامەزراندنی تەنزیریی بیری ناسیۆنالیزمی ئەوروپایە**

**ئەو نەتەوانەی سەربەخۆ بوون و قەوارەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێنا پێویستیان بە قسەکردن نییە لەسەر ناسیۆنالیزم بەو ئاستەی کە نەتەوەکانی دیکە باسی دەکەن، مەبەست ئەو نەتەوانەیە کە بەدوای چارەنووسی خۆیاندا دەگەڕێن، نووسەرێک دەڵێت: دیارە کە کۆلۆنیالیزم دەوڵەتی تایبەتی بەخشی بە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک، بەڵام کورد هیچ دەوڵەتێکی پێ نەداون، هەتا ئەگەر بچووکیش بێت بە قەدەر رووبەری بەحرەین یان کوێت**

کاتێ سەرەتا بانگەشەی یەکێتیی ئیتنی دەکات، کە رێکەوتنە لەسەر ئەو دەوڵەتەی عوسمانییەکان حوکمی دەکەن، لە کۆتاییشدا داوای یەکێتیی ئایینی دەکات کە موسڵمانانی گەلانی دیکە کۆبکاتەوە.

بەڵام بەنیسبەت عەرەبەوە ئەوان زۆر پەرگیریان کردووە، وا دیارە کاریگەریی کریستیانانی عەرەب زۆر بەهێز بووە، بانگخوازانی نەتەوەیی عەرەبی کە شوێنی ئایین بگرێتەوە بریتین لە پوترس بوستانی و ناسیف یازجی و فارس شدیاق و میشێل عەفلەق و نەجیب حەدداد، لە ساڵی ١٩٠٤ نەجیب عازوری کە کریستیان بوو حزبێکی عەرەبی لەپێناو یەکێتیی عەرەبی دامەزراند، لە ١٩١٣ کۆنگرەیەك لە پاریس دەربارەی هاوبەندیی نەتەوەیی عەرەبی بەسترا شوێنی هاوبەندیی ئایینی بگرێتەوە، زۆربەی بەشداربووانیش لە کریستیانان بوون، تەنانەت موسڵمانانی عەرەبیش لەم جۆرە بیرۆکانەی رۆژوا تێوەگلان، عەلی حەسەنی خەربوتڵی لە کتێبەکەیدا (محمد والقومية العربية) دەڵێت: جێگەی سەرسامی نییە کە قورئانی پیرۆز بکەینە زیندووکەرەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، پێغەمبەریش(دخ) یەکەم پیاوە کە بە نموونەی گیانی عەرەبی دابنێین، هەندێ توێژەری عەرەبی کاتێ باسی نەتەوەی کورد دەکەن وای دادەنێن کە یەکێکە لەوانەی کاریگەر بووە بە بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی گشتیی لە ئەوروپاو نەتەوەکانی دەوروبەری، لە راستیدا وا نییە، ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەرهاویشتەکانی واقیعی خەمناکی کوردە، لە ئەنجامی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەیە کە حوکمیان کردووە، بۆیە دەبینین کە ناسیۆنالیزمی کوردی سیماو جیاووکی خۆی هەیە، گرنگترینیان:

یەکەم: ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی مێژوو ئامرازێکی سرووشتی بووە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی و سیاسیی کە کورد لە ستەم و چەوسانەوە بپارێزێت، ئەوەی کە شاعیرانی کورد نووسیویانە ئەم راستییە دەسەلمێنێت، نموونەی ئەمانەش ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زیندا کە لە ١٥٩١ نووسیویەتی بەر لە شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، واتا نزیکەی سێ سەد ساڵ زووتر، دیارە شۆڕشی فەرنسا بە دیدی توێژەران سەرەتای دامەزراندنی تەنزیریی بیری ناسیۆنالیزمی ئەوروپایە، کاتێ لاپەڕەکانی داستانی ئەحمەدی خانی هەڵدەدەینەوە ئەو دێڕە شیعرانە دەبینین کە باس لە پەرتەوازەیی نەتەوەی کورد دەکات لەنێو دەوڵەتاندا، هەروەها ئەو ستەمەی لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە لێیان دەکرێت کە ئەوکاتە حوکمڕان بوون، هاوکات باس لە پێویستیی یەکێتی و رێککەوتن دەکات لەنێو کورددا بۆ گەیشتن بە قەوارەیەکی سەربەخۆ کە نەتەوەی کورد لە هەموو کارەسات و مەینەتی بپارێزێت.

دووەم: ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی خەبات نەبۆتە ئامرازێکی کلتووری بۆ شوێنگرەوەو دژایەتیکردنی ئایین، ئایین هەمیشە شوێنێکی پیرۆزی هەبووە لەنێو کورددا بەتایبەتیش لای سەرکردەکانیان، هەموو شۆڕشەکان لەسەر هەمان رێباز بوونە، بۆ نموونە: بزووتنەوەی محەمەد پاشای رواندزی ناسراو بە میری کۆر (١٨٣٢-١٨٣٦) و میر بەدرخان (١٨٤٦-١٨٤٧) ویژدان شێر(١٨٥٣-١٨٥٥) و عوبێدوڵا نەهری (١٨٧٨-١٨٨١)وعەبدولسەلام بارزانی (١٩٠٧-١١٩١٤) وسمکۆئاغای شکاك(١٩٢١-١٩٢٢) و شێخ مەحمودی حەفید(١٩٢٢-١٩٢٤) و سەعیدی پیران(١٩٢٥)وئەحمەد بارزانی(١٩٣١) و ئیحسان نوری باشا(١٩٢٧-١٩٣٣) و قازی محەمەد (١٩٤٧) و مەلا مستەفای بارزانی (١٩٤٣).

دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی کورد بەڵگەی روونە لەسەر ئەو بابەتە، بێ گومان لەنێو کورددا رۆشنبیران هەبوون کە دەیانەویست رێڕەوەکە بگۆڕن بەرەو مەزهەبگەری و بزووتنەوەی دژ بە ئایین، بەڵام شکستیان هێنا، پاشان ئێمە باس لە رێبازی گشتیی ئەو شۆڕشانە دەکەین نەك لەسەر نموونەگەلێکی دیاریکراو لە مێژوودا.

سێیەم: ناسیۆنابیزم بە سروشتیی خۆی پێویستە ببێتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکان، قسەکردن لەسەر ناسیۆنالیزم بەنیسبەت نەتەوەکان کە قەوارەی نەتەوەیی سەربەخۆ و ئیدارەیەك بە خۆیان نەبووە، زۆر پێویستە و ئەرکیشە، چونکە رەهەندی نەتەوەیی مێژوو و کلتوورو شارستانی و داب و نەریت و زمان و نیشتمانیی هەموو قەوارەیەك دەپارێزێت، کاتێکیش ئەو رەهەندە لەق دەبێت هەموو شتێك هەرەس دەهێنێت، بە راشکاوانەتر دەڵێم واقیعی کورد ناچاری دەکات کە گرنگییەکی جیددی و پراکتیکی بەو رەهەندە نیشتمانی یان نەتەوەییە بدات، بەڵام دەستەوەسان لەدەوری هەر رەهەندێکی دیکە و بە تایبەتیش رەهەندی ئایینی لەم هەلومەرجەدا چارەنووسی کورد بەرەو نەمان و لێکهەڵوەشاندن و دابڕان دەبات، هۆکاری ئەمەش دیارە، ئەویش ئەوەیە کە رەهەندی ئایینی لە فەلسەفەکەی خۆیدا قابیلی لێکدانەوەی زۆرە، بۆیە ئیشکالییەتەکانی ئایین و مەزهەبەکان و راوبۆچوونی فیقهی رێگای نادروستن بۆ سەرهەڵدانی کێشەی زیاتر لە واقیعێکی ئاڵۆز و تاڵتردا، نەتەوەی کورد پێویستی بە ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی فرەڕەنگیی ئایینی و مەزهەبی و جیاوازیی نەتەوەیی، لە یەك قەوارەدا کە هەموو چین و توێژەکان قایل بکات، پێموایە ئەو نەتەوانەی سەربەخۆ بوون و قەوارەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێنا پێویستیان بە قسەکردن نییە لەسەر ناسیۆنالیزم بەو ئاستەی کە نەتەوەکانی دیکە باسی دەکەن، مەبەستم ئەو نەتەوانەیە کە بەدوای چارەنووسی خۆیاندا دەگەڕێن، نووسەرێك

دەڵێت: دیارە کە کۆڵۆنیالیزم دەوڵەتی تایبەتی بەخشی بە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورك، بەڵام کورد هیچ دەوڵەتێکی پێ نەداون، هەتا ئەگەر بچووکیش بێت بە قەدەر رووبەری بەحرەین یان کوێت، بۆچی ؟!

چوارەم: کورد لەو شوێنانەی تێیدا دەژین نامۆ نین، ئەوان خاوەنی خاکە راستەقینەکەن، مێژوو رەسەنێتیی ئەو نەتەوەی سەپاندووە، ئەوان کاتێ داوای دامەزراندنی قەوارە دەکەن، داوای گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراویان دەکەنەوە، کۆڵۆنیالیزم قەوارەکەی دابەشکردوون، ئەوانی بەسەر چەند دەوڵەتێکی ناسراودا دابەشکردووە، زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا ئاماژەیان بەوەکردووە کە گەلی کورد رەسەنەو شارستانییەتێکیان بنیادناوە کە بەشێك بووە لە شارستانیی ئاری Arian Civilization و بە ئیمپراتۆریەتی میدیا Meedi Empire ناسرا بوو، پایتەختەکەشی هەمەدان یان ئەکبەتان بووە.

لەگەڵ روونبوونەوەی ئەو راستییەدا دەبینین کە نووسەرێك بەمە ئامۆژگاریی کورد دەکات: بۆچی داوای دوورکەوتنەوە یان جودابوونەوە دەکەن؟ برایانتان بەتەنگەوەتانن وەك چۆن بۆ خۆیان وان، ئایا ستەمتان لێکراوە؟ سووکایەتیتان پێکراوە؟ رازی نین کە ئێوەی کەمینە یەکسانن بە زۆرینە، ئایا ئەو سەرکێشییەتان لە چییە، یەك نیشتمان، یەك ئامانج، یەك چارەنووس، ئەم جۆرە ئامۆژگاری و راسپاردانە باویان نەماوە، ئێستا ئێمە لە سەردەمی جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیاو مافی مرۆڤ و فرەیی پەرەسەندن و پێشکەوتنداین، کێشەی زۆرینەو کەمینە بەسەرچووە، دواتر ئەو قسانە تەنیا ئەوانە دەیکەن کە بە تەواوی شارەزا نین لە واقیعی کورد، لەو ستەم و چەوسانەوەی کە لەسەر دەستی دەسەڵاتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق چەشتوویانە.

پێنجەم: ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی مێژوو هۆکار نەبووە بۆ دابەشبوونی نەتەوەی ئیسلام، ئەو جیابوونەوەو لێکدابڕانەی روویانداوە هۆکارێکی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاواو بووە کە ئەو وڵاتانەی داگیرکردووە، گەلانی موسڵمانی بەسەر چەند دەوڵەتی ناسیۆنالیستی دابەشکردووە، بێ گومان کوردیش قوربانیی ئەو دابەشبوونە بووە، تاکە نەتەوەیە کە وەك گەلانی دیکەی ناوچەکە سەربەخۆ نەبووە، بۆیە هەوڵدەدەن ئەوەی کە کۆڵۆنیالیزم تێکیداوە چاکی بکەنەوە، ئەمە بەمانای دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کوردستان نییە، بۆ نموونە کورد لە کوردستانی عێراق دوای ٢٠٠٣ داوای یەکسانیی راستەقینەو شەراکەتی نیشتمانی و هاووڵاتیبوونی راستەقینەی کرد لەسایەی سیستەمێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەییدا، بەڵام دوای ١٤ ساڵ هیچ لەمانە نەهاتەدی، دەوڵەتی عێراق بوو بە دەوڵەتی ئایدیۆلۆجی کە هەڕەشە لە سیستەمی دیموکراسی دەکات، بۆیە سیستەمی فیدرالی شکستی هێنا، لەبەر ئەوە پێویستە پەنابرێتە بەر سیستەمێکی باڵاترو ژیانێکی لەبارتر لەگەڵ شەریکەکانمان لە عێراقدا، بۆیە کۆنفیدرالی چاکترین چارەسەرە تاکو وەك هاوکارو برا بمێنینەوە، چونکە مافی کوردە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەبێت وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە.

دوا وتە: لەبەر ئەوەی ئێمە بەرەو دەنگدان دەچین لە ٢٥-٩ بێ پاشگەزبوونەوە دوای ئەوەی بێئومێد بووین لە سیاسەتە ستەمکارەکانی بەغدا دەرحەق بە کوردستان، بۆیە ئێمە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی تەنیا تایبەت بە کورد دانامەزرێنین، بەڵکو دەوڵەتێکی نیشتمانی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە کوردو تورکمان و کلدۆئاشوری و ئەرمەن و عەرەب و هەموو ئەوانەی لە کوردستان نیشتەجێن، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەین هەموو پێکهاتەکان رازی بکەین کە هەست بە ئینتیما بکەن بۆ ئەم نیشتمانە، پێویستە چاو بە هەموو شتێکدا بخشێنینەوە کە مۆرکی نەتەوەیی ببەخشێت و شێوازێکی تایبەت بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو بەتایبەتیش کورد، هەر لە سروودی نیشتمانی و رۆژی نیشتمانی و ئاڵای کورد و زۆر شتی دیکە، سەرۆك مسعود بارزانی لەکاتی قسەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی کوردستان ئاماژەی بەم خاڵە گرنگە داوە، پێشنیاری کردووە کە تەنانەت چاو بە ناوی کوردستانیشدا بخشێنرێتەوە، چونکە ئەو ناوە نیشانەیەکی دیارە بەوەی کە ئەو نیشتمانە تەنیا بۆ کوردە، بێ گومان کورد زۆرینە لە کوردستان پێکدەهێنن، بەڵام پێویستە ئەو قۆناغە پۆلێنکراوە نیگەرانییە تێپەڕێنین و ئیشکالییەتی زۆرینەو کەمینە لەبیربکەین، راستەوخۆ و بێ دوودڵیی و گفتوگۆو ململانێ بچینە نێو سەردەمی راستەقینەی دەوڵەتی نیشتمانیی مەدەنی و دیموکراسییەوە، چونکە پێویستە پەندو وانە لە ئەزموونی سەرکەوتوو و شکستخواردوو وەربگرین، لە راستیدا ئامانجی سەرەکی لەم بانگەوازە ئەوەیە کە پێکەوەژیانی ئاشتییانەو برایەتیی راستەقینەی نیشتمانی بێتەدی، تاکو هەمووان هەست بە ئینتیما بۆ ئەو نیشتمانە بکەن، ئەو دەوڵەتانەی سیفەتی ناسیۆنالیزمیان هەیە نەیانتوانیوە پێکەوە ژیان لەنێو پێکهاتەکان بەدی بهێنن، بەڵکو تووشی ململانێی خوێناوی بوونە، چونکە وڵات لە پێکهاتەی جیاواز پێکدێت، ناکرێ نەتەوەیەکی دیاریکراو بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنرێت، دەوڵەتی ناسیۆنالیستی بۆ ئەو وڵاتە باشە کە یەك نەتەوەی هەبێت وەك دەوڵەتانی عەرەبی، بەڵام بۆ نموونە عێراق و تورکیا و ئێران ناکرێ دەوڵەتی ناسیۆنالیست بن، بەڵکو دەبێت نیشتمانی بن بۆ هەموو پێکهاتەکانیان.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی مێژوو هۆکار نەبووە بۆ دابەشبوونی نەتەوەی ئیسلام، ئەو جیابوونەوەو لێکدابڕانەی روویانداوە هۆکارێکی کۆڵۆنیالیزمی رۆژئاواو بووە کە ئەو وڵاتانەی داگیرکردووە، گەلانی موسڵمانی بەسەر چەند دەوڵەتی ناسیۆنالیستی دابەشکردووە، بێ گومان کوردیش قوربانیی ئەو دابەشبوونە بووە، تاکە نەتەوەیە کە وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە سەربەخۆ نەبووە، بۆیە هەوڵدەدەن ئەوەی کە کۆڵۆنیالیزم تێکیداوە چاکی بکەنەوە**

**لەبەر ئەوەی ئێمە بەرەو دەنگدان دەچین لە ٢٥-٩ بێ پاشگەزبوونەوە دوای ئەوەی بێئومێد بووین لە سیاسەتە ستەمکارەکانی بەغدا دەرحەق بە کوردستان، بۆیە ئێمە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی تەنیا تایبەت بە کورد دانامەزرێنین، بەڵکو دەوڵەتێکی نیشتمانی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە کوردو تورکمان و کلدۆئاشوری و ئەرمەن و عەرەب و هەموو ئەوانەی لە کوردستان نیشتەجێن، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەین هەموو پێکهاتەکان رازی بکەین کە هەست بە ئینتیما بکەن بۆ ئەم نیشتمانە**



**مایکڵ دێش پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی نۆتردام. پێشتر بەڕێوەبەری دامەزرێنەری پەیمانگای سکۆکرۆفت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی بووە. پێش ئەوەش توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کالیفۆرنیای باکوور، هەروەها ئەندامی دەستەی وانەبێژی لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا بووە. بۆ تاوتوێکردنی دواییـن پەرەسەندنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو تەحەددی و تەنگژانەی ڕووبەڕووی ئەم ناوچەیە بوونەتەوە، لەگەڵ چەند پرس و بابەتێکی گرنگی دیکەی پەیوەست بە ناوچەکەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە لە ئێستادا پشێوی و پاشاگەردانی باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترینی ئەو پێشهات و پەرەسەندنانە چین کە مایەی نیگەرانی زیاترن؟**

- پێموایە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی ئەمریکاوە ناکۆکی ڕوو لە هەڵکشاوی نێوان قەتەر و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی سعودیە و میسر، بەشێکن لەو پەرەسەندنە نیگەرانکارانە، چونکە ئەمە بە مانای بوونی ناکۆکییەکی گەورە دێت لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە لە دەرئەنجامدا و بە ڕاددەیەکی گەورە ئاڵۆزبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لە ناوچەکەدا لێدەکەوێتەوە.

*** پێتوایە بەپەلەترین ئەرک و بەرپرسیارێتی ئەمریکا، یان گرنگترین بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ناوچەکەیدا چین، کە پێویستە هەوڵ و کۆششەکانی لە پێناودا چڕبکاتەوە؟**

- بە باوەڕی من لە مەودای دووردا

مایکڵ دێش
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نۆتردام بۆ گوڵان:

# سیاسەتی شیعەگەرایی حکومەتەکەی مالیکی بووە دەروازەیەک بۆ سەرهەڵدانی داعش

بەپەلەترین و هەروەها قورسترین ئەرك بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستین. چونکە ئەمە ناکۆکییەکە کە ماوەیەکی زۆرە ئەمریکای سەرقاڵ کردووە، هەروەها بۆتە هۆی دابەشبونی هاوپەیمانە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە هەمان شێوە ئەمە کێشەیەکە کە بە رادەیەکی گەورە پێگەی ئەمریکا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لاواز دەکات. لە مەودای نزیکیشدا، چارەسەرکردنی کێشەی نێوان قەتەر و هەندێ وڵاتی کەنداو و میسر ئامانجێکی گرنگە بۆ ئەمریکا. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بریتییە لە چەسپاندن و بەرەودان بە دەستکەوتەکانی شەڕی دژ بە داعش، بەتایبەتی لەعێراقدا. لەکۆتاییدا، دۆزینەوەی جۆرێك لە چارەسەر بۆ شەڕی ناوخۆیی سووریا پرسێکی گرنگە بۆ ئەمریکا.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتاندا زیاتر لە جارێك ئاماژەتان بەو تەنگژەیە کرد کە لە نێوان قەتەر و هەندێ وڵاتی کەنداو و میسردا دروست بووە، ئایا دەتوانین بڵێین سوودمەندی سەرەکی لەم قەیرانە ئێرانە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە دۆخەکەیە، کە ئەمریکا لە ڕێی هەڵگرتنی زنجیرەیەك لە هەنگاوی هەڵەوە و بە رادەیەکی گەورە پێگەی ئێرانی لە ناوچەکەدا بەهێز کردووە، بۆ نموونە بە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣. من پێموایە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام- ئەگەرچی ئێمە ئەمە نیازی ئێمەش نەبووە- برەومان بە بەرژەوەندییەکانی ئێران داوە لە ناوچەکەدا.

*** کەواتە دروستە بڵێین هاوسەنگیی هێز لەم ناوچەیەدا-بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە- لە بەرژەوەندی ئێران شکاوەتەوە، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە ئێران بتوانێت پێگەیەکی باڵا بەدەست بهێنێت لە وڵاتانی وەك عێراق و سووریا و لوبناندا؟**

- من باوەڕم وانییە ئێران هێزێکی دەستڕۆیشتووی مەزن بێت، کێشەکە ئەوەیە سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی رابردوودا پتر لە بەرژەوەندیی ئێران بووە لە بری ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکات.

*** هەروەك دەزانن شەڕی داعش بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لە عێراقدا و لە دوای رزگارکردنی شاری موسڵەوە، ئەگەر ئەرکەکە لە مەودای کورتدا بریتی بێت لە**

> **ئەمریکا لە ڕێی هەڵگرتنی زنجیرەیەک لە هەنگاوی هەڵەوە و بە رادەیەکی گەورە پێگەی ئێرانی لە ناوچەکەدا بەهێز کردووە، بۆ نموونە بە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣. من پێموایە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام- ئەگەرچی ئێمە ئەمە نیازی ئێمەش نەبووە- برەومان بە بەرژەوەندییەکانی ئێران داوە لە ناوچەکەدا**

**تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە، ئایا دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و هێنانەئارای سەقامگیرییەکی درێژخایەن چی بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا ڕیشەی کێشەکە کە دەرگای بە ڕووی هاتنی داعشدا واڵا کرد بریتی بوو لە بوونی حکومەتێکی تایفەگەری لە بەغدا، کە لەو حکومەتەدا لایەنە خراپەکانی تایفەگەری و ناکارایی کۆببوونەوە. بەو پێیە پێویستە ئەمریکا لە ئایندەدا فشاری زیاتر بکات بۆ هاتنەئارای حکومەتێك کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت و بنکەیەکی نوێنەرایەتی بەرفراوانی هەبێت و، حکومەتێك بێت توانای ئەوەی هەبێت حوکمڕانی بکات لە سەرتاسەری وڵاتدا. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، کە تێکشکاندنی داعش لە موسڵدا بە مانای ئەوە نییە کە هەڕەشەی داعش لە ناو براوە، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە پەرەسەندنێکی گرنگ و ئیجابییە.

**ریشەی کێشەکە کە دەرگای بە ڕووی هاتنی داعشدا واڵا کرد بریتی بوو لە بوونی حکومەتێکی تایفەگەری لە بەغدا، کە لەو حکومەتەدا لایەنە خراپەکانی تایفەگەری و ناکارایی کۆببوونەوە. بەو پێیە پێویستە ئەمریکا لە ئایندەدا فشاری زیاتر بکات بۆ هاتنەئارای حکومەتێک کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت**

*** هەروەك دەزانن ئەرکی گەڕاندنەوەی ئاشتی و بەدیهێنانی سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە عێراقدا، کە ئێوە گرێتاندایەوە بە پێکهێنانی حکومەتێکی کارا و دوور لە تایفەگەری، سەخت و دژوارە، ئایا پێتوایە ئەمە پێویستی بە مانەوەی هێزێکی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا دەکات؟**

- نەخێر، من باوەڕم وانییە. چونکە دروستکردنی حکومەتێکی کارا ئەرك و ئامانجێکە کە دەبێت لەلایەن خودی خەڵکی عێراقەوە بەدیبهێنرێت. هەروەها تاوەکو ئەمریکا زیاتر لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە خاوتر ئەنجام دەدرێت. ئەمریکا دەتوانێت پشتیوانی دەستەبەر بکات بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کارا لە عێراقدا، بەڵام پێموانییە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هاوکار و یارمەتیدەر بێت و لە ڕاستیدا ڕەنگە دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە.

*** ئێوە تا چەند گەشبینن بەوەی خەڵکی عێراق بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە حکومەتە؟ چونکە ئەزموونەکانی چەند ساڵی ڕابردوو سەرکەوتوو نەبوون لەم ڕووەوە و لە ئێستادا بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە لە نێوان شیعە و سوننە لەلایەك و هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لەلایەکی دیکەوە؟**

- لە ڕاستیدا من گەشبین نیم، چونکە بارودۆخەکە- هەروەك ئێوە بە دروستی گوزارشتان لێکرد- زۆر دژوارە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، قەناعەتم وایە ئامادەبوونێکی بەردەوامی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا، هاوکار و یارمەتیدەر نابێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە. لە کۆتاییدا چارەسەری کارا ئەو چارەسەرەیە کە لەلایەن خودی خەڵکی عێراقەوە دادەڕێژرێت و گەڵاڵە دەکرێت. من قەناعەتم بەوە نییە کە ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام قەناعەتێکی تەواوم هەیە کە تاوەکو ئەمریکا زیاتر لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای چارەسەرێکی لەم چەشنە کەمتر دەبێتەوە.

*** ئەی تێڕوانین و پێشبینییەکانتان چین لەبارەی ئەگەری دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆوە، پێتوایە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی چی دەبن؟**

- دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ لەوانەیە کۆمەڵێك کێشە بەدوای خۆیدا بێنێت، لەبەر ئەوەی ئێران و تورکیاش زۆر نیگەران دەبن لەو بارەیەوە، و بە هۆکاری ناسەقامگیری وڵاتەکانیانی دەزانن. من لە خەون و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد تێدەگەم، بەڵام هەل و مەرجە واقیعییەکە بە چەشنێکی دیکەیە.

*** هەروەك دەزانن ئەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت دۆخێکی بێ ئەندازە ئاڵۆزە، کە لە ئێستادا هەموو هەوڵەکانی لە دروستکردنی چەند ناوچەیەدا چڕکراونەتەوە کە تێیاندا بتوانرێت ڕێگری لە هەڵکشانی زیاتری دۆخەکە بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری هاتنەئارای جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان هێزە گەورە و کاریگەرەکاندا چین، بەتایبەتی لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا؟**

- پێموایە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا دژوارتر بووە، ئەوەش بە ئاسانی ناڕەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا پەیوەندی سیاسیی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا بۆتە پرسێکی ناوخۆیی گرنگ لە ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە دۆناڵد ترەمپ بایەخی بەوە داوە کە ڕێککەوتنێك لەبارەی سووریاوە بێتەئاراوە، ئەویش لەسەر دوو

**چارەسەرکردنی کێشەی نێوان قەتەر و هەندێ وڵاتی کەنداو و میسر ئامانجێکی گرنگە بۆ ئەمریکا. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بریتییە لە چەسپاندن و برەودان بە دەستکەوتەکانی شەڕی دژ بە داعش، بەتایبەتی لەعێراقدا. لەکۆتاییدا، دۆزینەوەی جۆرێک لە چارەسەر بۆ شەڕی ناوخۆیی سووریا پرسێکی گرنگە بۆ ئەمریکا**

بنەما، یەکەمیان ئەوەیە کە هێزی سەربازیی رووسیا و ئەمریکا لە سووریادا نەکەونە باری رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆوە، دووەمیان بریتییە لە خواستی تێکشکاندنی یەکجارەکی داعش، ئەگەر ئەمە مومکین بوو. کەواتە ئێمە بەردەوامبوونی هەوڵەکان بەدی دەکەین بۆ ئەوەی ئەم رووبەڕووبوونەوە سەربازییە راستەوخۆیە روونەدات. ئەمریکا بە نابەدڵییەوە ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە بوونی رووسیا لە سووریادا بۆتە واقیعێکی بەردەوام لە سووریا، بە گوزارشتێکی دیکە، ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئەسەد بڕووخێندرێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە لەگەڵ داکشانی قەڵەمڕەویی داعش لە سووریادا، ئەوا رۆژهەڵاتی سووریا دەبێتە گۆڕەپانی رکابەرییەکی جیوپۆلەتیکی کە هێزە جیهانییەکان و ئیقلیمییەکانیش هەوڵدەدەن دەستڕۆیشتوویی خۆیان لەم ناوچەیەدا بچەسپێنن، تا چەند لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

- پێموایە روودانی ئەم رکابەرییە شتێکی حەتمییە. هەروەها دۆخەکە خۆی لە خۆیدا ئاڵۆزە، کە بوونی کورد و عەرەبی سوننە دەبنە هۆی ئاڵۆزترکردنی ناکۆکییەکە لەگەڵ رژێمی ئەسەد لە دیمەشقدا. بە هەمان شێوە کاراکتەر و گەمەکاری ئیقلیمیش هەن، وەك ئیسرائیل و تورکیا و ئێران کە بەرژەوەندی دژبەیەکیان هەیە لەو وڵاتەدا. لەبەر ئەوە من پێشبینی دەکەم کە دۆخی ئاڵۆزی سووریا بەردەوام بێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتی تورکیا کرد، ئایا تورکیا تا چەند دەتوانێت لەسەر رەوتی رووداوەکانی سووریا کاریگەر بێت؟**

- لە رووی مەبدەئییەوە تورکیا دەتوانێت کاری زۆر ئەنجام بدات، بەڵام ئەو فاکتەرەی هەوڵەکانی تورکیای ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە کە تورکیا زۆر نیگەرانە لە هەڵکشانی رۆڵی کوردی سووریا، کە هەمان ئەو نیگەرانییەشی هەیە لەبارەی سەربەخۆبوونی کوردەوە لە عێراقدا. لەبەر ئەوە ناکرێت وەك هێزێکی سەقامگیرکار لە سووریادا پشت بە تورکیا ببەسترێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە رۆڵ و سیاسەتی هێزە ئیقلیمییەکان ئاشکرایە لە ئێستادا رکابەرییەکی توند لە نێوان ئێران و سعودیەدا لەئارادایە، ئایا پێشبینییەکانت بۆ دەرهاویشتەی ئەم رکابەرییە چییە، ئایا سەردەکێشێت بۆ پێکدادان و روبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ یاخود دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئاشتەواییەك لە نێوانیاندا بەدی دێت؟**

- من باوەڕم بەوە نییە کە ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بێتەدی، لە هەمان کاتدا باوەڕیشم بەوە نییە کە ئێران و سعودیە بکەونە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ یەکتردا. سعودیە نیگەرانە لەبارەی دانیشتوانی شیعەی رۆژهەڵاتی وڵاتەکەی، لەگەڵ کاریگەریی هەڵکشاوی ئێران لە نێو وڵاتانی دیکەی کەنداو، کە هەوڵدەدات ئەوەندەی دەکرێت ئیحتیوای بکات، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئێران و سعودیەدا لە بەرژەوەندیی سعودییە نابێت و، بگرە مەترسیدار دەبێت بۆ ئەو وڵاتە. لەبەر ئەوە پێم وایە هەوڵدەدات کە رووداوەکان بەو ئەندازەیە لە کۆنترۆڵ دەرنەچن.

*** باشە ئەی پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران و چین، کە ئێمە دەبیین ئیدارەی ترەمپ هەوڵدەدات سیاسەتێکی توندتر لە ئاست ئێراندا بگرێتەبەر، ئایا دەکرێت پێشبینی روودانی رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و ئێران بکەین، یاخود لێکنزیکبوونەوە لە نێوانیاندا روودەدات؟**

- لە نێو ئیدارەی ترەمپدا دابەشبوون هەیە لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا، هەروەها لەنێو رای گشتی ئەمریکاشدا تێڕوانینی تێکەڵ هەیە لەبارەی ئێرانەوە. من باوەڕم وانییە بەم نزیکانە پەیوەندییەکانی نێوانیان —ئەمریکا و ئێران- بەرەوپێشبچێت و باشتر بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێموایە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە شەڕی دژ بە داعش لە عێراق و تا رادەیەك لە سوریادا ناکۆك بە یەك نین.

*** ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆکان چین کە چاوەڕێی ئەم ناوچەیە دەکەن؟**

- لە راستیدا باشترین و خراپترین سیناریۆ هەر هەمان شتن، واتە دەبێت چاوەڕێی بەردەوامبوون و درێژەکێشانی ناکۆکی ناوخۆیی بکەین کە دەرئەنجامی دەوڵەتی لاواز و دەستکردی ناوچەکەن.

**بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ئەمریکا و رووسیا دژوارتر بووە، ئەوەش بە ئاسانی ناڕەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا پەیوەندی سیاسیی نێوان ئەمریکا و رووسیا بۆتە پرسێکی ناوخۆیی گرنگ لە ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە دۆناڵد بایەخی بەوە داوە کە رێککەوتنێک لەبارەی سووریاوە بێتەئاراوە، ئەویش لەسەر دوو بنەما، یەکەمیان ئەوەیە کە هێزی سەربازیی رووسیا و ئەمریکا لە سووریادا نەکەونە باری رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆوە، دووەمیان بریتییە لە خواستی تێکشکاندنی یەکجارەکی داعش، ئەگەر ئەمە مومکین بوو**

**دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ لەوانەیە کۆمەڵێک کێشە بەدوای خۆیدا بێنێت، لەبەر ئەوەی ئێران و تورکیاش زۆر نیگەران دەبن لەو بارەیەوە، بە هۆکاری ناسەقامگیری وڵاتەکانیانی دەزانن. من لە خەون و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد تێدەگەم، بەڵام هەل و مەرجە واقیعییەکە بە چەشنێکی دیکەیە**

دیپاک گوپتا پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# گەورەترین کێشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێزە

**دیپاك گوپتا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە (San Diego State University) بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە. بە شێوەیەکی سەرەکی توێژینەوە لە چەند بوارێکی گرنگدا دەکات، وەك هۆکارەکانی تیرۆریزم، ناکۆکیی ئیتنی و کاریگەری ناسەقامگیری سیاسی لەسەر گەشەکردنی ئابووری. بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو ناسەقامگیری و نائارامییەی لەم ناوچەیەدا لەئارادایە، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی دیکە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەیی هەیە لە هیندستاندا. لەبەر ئەمانە و بەهۆی تەرکیزی هیندستان لەسەر پەروەردە و بایەخدان بە مەعریفە هیندستان سەرکەوتوو بووە لەسەر شانۆی جیهانی**

*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر ئەم ناوچەیە دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا و بە لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجی ناوچەکە، ئەوا زەحمەتە ئیدارەی ترەمپ، -ئەمە بۆ ئیدارەی ئۆباماش ڕاست بوو- بتوانێت پەرە بە سیاسەتێکی لۆژیکی و تۆکمە بدات لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە چەندین کێشە هەن لە ناوچەکەدا، وەك کێشەی تایفەگەری، کێشەی تورکیا، ئایا لە دژی ئێمە کاردەکات، یان لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین پەرە بە سیاسەتێکی گشتگیر و تۆکمە بدەین. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئێمە کۆمەڵێك ئامانجی سەرەکی و بەربڵاوی سیاسەتی دەرەوە بخەینە لاوە، وەك خولادان لە کوشتنی خەڵکانی مەدەنی و پاراستنی مافی کەمینەکان و پەرەپێدانی دیموکراسی، کە ئەمانە ئامانجی بەربڵاوی سیاسەتی دەرەوەن، بەڵام هەمیشە ئەم پرسانە دووچاری بەریەك کەوتن دەبنەوە لەگەڵ ئەوەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەگوزەرێت. ئایا ئێمە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا ببەستین، یان لەگەڵ بەحرەین، یان لەگەڵ سعودیە؟ لەلایەکی دیکەوە پێناچێت دۆناڵد ترەمپ بایەخ بەوە بدات پەند و ئەزموون لە مێژووە وەربگرێت، لەبەر ئەوە سەختە بزانین سیاسەتی دەرەوەی بە چ شێوەیەك دەبێت. لەلایەکی دیکەوە هێشتا لە ناوخۆدا تیمی سیاسەتی دەرەوە تەواو نەکراوە، واتە هێشتا —لە نێو وەزارەتی دەرەوەدا- چەندین پۆست بە بەتاڵی ماونەتەوە. کەواتە کەلێنی گەورە بەدی دەکەین لە تێگەیشتن لەوەی لەسەر ئەرزی واقیع و لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، لەبەر ئەوە بۆشاییەك هەیە لە



بواری سیاسەتی دەرەوە و بە چەشنی فڕۆکەیەکە کە بە بێ ئەوەی ئاڕاستەکەی دیاربێت، دەفڕێت.

*** باشە کاریگەریی ئەو بۆشاییەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چی دەبێت لەسەر ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە پشێوی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- لە راستیدا بۆ ماوەیەکی زۆر ئەمریکا بە بێ پلانێکی گشتگیر و هەمەلایەن کاری کردووە، ئەوەی زیاتر من نیگەران دەکات، ئەگەری قووڵبونەوەی ئەو قەیرانانەیە کە لە ناوچەکەدا لەئارادان. ئایا تورکیا چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ مەبەستم ئەوەیە بە چاوپۆشین لەوەی ئەمریکا چ سیاسەتێك دەگرێتەبەر، ئایا ئەردۆغان چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت؟ ئەی سعودیە چۆن هەنگاو دەنێت؟ ئەمانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ جووڵە و بزاوت دەکەن کە ئەمریکا کۆنترۆڵێکی کەمی هەیە بەسەریانەوە. ئەوەی پەیوەندی بە شەڕی دژ بە داعشیشەوە هەبێت، ئەوا دیارە لە رووی سەربازییەوە داعش لە تێکشکاندایە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چارەنووسی هێزێکی وەك پێشمەرگە چی دەبێت؟ ئایا هێزەکانی دیکەی ناوچەکە چ کاردانەوەیەکیان دەبێت؟ بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە سیاسەتێکی لۆژیکی و تۆکمە بەدی ناکەم لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، کە ئێمە لەلایەکەوە کارمەندی پێویستمان نییە بۆ تێگەیشتن لە واقیعەکە، لەلایەکی دیکەوە من هەر ئەگەری گەڵاڵەبوونی سیاسەتێکی لەم چەشنە بەدی ناکەم. لەم روانگەیەوە من دەڵێم ئێمە تەنیا کاروبارەکان بەڕێ دەکەین، بە بێ ئەوەی سەرمەشقێکمان هەبێت و ئاڕاستەی هەنگاوەکانمان دیاری بکەین، کە ترسی ئەوەم هەیە-هەرچەندە هیوادارم کە ئەمە روونەدات- ئەمە ببێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەکە. چونکە دەبینین ئەوەتا ئەسەد جڵەو نەکراوەو لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، ئێرانیش بەردەوامی بە کار و سیاسەتەکانی خۆی دەدات و لەو باوەڕەدانیم ئەمریکا بتوانێت تاکلایەنە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە. هەروەها پێدەچێت حکومەتی ئێستای عێراقیش هەوڵی جێگیرکردنی پێگەی خۆی بدات، بە چەشنی ئەوەی ئەردۆغان دەسەڵاتی خۆی چەسپاندووە. کە من نیگەرانم لەوەی بارودۆخەکە بگەڕێتەوە ئەو رۆژگارەی کە پێش بەهاری عەرەبی لە ئارادا بوو.

*** لە کۆتایی وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان بە بەهاری عەرەبی کرد، کە نووسینیشتان هەیە لەم بارەیەوە، بۆچی بەهاری عەرەبی نەیتوانی سەقامگیری و ئاڵوگۆڕێکی ئاشتییانە بەدوای خۆیدا بهێنێت؟**

**ئەگەر لە بەرهەمە سینەماییەکانی بۆلیود بڕوانن، ئەوا دەبینن سەرجەمیان باس لە خۆشەویستی نێوان هیندۆس و موسڵمان دەکەن و هەرگیز کەسێکی موسڵمان وەک شەڕانگێز پیشان نادەن تەنیا لەبەر ئەوەی موسڵمانە**

**ئەگەر ئێوە وڵاتی خۆتان دروست بکەن، دەبێت خۆتان بۆ ئەگەر و تەحەددداکان ئامادەبکەن، لێرەشدا گرنگی بوونی ناسنامەی نەتەوەی دێتە پێشەوە، چونکە ئەگەر ئەم ناسنامەیە هەبوو، ئەوا دەتوانین دەست بە بنیادنانی دیموکراسی بکەین**

- لە راستیدا ئەگەر لە بەهاری عەرەبی بڕوانین، ئەوا جگە لە تونس لە چ وڵاتێکدا کەمترین جیاوازی هێناوەتەئاراوە؟ بەپێچەوانەوە هەموو وڵاتانی ناوچەکە رەوشەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ دواوە. کەواتە تەنانەت ئەوانەی لە نێو ئیدارەی ئۆباماشدا کاریان دەکرد، متمانەیان بە پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ — لەم ناوچەیەدا- لەدەست دەدا. لە راستیدا دیموکراسی مەسەلەیەك نییە بتوانیت خەڵکی پێوە پابەند بکەیت بە چەشنێك هەڵبژاردنێك رێکبخەیت و خەڵکی ریزبگرن و پەنجەیان لە مەرەکەبی مۆر هەڵکێشن و ئیدی بتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە دیموکراسی لەئارادایە. چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دواتر چی روودەدات؟ لەبەر ئەوەی سەرجەم حزبە بەشداربووەکان هەوڵدەدەن دیموکراسی لاواز بکەن، چونکە دەیانەوێت هەموو ئاستەکانی دەسەڵات خزمەت بەوان بکات، ئیدی دادوەرەکان بن، یان دەستووری وڵاتەکە بێت. تۆ بڕوانە ئەزموونی ئیخوان لە میسر، کە راستەوخۆ دوای گرتنەدەستی دەسەڵات ویستیان دیموکراسی لەبار ببەن. کەوابێت ئەم مەسەلانە لە دەرەوەی توانای هەر ئیدارەیەکی ئەمریکاوەن.

*** لەم چەند رۆژانەی رابردوودا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا راپۆرتی پەیوەست بە کەمینە ئایینییەکانی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە پاراستنی ئەو کەمینانە دەبنە ئەولەوییەتی پەیوەست بە پرسی مافەکانی مرۆڤەوە لەلای ئیدارەی ترەمپ، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا پشتیوانییەکی گەورە هەیە لە کەمینەکان، مەبەستم ئەوەیە لەسەر ئاستی گوفتارو گوتار گوزارشت لە پشتیوانییەکی گەورە دەکرێت لە ئێزیدییەکان و لە مەسیحییەکان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەمینەکانی کێن و چین؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوانەی لە ئەمریکان تێدەگەن کە کەمینەی دیکە هەن لە ناوچەکەدا؟ ئایا لە دابەشبوونی شیعە و سوننە تێدەگەن؟ ئایا تێدەگەن کە کەمینەی دیکەی وەك کورد هەن؟ ئەی چی دەربارەی عەلەوییەکان دەزانن؟ خۆ ئەوانیش کەمینەن. کەواتە ناکرێت لە سیاقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس لە کەمینە بکەیت، بۆ نموونە ئەگەر باسی شیعە بکەیت، ئەوا لە وڵاتێکی وەك بەحرەیندا زۆرینەن کە لەلایەن سوننەوە دەچەوسێندرێنەوە، بەڵام لە سعودیە شیعەکان کەمینەن، لە کاتێکدا لە عێراقدا سوننەکان ناڕازین. کەواتە زۆر زەحمەتە بتوانین پێناسەی ئەوە بکەین ئایا کەمینەکان چین، ئایا عەلەوییەکان لە سووریادا کەمینەن؟ لە رووی تیۆرییەوە بەڵێ، بەڵام ئایا تا چەند وەسفکردنیان بەم شێوەیە سوودی هەیە؟

**ناسنامەی نەتەوەیی ئەوەیە کە کەسێکی عێراقی بڵێ من عێراقییەکی شیعەم، نەک ئێرانی. بەڵام پێدەچێت شانازیکردن بە عێراقیبوون یان سووریبوون چیتر لە ئارادا نەمابێت، ئەمەش بەلای منەوە گەورەترین کێشەیە**

*** ئێمە دەزانین ئەم ناوچەیە بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژە پشێوی و تەنگژە باڵادەستە بەسەریدا، بەم دواییەش گروپە تیرۆریستییەکان دەستیان دایە وێرانکاری و کوشتارێکی بەربڵاو، ئێوە چ شرۆڤەیەکتان بۆ ئەم رەوشە هەیە؟**

- من لە بنەڕەتدا خەڵکی هیندستانم و دەزانم هەڵنان و هاندانی خەڵك بە ناوی ئایینەوە چی لێدەکەوێتەوە. رۆژی ١٥ی ئاب رۆژی سەربەخۆیی هیندستان بوو، کە لەم وڵاتەدا نزیکەی ٢ ملیۆن کەس کوژران لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا بە ناوی ئایینەوە. جێی دڵتەنگییە کاتێك سیستمی سیاسیی ناوچەکە تێکدەشکێت، دەبینیت ناسنامەی تایفەگەری جێی دەگرێتەوە، دواتر ناسنامەی خێڵەکی و ئینجا ئیتنی جێی دەگرنەوە، واتە ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتگیر بوونی نییە. ئایا عێراقییەکان سەرەتا خۆیان بە عێراقی دەزانن ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا هەستێکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەیی بوونی هەیە، واتە راستە جیاوازی هەیە، بەڵام هەمووومان خۆمان بە ئەمریکی دەزانین. هەروەها لە وڵاتە سەقامگیرەکانیشدا بوونی ئەم ناسنامە نەتەوەییە دەبینین. بەڵام بەهۆی هۆکارە مێژووییەکانەوە زەحمەت بووە گەلانی ناوچەکە بتوانن پەرە بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی بدەن. ناسنامەی نەتەوەیی ئەوەیە کە کەسێکی عێراقی بڵێ من عێراقییەکی شیعەم، نەك ئێرانی. بەڵام پێدەچێت شانازیکردن بە عێراقیبوون یان سووریبوون چیتر لە ئارادا نەمابێت، ئەمەش بەلای منەوە گەورەترین کێشەیە.

**جێی دڵتەنگییە کاتێک سیستمی سیاسیی ناوچەکە تێکدەشکێت، دەبینیت ناسنامەی تایفەگەری جێی دەگرێتەوە، دواتر ناسنامەی خێڵەکی و ئینجا ئیتنی جێی دەگرنەوە، واتە ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتگیر بوونی نییە**

*** هەروەك دەزانن هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە، وەك عێراق و سووریا بەدەست دابەشبوونێکی قووڵەوە گرفتارن، هەروەها پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتانە، بەتایبەتی لە عێراقدا بریتییە لە گومان و بێ متمانەیی، بە چەشنێك ئێستا کورد پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە تاکە رێگاچارەی**

**بەردەمی بریتییە لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە عێراقدا، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- رەنگە لە بیرتان بێت کە چەند ساڵێك پێش ئێستا جۆ بایدن باسی لەوە کرد کە پێویستە عێراق بۆ سێ بەش دابەش بێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نابێت. تۆ بڕوانە لە ئێستادا چین و هیندستان نزیك بوو لەوەی شەڕ هەڵبگیرسێت لە نێوانیاندا بەهۆی ئەوەی چین داوای خاوەندارێتی خاکێکی دەکرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێشتر بەشێك بووە لە سنووری سیاسیی وڵاتەکەی. کەواتە ئێوە پرسیارێکم لێدەکەن کە بەداخەوە من وەڵامێکی ئاسانم نییە بۆی. راستە من هاوسۆزم و من هەندێ مێژووم خوێندۆتەوە لەبارەی ئەوەی چی بەسەر کورددا هاتووە و چۆن بە باشی بەشێکی خاکی وڵاتەکەیان بەڕێوەبردووە و تا چەند دەتوانن گەشەکردن بەدەست بهێنن ئەگەر بێتو سەربەخۆ بن، بەڵام من نازانم شێوەی حکومەت و شێوەی وڵاتەکەیان چۆن دەبێت. هەروەها ئەگەر ئێوە وڵاتی خۆتان دروست بکەن، دەبێت خۆتان بۆ ئەگەر و تەحەددداکان ئامادەبکەن، لێرەدا گرنگی بوونی ناسنامەی نەتەوەی دێتەپێشەوە، چونکە ئەگەر ئەم ناسنامەیە هەبوو، ئەوا دەتوانین دەست بە بنیادنانی دیموکراسی بکەین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو ئەوا دەبێت ئەمە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بێت.

*** کێشەیەکی دیکەی ئەم ناوچەیە بریتییە لە رکابەریی نێوان شیعە و سوننە، چۆن لەم پرسە دەڕوانیت و ئایا پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ رووداوەکانی کەربەلا، ئیتر چۆن چاوەڕوان دەکەن وا بە ئاسانی ریشەکێش بکرێت؟ من هیچ بیرۆکەیەکم نییە لەم بارەیەوە، ئەمە کێشەیەکە کەس ناتوانێت پێشبینی بکات، یان چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر چارەسەرێك بۆ ئەم پرسە بخرێتەڕوو، دەبێت لە نێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە سەرچاوە بگرێت.

*** لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا خەڵکی هیندستانن، دەمانەوێت بپرسین بۆچی وەك دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو ئاماژە بە هیندستان دەکرێت و لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت ئەم وڵاتە هێزێکی هەڵکشاوە، ئایا پێشبینی دەکەن چ رۆڵێکی هەبێت لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی لە ئایندەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە زۆر خۆشحاڵم ئەم پرسیارە لە من دەکەن. ئینجا با بێینەسەر ئەوەی بۆچی هیندستان وڵاتێکی دیموکراسییە، لە راستیدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی ئەم وڵاتە کە باوەڕیان بە دیموکراسیەتێکی عەلمانی هەبوو، واتە بەهۆی سەرکردایەتی مۆراڵی (نەهرۆ و گاندی)یەوە کە پێداگیرییان لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت عەلمانییەت و جیاکردنەوەی ئایین لە حکومەت هەبێت. ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە کە سەرجەم سەرکردەکانی دواتر- جگە لە ئەندێرا گاندی- هەموویان باوەڕیان بە دیموکراسی هەبوو. دواتر ئەگەر ئێوە لە بەرهەمە سینەماییەکانی بۆلیود بڕوانن، ئەوا دەبینن سەرجەمیان باس لە خۆشەویستی نێوان هیندۆس و موسڵمان دەکەن و هەرگیز بۆ یەك جاریش کەسێکی موسڵمان وەك شەڕانگێز پیشان نادەن تەنیا لەبەر ئەوەی موسڵمانە. هەروەها سەرجەم خەڵکی دەست بە گریان دەکەن کاتێك گوێیان لەو گۆرانییانە دەبێت کە پەیوەستن بە خۆشەویستی نێوان هیندۆس و موسڵمان و لە نێوان ئەندامانی چینی باڵا و چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی هیندستاندان، کەواتە سەرکەوتنەکە پەیوەستە بەمانەوە. لەلایەکی دیکەوە و لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا سەرکردەکان کارێکیان کرد کە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات مومکین بێت. هەروەها لە هیندستاندا پەروەردەکردنی خەڵك بە چەشنێکە کە خۆیان داکۆکی لە دیموکراسی دەکەن. دواتر ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەیی هەیە لە هیندستاندا. لەبەر ئەمانە و بەهۆی تەرکیزی هیندستان لەسەر پەروەردە و بایەخدان بە مەعریفە هیندستان سەرکەوتوو بووە لەسەر شانۆی جیهانی، هەموو ئەمانەش بۆتەهۆی ئەوەی هیندستان ببێتە هێزێکی هەڵکشاو. دواتر هیندستان وڵاتێکی گەورەیە و پشت بە بەشەکانی دیکەی جیهان نابەستێت بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری، چونکە بازاڕێکی زۆر گەورەی هەیەو دەتوانێت سەرجەم کاڵاکانی لە بازاڕەکانی خۆیدا ساغ بکاتەوە. هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەبووە، بەڵام من هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی هیندستان بۆ سەرکردایەتییەکەی دەگەڕێنمەوە.

**پشتیوانییەکی گەورە هەیە لە کەمینەکان، مەبەستم ئەوەیە لەسەر ئاستی گوفتارو گوتار گوزارشت لە پشتیوانییەکی گەورە دەکرێت لە ئێزیدییەکان و لە مەسیحییەکان**

**سەرجەم حزبە بەشداربووەکان هەوڵدەدەن دیموکراسی لاواز بکەن، چونکە دەیانەوێت هەموو ئاستەکانی دەسەڵات خزمەت بەوان بکات، ئیدی دادوەرەکان بن، یان دەستووری وڵاتەکە بێت**

**ئێران بەردەوامی بە کار و سیاسەتەکانی خۆی دەدات و لەو باوەڕەدانیم ئەمریکا بتوانێت تاکلایەنە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە. هەروەها پێدەچێت حکومەتی ئێستای عێراقیش هەوڵی جێگیرکردنی پێگەی خۆی بدات**